# چرکە

## گۆڤاڕێکی هەستیاری کلتوری و سیاسییە

ژمارە ١٣ / تشرینی یەکەم / ٢٠٠٨

**خاوەن ئیمتیاز:**
کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

**سەرنوسەر:**
محەمەد فەریق

**بەڕێوەبەری نووسین:**
هیدایەت سالح

**دیزاینی بەرگ:**
هوشنگ عمر

**دیزاین:**
نێچیروان فەرزەندە پیرانی



**ناونیشان:**
نوسینگەی هەولێر
برایەتی 40 مەتری (0662568812)
نوسینگەی سلێمانی (07701386146)
نوسینگەی دهۆکتەنیشت هۆتێلی هەلال (07507495444)
E–mail : cherka_mag@yahoo.com



چاپخانەی کوردستان
(07701532640)



| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداری سیاسی ئافرەتبنەمایەکەبۆ دیموکراسی |
| ٣ | چۆن رۆژنامەنوسێك بین لەبەرەی نیشتیمانین... |
| ٥ | COPY / PASTE |
| ٦ | «لە کوردستاندا حزبێك نییە بە ناویموعارەزە. حزبەکانی ئێمە نە موعارەزەن ولە دەسەڵاتیشدان» |
| ٩ | پارتی ئەبەد پارچە پارچەیی بەخۆیەوە نابینێ |
| ١٢ | کورد دەوری خۆی کەم کردۆتەوە هەر بۆ ئەوەی ئیشەکە بروات |
| ١٣ | چرکە پەیوەندی نێوان یەکگرتووی وحزبی دادو گەشەپێدانی تورکیا بڵاو دەکاتەوە |
| ١٦ | دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا چەندن و چۆن کاردەکەن.؟ |
| ١٩ | ناکارایی پەرلەمان و کاریگەری لەسەر ئیش و کارەکانی حکومەت |
| ٢٢ | یەکێتی نوسەران دوکانێکی ئاشکرای مەزەو بیرەیە: |
| ٢٨ | موساد مەشق بە هێزە سەربازییەکانی کەنداو دەکات |
| ٣٠ | ئێمە ڕاشکاوانە پیمان وتون کە هەموو ڕێگەیەکی یاسای دە گرینە بەر بۆ ئەوەی ئەو دەستورە عەلمانیەی کوردستان سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت |
| ٣٢ | لەوانەیە گۆڕانی ستراتیژی ئەمریکا لە عێراق دۆخێکی وا بێنێتە ئاراوە، کە کورد ئەگەر جەسوورانە گەمەی سیاسەت نەکات رەنگە پەراوێز بخرێت |
| ٣٤ | پاش قڵپبوونەوەی تاوەرەکان |
| ٣٥ | پایتەختی روشنبیران بۆ؟؟ |
| ٣٦ | خەریکە کوردستان دەبێتە بنکەیەك بۆ تەراتێنی لەشفرۆش و سەرۆك باندەکان |
| ٣٨ | کەناڵە فەزایەکانی هەولێر هۆکارن بۆ لاواز بوونی درامای کوردی |
| ٤١ | هیچ لەو رۆژنامانەی کە ئێستا هەن خاوەن پەیامێکی جێگیرنین |
| ٤٤ | شۆڤینیەکانی عیراق نەک نایانەوێت دۆزی کوردستان چارەسەربکرێت بەڵکو گەر هێزیان هەبێت هەبوونی کوردستانیشیان قبول نیە |
| ٤٦ | «فۆربس» سەد ئافرەتی بەهێزی دونیا لە سالی ٢٠٠٨ بلاودەکاتەوە... |
| ٤٧ | لادانی کۆمەڵایەتی |
| ٤٨ | ئاساییە کە وەزیری رۆشنبیری تیرۆرستە |

# بەشداری سیاسی ئافرەت بنەمایەکە بۆ دیموکراسی



کالی فەقی وسو

زۆر دەکەوێتە بەرگوێمان کە ئافرەتان نیوەی کۆمەڵگان وپێویستە بە یەکسانی تەماشای ماف و ئەرکەکانیان بکرێتونابێت جیاوازی هەبێت لەنێوان ژنان وپیاوان.هەرچەندە تا ئێستا زۆر کۆر وسیمینار وبڵاوکراوەی جۆر بە جۆرمان بینیوە وبیستووە کەهەوڵ دەدرێ یەکسانی پەیرەو بکرێت و هەر وەکو ئەم رێکخراو ودام ودەزگایانەی کە بە ناوی ژنان وئافرەتان و بە قسەی خۆیان بۆ گەشە کردنی ئافرەت لە گشت بوارەکاندا وهۆشیاری کۆمەڵگا لە مەڕپرسی ئافرەت ئیش دەکەن.بەڵام تا ئەمرۆ کێ هەیە ئەم یەکسانی و بێ جیاوازییەی بەواتای راستە قینە بینیبێ ؟؟ کامە لایەن هەیە بە عەمەلی وشێوەی ئەکتیف هەوڵی بۆ دابێت ؟؟

هەرچەندە بەشداری ئافرەت ودۆزی ئافرەتان لە زۆربەی کۆمەڵگانی مرۆڤایەتی ،بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی سیاسی ئابوری وکۆمەلایەتی دادەنرێت ولە وڵاتە پێشکەوتوەکان، ئافرەت تا ڕادەیەکی زۆر هەلی بۆ رەخساوە کە بەشداری گشت کایەکانی وڵاتەکەی بکات بەڵام لە کۆمەڵگای و وڵاتانی کە تازە دەیانەوێ بەرەو پێشکەوتن ودیموکراسی هەنگاو هەڵگرن وەکو کۆمەڵگای کوردەواری خۆمان ،هێشتا پرسی ئافرەت وبەشداری سیاسی وچالاکییەکانی لە ئاستێکی زۆر نزم دایە. مەرجی سەرەکی بۆ هاتنەکایەی پێشکەوتن و گەشە سەندن وچەسپاندنی دیموکراسی وبنەمایەکانی یەکسانی لە وڵاتێکدا,کەڵك وەرگرتن وسود وەرگرتن لە گشت توانا وبەهرەکان وهێزەکانی مرۆڤەکانە بە بێ جیاوازی. گەشە سەندن وچەسپاندنی دیموکراسی بە گشت لق وپێکهاتەکانی وهێنانە دی ئازادی وشارستانیەت بە بێ بەشداری ئەکتیف و پۆزەتیفی ئافرەتان ناکرێ.

ئەگەر سەیری زۆربەی وڵاتانی دونیا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە لەو وڵاتانی زۆرترین بوار دراوە بەبەشداری ئافرەت لە کایەجیاوازەکان وبە تایبەتی بواری چالاکی سیاسی ،ئەوا گۆرانکاریەکی قووڵ وبەرچاویان دروست کردوە لەوە پێشچونی کۆمەڵگاکەیان لەزۆربەی بوارەکاندا.

لایەنە پەیوەندی دارەکان بە گشتی توانایان هەیە رۆڵێکی باش بگێرن بۆ ئەم مەبەستە.بەڵام لە بیرمان نەچێت کە ئافرەتانیش خۆیان دەبێ زۆرترین هەوڵ بدەن وبوونی خۆیان وهزر وتواناکانی خۆیان زیاتر بسەلمێنن وچاوەرێی ئەوە نەکەن کەلەوانەیە خێریان پێبکرێ.

ئافرەتان وژنان خۆیان گرنگترین وسەرەکیترین فاکتەری بەشداری کردنن لە گشت بوارەکاندا.

لە کۆتاییداهەمومان دەزانین کە دیموکراسیەت وجێگیر کردنی بنەماکانی بەرامبەرە لە گەڵ هەبونی ئازادی ویەکسانی مرۆڤ وژیانێکی ئازاد.

پێویستە رێکخراوەکان ودامەزراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان بە خۆیان دا بچنەوە وزیاتر بچنە مەیدانی عەمەلی دیموکراسی وئازادی.

# چۆن رۆژنامەنوسێک بین لەبەرەی نیشتیمانین...



عومەر شەریف

هەر لەدوای دەرچوونی یاسای رۆژنامە نوسان من بۆ خۆم هەست بە ئاسودەیەکی جوان ئەکەم،ئیتر رۆژنامە نوسان لە چوار چێوەی یاسا ورێسایەکی ئاشکرادا وبڕیار لەسەر دراودا لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە کار وچالاکی خۆیان دەکەن و دەتوانن لەسەر رۆشنایی ئەرك ومافیاندا لە نێو ئەو یاسایەدا چالاك بن،دەکرێ ئەمەشیان بە پایەکی گرنگی دیموکراتی ولە دەرەوە و لە ناوخۆدا جێگای شانازی وئاماژەی پۆزێتف بن بۆ هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی ناوچەکە وپەرۆشی گیانی خەڵکە رۆشنبیرەکە بۆ ئازادی را وئازادی رادەربڕین وبەدەست هێنانی زانیاری ورونی لەکار وخەرجی حکومەت وحزبدا بخاتە روو،گرنگە رۆژنامە ورۆژنامە نوسان ومیدیای ئازاد و بێ سانسۆر بن لە هەموو دنیا وەکو دەسەڵاتی چوارەم تەماشا ئەکرێت(یاسادانان - پەرلەمان -،جێبەجێ کار- حکومەت -،دادگا )کە بنەمای هەر حکومەتێکی دیموکراتین ودوور لە دەست تێوەردانی ئەوی تر کە دوور بێت لە یاسا ، دوای ئەم سێ دەسەڵاتە وەکو ئاماژەمان پێ کرد راگەیاندن وەکو دەسەڵاتێك بەسەر هەر یەك لەوانەی ترەوە چاودێریکی وریا.. سەیر ئەکرێت،هۆکارێکی زۆر باشیشە بۆ مسۆگەر کردنی ئازادیە تاکەکان و نەهێشتنی گەندەڵی رونی کارەکان ودامەزراوەکانی حزب وحکومەت،هەروەها هۆکارێکی زۆر پۆزێتفە بۆ بەیەك گەیاندنی دەنگ وداخوازی حکومەت وجەماوەر بەیەکتری ورونکردنەوەی هەر ئاریشەیەك لەهەر بوار وئاستێکدا بێت وکۆڵکەیەکی گرنگە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی ولیبرالی،بۆیە ئگەر بەبەرپرسیاریەوە لە ئەکرکی رۆژنامە نوس بڕوانین دەبینین رۆژنامەنوسی نیشتمان پەرەوە بەرپرسیار لە پیشەکەی چەند ئەرکی قورس وپیرۆزە وهەندێ جاریش زۆر ترسناکە، بۆیە دەڵێم دەست بردن بۆ هەندێ بابەت و بوون لە نێو روداودا نەك هەر ترسناکە بگرە هەڕەشەی راستەقینەیە لەسەر گیانی رۆژنامەنوس،بەرپرسیارێتی کار وئەرکی رۆژنامە نوس پیرۆزیەکەی لەوە زیاتر قوڵ دەبێتەوە کە دەبێ بە بێ لایەنانە وراستگۆیانەو نهێنی پارێزی سەرچاوەی هەواڵ ولە بەرچاو گرتنی هەندێ بارودۆخی نەتەوەیی ونیشتمانی خۆی دەبینێتەوە،بێگومان چێنی رۆشنبیران هەمیشە پێشەنگ بوونە بۆ گۆڕان وهەنگاونانی بەرەوپێشەڤەچوون لە هەر وڵات و دەسەڵات و قەوارەیەکدا،رۆژنامەنوسان هەڵگری چرای روناکی رێی دووری گەلانن،شوێن پەنجەیان لە بڕیار وچارەنوسی گەلاندا بەزقی دیارە،وزۆرجاریش کار وهەڵویستی رۆژنامە نوسان کاریگەری وپاڵەپەستۆی زۆری لەسەر ئاراستەی بڕیاری سیاسیەکان دەبێت،بەرانبەر بەمەش دەبێ لە دەسەڵات (حزب وحکومەت) گوێ ی شل هەبێت بۆ وەرگرتنی رەخنە و تێبینیە کان وبە نیاز پاکیەوە وەر بگیرێت،( تۆماس جیفرسۆن)سێیەم سەرۆکی ئەمریکا ووتەیەکی جوان وپرشنگداری لەم بارەیەوە هەیە دەڵێت :ئەگەر سەر پشکم بکەن لەنێوان هەڵبژاردنی حکومەتێکی بێ رۆژنامە ورۆژنامەیەکی بێ حکومەت ئەوەی دووەمیان هەڵئەبژێرم،لەهەموو پرس وئاریشەکاندا رۆژنامە نووس ومیدکان لە سەرەتا و لە کۆتایدا قسەی خۆیان دەبێت کە جێگیرترین وبابەتیانە شرۆڤەی بۆ دەکەن وبێگومان زۆرینەی خەڵك وخوێنەریان لەگەڵ دەبێت ، کە بە ویژدان و دەنگی زوڵاڵی ئەوان دەبن کە میللەتە،لەم چەند ساڵەی دوایدا بەرونی هەست دەرکرێت شەپۆلێکی تورە بوونی رۆژنامە و

رۆژنامەنوس لە دژی دەسەڵات وحزبەکان دەبزوێ، گەورەیی وبچوکی ئەو شەپۆڵە هەرگیز بە قەد ئەوە گرنگ نیە کە چەند گوێیان لێ دەگیرێ و چەند بە چاوی دڵسۆزی و خەم خۆرییەوە تێیان دەر وانرێ نەك بەپێچەوانەوە،ئەکرێ لە دیوەکەی تریش بڕوانینئەو رۆژنامە ورۆژنامە نوسانە لەکام ئاڕاستەوە نۆقرنچك ورەخنە وتانە وتەشەر دەگرن ،ئایا مەبەست چاکسازی و دۆزینەوەی رێگای راستە وئاراستەکردنێکی تەندروستانەیە؟یا جێ بە جێکردنی ئەجندای خەڵك ولایەنی ترە کە چاویان بە ئەزمون وڵاتەکەماندا نایەت وبەشێوەکی ناڕاستەو خۆ بە قەپی خۆماڵی گازمان لێ دەگرن،بە هەردوولاکەدا گومان هەر دورست ئەبێت تا بەڵگەکان دەبنە سنگی محەك!

لەبەرانبەر ئەمەش رۆژنامە ومیدیا گەلێك هەس پشتگیر هەنگاوەکانی حکومەت ئەکاو کەمتر رەخنە ئەگرێ وسوکتر ئاماژە بۆ کەم وکورتیەکان ئەکات ،ئەوەبێت هەمووئەم دیاردانەە تەنها لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بوونیان هەبێت وناوازە بێت لە جێهاندا،بەڵکو زۆر لایەن وبەربڵاوی هەردوو ئاراستەکە لەکشان وبەرەو دایە،وەکو دیاردەیەکی تری سروشتی لە نیو کاری رۆژنامە نوسیدا تەماشا ئەکرێت وهەر دوولاش خوێنەری خۆیان هەیە وهەر ئەمەش وا ئەکات خوێنەر و جەماوەری خوێندەوار دوای چاودێری وتاقی کردنەوە برواو متمانەی خۆی بەبەوە ببخشێت کە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا وهەنگاونان بۆ وەدەست هێنانی مافەکان تاك وخزمەت گوزاری وئاشکرا کردنی راستیەکان تێدەکۆشێت.ئەکرێ رۆژنامە نوسی کارامە و وریا لەکاتی هەر کارێك کەئەنجامی ئەدات بیر لەوە بکاتەوە ئەو کارەی کە ئەیکات چەند لە بەرژەوەندی خەڵك و نیشتمانەکەیەتی ، هەر قۆناغێك بۆ خۆی هەندێ ناسکی و هەستەوەری هەندێ بابەت وا ئەکات دەست بۆ بربدنی بە شێوەیەك لە شێوەکان زیان زیاتر بێت تا قازانجی،هەرچۆن بیر بکەینەوە ئەوە ئازاد ومافی خۆمانە وبۆ کەس نیە ئەوە مان لێ زەوت بکات، وەلێ رۆژنامەنوسیش وەکو هەر کەسێکی تری کۆمەڵگا چۆن داوای ماف دەکات ئاواش ئەرکی پاراستن وبەرژەوەندی خاك ونیشتمانی لەسەر شانە،بەم شێوەیەش ئەتوانی لەبەرەی نیشتمان بێت وئەر پیرۆزی رۆژنامونوسیش بە جەوانی ئەنجام بە جێ بگەیەنێ.

**دەست بردن بۆ هەندێ بابەت و بوون لە نێو رووداودا نەک هەر ترسناکە بگرە هەڕەشەی راستەقینەیە لەسەر گیانی رۆژنامەنوس.**

**(تۆماسجیفرسۆن) سێیەم سەرۆکی ئەمریکا ووتەیەکی جوان وپرشنگداری لەم بارەیەوە هەیە دەڵێت. ئەگەرسەر پشکم بکەن لەنێوان هەڵبژاردنی حکومەتێکی بێ رۆژنامە ورۆژنامەیەکی بێ حکومەت ئەوەی دووەمیان هەڵئەبژێرم.**

# Copy / Paste



سابیر حسین

خۆ کوفر نابیَ منیش وەکو ئەو خەڵکە قسەیەکی نەستەق بکەم و دواتر خۆم لە پەنای گیڤ بکەمەوە---خۆ رۆژانە دەیان نوسەرو سەنتەرو رێکخراوو کۆمەڵەو حیزب و وەزیرو حکومەت.. قسەی نەستەق و گەورە دەکەن و جەماوەرو خوێنەرانیش دەیکەنە نمونە بۆ بەهێزکردنی نوسین و قسەکانیان, بۆیە منیش بەش بەحاڵی خۆم گەیشتومەتە ئەو حەقیقەتەی کە (مرۆڤ هەرچەندە بلیمەت و عەبقەری بێت ئەوە مەحاڵە هەرلەکاری رۆژانەی خۆی پێویستی بەکەسانی ترو هزری دیکە دەبێت) بێگومان ئەمەش قسەی موفەکیرو فەیلەسوفێك نیە. یان خوانەخواستە پەندێکی تۆز لێ نیشتووی دەلالەقەکانی دەریای فۆلکلۆری کوردی نیە کە دزی بێتم, بەڵکو بەرهەمی زارو عەقلی خۆمە من بۆ خۆم خاوەنی ئەو رستەیەم... لەگەڵ ئەوەشداو لەبەر تەوازووعی خۆم پێتان دەڵێم کە بە دووری مەزانن رۆژێك لە رۆژان ئەو رستەیەك بەرچاوکەوتبێ و لە کتێبێکدا خوێندبێتمەوە و پێ سەرسام بووبم ئێستاکەش خۆم کردبێتە خاوەنی راستەقینەی. بەهەرحاڵ مەبەستم لەورووژاندنی ئەم مەسەلەیە زیاتر ئەو دیاردە زەقەبوو کە ئەمرۆ باڵی بەسەر بزاڤی رۆژنامەوانی کوردی و تەنانەت جیهانیشدا کێشاوە ئەویش دیاردەی (Copy / Paste)ە کە ئەمەشیان بەرهەمی عەقلی پێشکەوتوو مرۆڤ و رەهای تەکنەلۆژیای سەردەمە بۆیە زۆر جار دەوترێ کە ئافراندنی ئەنتەرنێت مرۆڤ بە گشتی و رۆژنامەنوسی و نوسەرانی تەمبەڵ کردووە ئەگەرچی زانیاری فرەرەهەندیش دەبەخشێ بە جۆرێك کە لەگەڵ سەردەمی پێشوتر بەراورد ناکرێ, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مۆرالی رۆژنامەنوسی پەرش و بڵاوکردووە. چونکە هەر بیرۆکەو هەر ئافراندن و هەر شتێکی نوێ ئەگەر لەزاری خاوەنەکەی هاتە دەر, ئیدی لە چەند چرکە ساتێك کەس نابێتە خاوەنی و هەموو کەسێکیش خۆی بە خاوەنی دەزانێ, بە واتایەکی تر ئافراندنەکانی مرۆڤایەتی کە بەرهەمی ماندووبوون و هەوڵ و کۆشش و شەونخونی خاوەنەکانیەتی, لەسەردەمی گلۆباڵیش بەبێ دایك و باوك لەدایك دەبێ واتە (بیژی) دەردەچێ و دادپەروەری و ستەم تێدا یەکسان دەبێت , بێگومان ئەمەیان شرۆڤە باوەکەیەتی, واتە شرۆڤەی تری پۆزەتیڤیش لە ئارادایە. کە ئێمە پەیوەندیمان بەوەیانەوە نیە چونکە پێوەریك نیە چاك و خراپ لەیەکتری جودابکاتەوە؟!!!دیارە ئەم تێروانینەش هەروا هەرەمەکیانە ئاراستە ناکرێ بەڵکو ئەمرۆ دیاردەی (Copy / Paste) بەشێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی سەندووە بەجۆرێك ئەگەر دوێنێ نوسەرو رۆژنامەنوسێك بەدوای حەقیقەت و سەرچاوەی هەواڵ و ردووداوو بەسەرهاتێك ویل و سەرگەردان بوایە و کۆششی بکردایە تا دەگەیشتە بنەچەی ئەو هەواڵ و رووداوە, ئەوە ئەمرۆ هەر لەجێگەی خۆیەوە لەرێگەی تۆرەکانی ئەنتەرنێت بەزیادەوە مەبەستەکەی خۆی دەپێکێ و هەرچیەکی دەوێ (Copy /Paste) دەکات و بەناوی خۆی بڵاوی دەکاتەوەو هیچ ئیعتیبارێکیش بۆ خاوەنەکەی دانانێ کە رەنگە خاوە نە کە ی هەموو تەمەنی لە پێناو بەدی هێنانی ئەو ئەنجامە کە پێ گەیشتووە سەرف کردبێ. ئەم تیرۆری فیکرە لەسەر ئاستی ئەکادیمیش پەیڕەودەکرێ.بەجورێك خودان بروانامەی دکتۆراو ئوستادی زانکۆو ئەکادیمیاکانیش لە تەرقیەی زانستی خۆیان پەیڕەوی دەکەن و بۆ وەرگێڕانەکەشی خۆیان ماندوو ناکەن چونکە لە (Google) ئەوەیان بۆ فەراهەم کراوە تەنها ئەوەی لەسەریانە بریتی یە لە پرۆسەی (Copy / Paste) بەڵام ئەوەی لە هەموو ئەمانە ناخۆشترە ئەو دیاردەیە کە ئەمرۆ بە زەقی لەناو بزاڤی رۆژنامەگەری کوردی تێبینی دەکرێ بە جۆرێك رۆژنامەنوسی ئەوتۆ هەیە نەك تەنها بیرۆکەی نوسین یان مانشتێك بەڵکو پەرەگرافێکی دوورو درێژ لە نوسینی فلانە رۆژنامەو گۆڤار دەدزرێ و لە رۆژنامەو گۆڤارو سایتێکی ئەلیکترۆنی تر بەناوی خۆی بڵاوی دەکاتەوە بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ خاوەنە راستەقینەکەی بگات. رەنگە ئەم دیاردەیە بەنیسبەت خوێنەرێکی ئاسایی مایەی پێکەنین بێت. بەڵام بۆ خاوەنی راستەقینەی نوسینەکە زۆر سەختە و مایەی ئازارێکی زۆرە... ئیدی من لەوە زیاتر هیچی تر ناڵیم بۆ مەسەلەی چاودێری کردنیش هەتا خاوەن ماڵ دزی گرت, دز خاوەن ماڵی گرت...والسلام.

سەعد خالید

# «لە کوردستاندا حزبێک نییە بە ناوی موعارەزە. حزبەکانی ئێمە نە موعارەزەن و لە دەسەڵاتیشدان»



**لە دیمانەیەکی تایبەتدا سەعد خالید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لەسەر لیستی حزبی زەحمەتکێشان، تیشک دەخاتە سەر کارەکانی پەرلەمان و بودجەو کێشەکانی حکومەتی هەرێم لە گەڵ حکومەتی ناوەندیدا. لەگەڵ کۆمەڵێک پرسی دیکەی پەیوەست بە هەرێمی کوردستانەوە.**

دیمانە: فەرەیدون بێوار - هەولێر

**سەبارەت بە کیشەی خانەقین وسنوری نێوان حکومەتی هەریم وناوەندی ، حکومەتی بەغدا پێی وایە کە بە پێی دەستوری عێراق مافی خۆیەتی بێتە ناو ئەو سنورانەی کە بەرلە 2003\4\19 لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدابوون، بە رای جەنابت ئەمە کێشەیەکی دەستورییە یان سیاسییە؟**

- ئەوە کێشەیەکی سیاسییە، هەرچەندە ماددەی ١٤٠ ماددەیەکی دەستورییە،بەڵام لە ئەساسدا بۆ چارەسەر کردنی کێشیەکی سیاسییە لە نێوان حکومەتی هەرێم وحکومەتی ناوەندیدا.لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە،و دوای دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق،کورد هەوڵی داوە ئەو مافانەی کە لێی زەوتکراون بە پێی دەستور وەریبگرێتەوە. مەسەلەکە پێوەندی بە دەستورەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە ناوخۆیانەوە هەیە، ئێستاکە وەزعی خۆیان لە ساڵانی رابردوو بە باشتر دەبینینن وپێیان وایە کە کاتی ئەوە هاتوە کەهەندێك فشار لەسەر کورد دروست بکەن، دەنا هیچ بیانوویەك نییە بۆ ئەوەی بێنە ناوچەی خانەقینەوە کە ئارامترین ناوچەیە.

*** قادر عەزیز، سکرتێری حزبەکەتان زۆر رەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت و خۆی بە موعارەزە دەزانێت، کەچی حزبەکەشی لە حکومەت وپەرلەماندا بەشدارەو پشکی هەیە.ئایا لە کوردستاندا حزبێک هەیە بە ناوی موعارەزەوە یان تەنیا ئیزدواجیەتە؟**

- لە کوردستاندا حزبێك نییە بە ناوی موعارەزە. حزبەکانی ئێمە نە موعارەزەن ولە دەسەڵاتیشدان، واتە لە نێوەندان، چونکە لە دەسەڵاتیشدا دەورو کاریگەریمان نییە لە چۆنییەتی بەرێوەبردنی سیستەمی حکومڕانێتی لە کوردستاندا. رەخنە گرتن بە مانای موعارەزە نییە، چونکە ئەگەر حزب موعارەزە بوو نابێ لە حکومەتدا بێت. بەڵام سروشتی قۆناغە سیاسییەکە وایکردووە کەهەم لە گەڵ حکومەتدابن وهەم رەخنەگریش بن.

*** پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی بەجینۆساید ناساندنی ئەنفالی درەنگ ئەنجامدا، لەکاتێکدا دەمێکە دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق ئەو تاوانەی بە جینۆساید ناسیوە، بۆچی پەرلەمانی کوردستان لەو کۆبوونەوەیە دواکەوت؟**

- بە بڕوای من ئەوە دەلالەت لە تێنەگەیشتنی ئێمە دەکات لە گرنگی قەزیەیەکی وەکو ئەنفال، کەبوە بە بەشێك لە ناسنامەی خەڵکی کوردستان، پێویستە ئەوە بڵێین کە لە دەرەوەی وڵات ئیشی زۆر گرنگ لەسەر ئەو مەسەلەیە کراوە، وەك چۆن جولەکەکان لەکێشەی هۆلۆکۆست سودیان وەرگرت، یان ئەرمەنەکان کێشەی قەتڵوعامی خۆیان بە دەستی تورکیا قۆستەوە بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەکاریان هێنا، بەڕاستی ئێمە ئەوەمان نەکرد، دیارە لەیەك دوو ساڵی ڕابردوو یەکدوو هەوڵی باش لە دەرەوە درا، بەتایبەتیش

هەوڵەکانی کەمپینی بەجیهانی کردنی کێشەی ئەنفال و کیمیاباران، ئەمەش وایکرد کێشەی ئەنفال وەکو تاوانی جینۆساید بە چەندین کەسایەتی سیاسی نەرویجی و ڕێکخراوی دژە ڕەگەز پەرستی ئەو وڵاتە بناسێنرێت، لە هەولێریش بۆ ئەو مەبەستە کۆنفرانسێکی گەورە بەسترا کەچەندین کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری گەورە بەشداریان تێداکرد.

*** چەندین جار ئەو پرسیارە ئاراستەی پەرلەمانتارانی کوردستان کراوە، کە بۆچی دەستووری هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی راپرسیدا دواکەوت و نەکرا، واتا بۆچی دەستورەکە نەخرایە دەنگدانەوە هەندێک دەڵێن مەبەستی سیاسی لە پاڵ ئەو دواخستنەوە هەیە؟**

- ڕاستە کات گرنگە بۆ مەسەلەی دەستور، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت نەبوونی دەستوور بۆشاییەکی گەورەی یاسایی لە کوردستاندا دروستکردوە، بەڵام هەوڵدرا کە دەستوورەکە باشترین دەستور بێت و ڕەنگدانەوەی مافەکانی هەموو پێکهاتەو کەمە نەتەوایەتیەکان بێت و دەستورێکی دیموکراسی بێت، وا نازانم دواکەوتنەکە ئەوە هۆکارەکەی بێت، گەرنا، ئەو دەستورە چەندە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە گرنگە، دە ئەوەندەش لای سەرکردایەتی سیاسی کوردستان گرنگە، و پێویست ناکات ئەو بابەتە تەفسیری زیاتری بدرێتا.پێشم وایە لەم خولەی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت.

*** بۆچی تاوەکو ئێستا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی نیە بۆ بودجەی حیزبەکان، ئایا لەم خولەی پەرلەماندا پرۆژە یاسای بودجەی حزبەکان خراوەتە بەرنامەی کارەوە؟**

- دەبێت ئێمە وردە وردە هەنگاو بنێین بەرەو دەوڵەتی قانون بۆ چارەسەرکردنی گرفتی لەم جۆرە، خۆتان ئەزانن یەکێك لەبنەماکانی دەوڵەتی قانون ئەوەیەکە هەموو مەسەلەکان بە یاسایی بکرێن، بۆ نموونە یاسای کاری سیاسی یان حیزبی بە پێی یاسای حیزبەکان دەبێت کە پەرلەمان موسادەقەی لەسەردەکات، و دەبێت بودجەش بەهەمان شێوە دیاری بکرێت، وەکو زانیومە لەلایەن پەنجا ئەندام پەرلەمانەوە پڕۆژەیەکی لەو شێوەیە بۆ بە یاسایکردنی بودجەی حیزبەکان ئامادەکراوە،وا پێویستیشە لەم خولەی پەرلەماندا ئەو یاسایە دەربچێت، چونکە یەکێك لە کەم وکوڕییەکانی دەسەڵاتدارێتی وئەزموونی کوردستان بە یاسایی نەکردنی بودجەی حزبەکانە.

*** ئەو ریژەی تەمەنە کە بۆ گەنجان دانراوە لەمافی بوونیان بە ئەندامی پەرلەمان (٣٠ ساڵە، گلەیی و سەرنجی زۆری لەلایەن گەنجان دروستکردووە، بیر لەوە نەکراوەتەوە ئەو ڕێژەیەی تەمەن کەمکەنەوە؟**

- لەو بارەوە وەزارەتی وەرزش و لاوان بە ڕەسمی نوسراوێکیان کردووە، وە پێشنیارێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، پێشنیاری ئەوان بە تەحدید ئەوەیە داوا دەکەن کە ئەو تەمەنە کەمبکرێتەوە بۆ بیست و پێنج ساڵ.

*** لەو دوایانە لە ڕۆژنامەکان هەندێک فایل لەسەر چەند پەرلەمانتارێکی کوردستان بڵاوکرایەوە، بەرای تۆ بۆچی پەرلەمان لەبەدواداچوونی ئەو کێشەیە کەمتەرخەمی کرد؟**

- پێم وایە هەموو ئەوانە هەر لە چوارچێوەی تۆمەتکردنەوەدێن ، ئایا ئەوانە چەند ڕاستن یان درۆن، ئەوەیان شتێکی دیکەیە، رۆژنامەکان بە گشتی قسە لەسەر گەندەڵی ونایەکسانی وخراپی سیستەمی ئیداری دەکەن، دەنا من بۆخۆم بەدیاری کراوی شتێکم نەبینیوە. بەڵام بە تەئکید بۆ ئەوەی متمانەی خەڵك بە پەرلەمان و حکومەت کەم نەبێتەوە، پێویستە ئەوانەی کە شتیان لەسەرە بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، تاوەکو گەر شتەکە راست دەرچوو سزابدرێن، ، ئەو کەسەی شتی لەسەر بلاوکراوەتە گەر پاکیش دەرچوو، مەسەلەکە وای لێدێت کە بگوترا پەرلەمان بەدواداچوونی کردووە، وە ئەگەر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو مەسەلانە بکرێت ئەوانە دەبنە خاڵی بەهێز بۆ پەرلەمان. بەڵام تاوەکو ئێستا پەرلەمان بە دیاری کراوی گەندەڵی لەشوێنێك نەبینیوە تا بەدواداچوونی بۆ بکات.

***تاوەکو ئێستا شەفافیەتێک نیە بۆ خەرجکردنی بودجە، زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە بودجەی هەرێمی کوردستان بەشاراوەیی سەرفدەکرێت و بەشێکی زۆر کەمی نەبێت لە ڕاگەیاندنەکان باس ناکرێت؟**

- دیارە پەرلەمان ئەرکی چاودێری کردنی حکومەتە ، هاوکات موسادەقەکردنی بودجەش هەر لە پەرلەمان دەکرێت، بۆیە ئەندامانی پەرلەمان بەبڕوای من مافی ئەوەیان هەیە قسە لەسەر هەموو بەندو خاڵ و فەسڵەکانی چۆنیەتی خەرجکردنی بودجە بکەن و شتێکیش ئەگەر ڕون و ئاشکرا نەبوو داوا بکرێت ڕوونکردنەوەی بۆ بکرێت و زیاتر ڕونبکرێتەوە.

# پێگەی کورد لەنێو ململانێکاندا چییە؟

بێستون پشدری

لەوەتی رژێمی بەعس لەعیراق لەسەر کارلادراوە، ململانی و شەڕێکی بەهێز هەیەلەنێوان کۆمەڵێك لایەن لەسەر قایمکردنی جێپێی وپاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەئایندەی عیراقدا و بردنی بەشی خۆیان لەکیکی ئەم وڵاتە. لەسەروی ئەو لایەنانەدەکریت باس لەململانیی ئیران و ئەمریکا بکەین. دواتر کۆمەڵێك ململانیی ناوخۆیی دیکەی وەك ململانیی عەرەبی شیعەو عەرەبی سونە، کورد و عەرەب، کورد تورکمان دیت. ململانیی وڵاتەدراوسیکانی وەك تورکیاو سوریا و سعودیەو کوەیت و ئوردنیش رۆڵی زۆریان لەسەر رووداوەکانی ناو عیراق گێڕاوەو لەئایندەشدا دەیگێڕیت.

پرسیارەکەلەوەدایەپیگەی کورد لەنیو ئەو ململانییانەدا چییە؟ ئەمەئەو پرسیارەیەپیویست بوو کورد پیش روخانی رژیم بیری لیبکردبایەتەوەو خۆی بۆ سیناریۆکانی پاش نەمانی بەعس ئامادە بکردبایە. بیزانیبایەچۆن ئیدارەی ئەو هەموو ململانییانەی بکردبایە، بە شیوەیەك لەبەرژەوەندی خۆیدا بشکایەتەوە. بەداخەوەوەك هەموو جارەکانی دیکە، سەرکردایەتی کورد بی ئەوەی قوڵایی و ئەوەی لەژیر ئاوەکەدا روودەدات بزانی، خۆی هەڵدایەناو گۆمەکەکەوەو ئیستا گلەیی لە بەختی خۆیی و بیوەفایی لایەنەکانی دیکەی یارییکەرانی ناو گۆڕەپانەکەی عیراق دەکات. لەلایەك گلەیی لە ئیران دەکات ئیمەهاوپەیمانی تۆ بویین و چیمان بۆتان نەکرد، لەملاکەی ترەوەبەئەمریکا دەڵیت ئیمەتاقەدۆستی تۆ بوین لەناوچەکە، بەتورکیاش دەڵین شەڕنەما دژی کوردەکانی باکور بۆتانی نەکەین. بەسوریاش دەڵیت پشتیوانی هەمیشەیمان بوون لەرۆژگارەکانی شەڕ و بەسونەدەڵیت راستەئیمەکوردین، بەڵام سونەین، بەشیعەش دەڵین هەردوولامان قوربانی دەستی سونەین. بەتورکمان دەڵیت برای ئیمەن، بەڵام برای بچوك. دۆستایەتی کردن لەگەڵ ئەو هەموو لایەنەناکۆك و دژ بە یەکەو هەوڵدان بۆ رازیکردنی هەموویان لەیەك کاتدا، مەگەر هەر لەتوانای خەیاڵی ئەم سەرکردایەتیەی ئیمەدا بیت، ئەگینا نەبوەو نەکراوەلە لایەن هاوپەیمانی ئیران بیت و بەدۆستی خۆتی بزانی، لەلاکەی دیکەش فەرشی سور بۆ سوپای ئەمریکا رابخەیت و گوڵبارانی مارینزەکانی بکەی. لەگەرمەی ئەوەی عەلی و عومەر لەبەغدا یەکتریان لەت وپەت دەکرد، بەجیاجیا هاوپەیمانی ستراتیژیان

لەگەڵدا ببەستی. ئەمریکا سوریای لەمیحوەری شەڕ دانابیت و تۆ بەتەنکەەنگوینی چیاکانی کوردستان بۆ سەرۆك بەشار ئەسەد بنیریت. ئیستا وەختی حساباتەو زۆر لەو لایەنانەی کەتا دوینی لە کاسەی سەری یەکتردا خوینیان دەخوارد، یان ئاشتبوونەتەوە، یاخود بۆ ماوەیەکی کاتیش بیت، جۆریك لەهودنەو ریکەوتن هەیەلەنیوانیاندا. لە لایەك ئەمریکا بەهۆی سەرقاڵبوونی بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری نویوە، ناپەرژیتەسەر ئیران و سوریاو پەتی بۆ مالیکی شل کردوەوەك دۆنکیشۆت بەملاوبەولادا تەراتین بکات و ئەوەی لەخەیاڵیدا نەبیت کوردە. لەو لاشەوەسونەکان بۆ گێڕانەوەی ئەو هەلانەی لەپینج ساڵی رابردوودا لەدەستیان داوەسەرقاڵی مغازەلەی شیعەکان و تورکیاش تواناکانی خۆی لەگەڵ وڵاتەدراوسیکانی عیراق خستوەتەگەڕ بۆ ئەوەی مەسەلەی کەرکوك بەو شیوەی خۆی دەیەویت ساغ بیتەوە...

وەكدەبینین تاکەشتیك کەئەولایەنەناکۆکانەی پیکەوەگریداوەو کردویانەتەخاڵی هاوبەشی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، مەسەلەی گیانەوەی کوردو دەسکەوتەکانیەتی بۆ دۆخی پیش روخانی بەعس. جیگەی خەفەت و حەسرەتەسەرکردەکانی کوردیش بە هەمان نەفەسی جاران ئیدارەی ململانیکەدەکەن و ئەوەندەی خۆیان بەشتە لاوەکییەکانەوەسەرقاڵکردوە، نیو ەیندەکار بۆ خویندنەوەی داهاتووی کیشەکان ناکەن. کیشەی خانەقین، کەلەئەساسدا کیشەی پاراستنی ئەو چەند باخ و خانوانەیەکەهەندیك کەس لەماوەی رابردوودا دەستیان کەوتوە، تا حەدی هەڵگیرسانی شەڕ گەورەدەکەن، کەچی لەکەرکوك و جەلەولاو سەعدیە وقەرەتەپەقڕوقپی لیدەکەن و کار بۆ چەساندنی ئەو مادانەی دەستور ناکەن کەلەبەرژەوەندی نەتەوەکەماندایە.

کاریك کەپیویستەسەرکردایەتی کورد لەم کاتەدا بیکات، بریتیەلەپیداچوونەوەبەهەموو ئەو هاوپەیمانیتیانەی کەپیشتر کردویەتی، هەر لەهاوپەیمانی ئەمریکا - کەکورد یەك لایەنەرایگەیاندوە - تا دەگاتەهاوپەیمانیتیەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسی و لایەنە عیراقیەکان. لەم چوار مانگەی کەدیت ئەمریکا لەو پەڕی لاوازیدایە، کورد دەتوانیت کیشەی بۆ دروست بکات و نەخشەکان بەشیوەیەك لیبکات کەلە بەرژەوەندی ئەودا نەکەویتەوە. ئیران حاڵی بەدەست ئاژانسی وزەی ئەتۆمیەوەخراپە، دەکریت کەڵك لەوەوەرگیریت. ململانیی شیعەو سونە لەسنورەکانی عیراق تیپەڕیوەو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی گرتوەتەوە دەکریت کەڵکی لی وەربگیریت.... بەکورتی کورد کارتی زۆری لەبەردەستدایەو گەر زیرەکانەیاری بکات، دەتوانی لەجیاتی رۆڵی موساڵەحەو ناوبژیوان و رازیکردنی دڵی ئەم وئەو؛ کار بۆ بەدەست ەینانی بەرژەوەندیەکانی خۆی بکات. یاریکردن لەم کەش و هەوایەی عیراقدا، پیویستی بەیاریچی سەرکیش و نەترس و جەربەزەهەیە؛ نەك دەستەمۆ.

# پارتی ئەبەد پارچە پارچەیی بەخۆیەوە نابینێ



**لەدیمانەیەکی تایبەتدا هەڵۆ ئەحمەد کوردە لێپرسراوی لقی یازدەی پارتی دیموکراتی کوردستان قسە لەسەر بارودۆخی سیاسی ئیستای کوردستان و عێراق دەکات ، ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە هەڵبژاردنەوەی بەرێز نێچرڤان بارزانی بەسەرۆکی حکومەت لەلایەن یەکێتی یەوە بۆ دروستکردنی کێشە بووبێت لەناو پارتی،باس لەوە دەکات کە کوتلەو کوتلەکاری لەناو پارتی دا نی یەهەرگیز پارتی پارچە پارچە بوون بەخۆیەو نابینێت ، پارتی وەک گەورەترین و پرخەباترین حزب وێنە دەکات و پێی وایە ئەگەر لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوو پارتی بەلیستێکی جیا بەشداری بکات زۆرترین ڕێژەی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت .**

***چرکە: زۆرێک لەسیاسیەکان بارودۆخی سیاسی ئێستا وەک قەیرانێک ناوزەند دەکەن تۆ وەک سیاسییەک واقیعی سیاسی لەناوخۆی عێراق و دەروە چۆن دەبینیت ؟***

هەڵۆ ئەحمەد کوردە: من ئەوە بەقەیران نابینم بەڵکو بەتەمومژێك ئەبینم ، تەمومژ جیاوازە لەقەیران ، تەمومژ واتە هێشتا شتەکان تێك چرژاون ، ئێمە وەکو کورد دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس بەوپەڕی دڵخۆشی و هەڵوێستی ئیجابی یەوە بەروە پێکهێنانی دەوڵەتی عێڕاق چوین ، سەرکردایەتی سیاسی کورد لەپێشەوە جەنابی سەرۆك بارزانی ، هەروەها سەرۆك کۆماریش بەپیل ئەوەوە چون کە لەدامەزراندنەوەی دەوڵەتی تازەی عێڕاق ڕۆڵی کارایان هەبێ ، بۆ ئەوەی بتوان هەم دەستور دابڕێژن ، هەم شتێکی وابکرێ لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا هەموو پێکهاتە جیاجیاکانی عێڕاق پرنسیپی تەوافوق جێ بەجێ بکرێ ، هەر لەسەر ئەو مەبدەئی تەوافوقەش دەستور نوسرایەوە ، پەرلەمان هەڵبژێردرا ، سەدا هەشتای خەڵك دەنگی بەدەستور دا ، حکومەت پێك هێنرا . بەڵام بەداخەوە هەندێ خەڵکی ڕەگەز پەرستی عەرەب هەمیشە دژی خواست و ئاواتەکانی گەلی کوردن ئەوە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە هەڵکەوتی جوگرافی و جیپۆلەتیکی کوردستان وایە ئێمە لەهەموو لایەکەوە بەدوژمن گەمارۆدراوین ،چ ئێران ، چ تورکیا ، چ وڵاتانی تری عەرەب ، ئەوان بەپێی بەرژەوەندیەکان و خواستی خۆیان هەوڵ وتەقەلاکانیان لەوەیە نەهێڵن کورد ئەو هەموو ئاواتانەی کەهەیەتی بیهێنێتەدی ،ئێمە ئەگەرلەنوسینەوەی دەستوریشا هەموو ئامانجەکانمان نەهاتونەدی بەڵام لەسۆنگەی ئەوەی ئێمە ئەوەمان لەبەر چاو گرتوەکەگەلی عێڕاق لەگەلێگ پێکهاتەی جیاواز پێکهاتوە ، ژیانی دانوستان و تەوافوقیش وایە دەبێ بەشی هەموو لایەك بدرێ ، بەڵام بەداخەوە ئەو کاتەی ئەوان لاوازبوون و کورد بەهێز بوو هەموو ئەوشتانەیان قبوڵ بوو ، بەڵام کەئێستا ئەوان خۆیان بەهێزکردوە ، کەمێك کێشەکانی خۆیان کەم گردۆتەوە ، بۆیە هەندێ لایەن هەوڵدەدەن و بەعەقڵیەتێکی ڕەگەزپەرستانە ڕەفتاردەکەن ، پیان وایە کورد لەقەواری خۆی دەرچووە ، بۆیە کێشەو ململانێی بۆ دروست دەکەن ، جارێك لەمادی سەدو چل پاشگەز دەبنەوە ، جارێك بەهۆی بردنی جەیش بۆخانەقین و مەندەلی کێشە دروست دەکەن ، هەموو ئەو کێشەو ململانێیانە بۆ ئەوەیە کورد بەئاواتەکانی خۆی نەگات ، بەڵام ئەمڕۆ هەم لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، هەم لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا کورد ڕۆڵی کاراو کاریگەر دەگێڕێت ، ڕەنگە لەئاستی خواستی ئێمە نەبێ بەڵام لەئاستی پێویستدا دبلۆماسیەتێکی باشی هەیە ، هەروەها ئەوەی

## پارتی بەقەبارەومێژووش گەورەترین حزبی کوردستانە، هەرواش دەمێنێتەوە تا دەیان ساڵی تر

لەهەمووی گرنگترە کورد لەناوخۆیدا یەکگرتوە بەتایبەت پارتی و یەکێتی کەدوو هێزی سەرکین ، بۆ هەموو مەسەلە چارەنوسازەکان بەیەکەوە دادەبەزن ، بەعەقڵیەتێکی هاوبەش بەشداری دەکەن ، وەکو بینیشمان خۆپیشاندان و ڕژانە سەرشەقامەکان چ لەوەڵامدانەوەی بڕیاری مادەی بیست و چواری پەرلەمانی عێراق کەوەك فیلێك لەکورد کرا ، چ وەك لەمەسەلەی ناردنی جەیش بۆ خانەقین و مەندەلی ، ئەمەش بۆ خۆی سەنەدە کەکورد دەتوانێت ئامانجەکانی بهێنێتەدی .

***چرکە:پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام لەکات و ساتی خۆیدا کۆنگرەی بەستوە بەڵام ئەمجارە بەستنی کۆنگرە دواکەوت ، بەشێک لەنوسەران هیما بۆ ئەوە دەکەن پارتی لەترسی پارچە پارچە بوون کۆنگرە نابەستێت ، تۆ چیی دەڵێت ؟***

هەڵۆ ئەحمەد کوردە: من حەز دەکەم وەڵامی ئەوە بدەمەوە پارتی ئەبەد پارچە پارچەیی بەخۆیەوە نابینێ ، پارتی هێزێکە کەلای ئێمە موقەدەسات هەیە ، هەمو پارتی لەسەر ئەوە کۆکن کە سەرۆك بارزانی سەرۆکی پارتی و سەرۆکی کوردستانیشە ، من کێشەو ململانێ لەنێو پاریدا نابینم ، ڕەنگە لەناو لقەکان ، لەخواروو لەناوچەکان شتی بچوك ، تەکەتولاتی بچوك هەبێ ، بەڵام لەناو قیادەی پارتی کێشەو ململانێ نی یە لەسەر دەسەڵات ، هەمیشە لای ئێمە مەسەلەی گرنگ و چارەنوساز ، مەسەلەی دوارۆژی میلەتەکەمانە لەپێشەوەی هەموو شتەکانن، هیچ مەترسیێکی پارچە پارچە بوون لەناو پارتی دا نی یە و نابینرێت ، ئیمە هەموومان ئەو قیادەی هەمانە موئمینین پێی و باوەڕمان پێی هەیە ، خۆشمان دەوێت و لەگەڵیداین ، بەڵام ڕەنگە دواکەوتنی کۆنگرە وەستابێتە سەر ئەو زروفە تەم ومژاویەی کەهەیە ، چونکە پارتی حزبێکە گەلێك ئامانجی گەورەی بۆ ئەو میللەتە بەدەست هێناوە ، دەشیوەێ لەئاسۆیێکەوە سەیر بکان کەبەرچاوی ڕوون بێت ، ڕەنگە زۆرتر ئەمە بگەرێتەوە بۆ مەسەلەی سیاسی و چارەنوس و ستراتیجی نەتەوەکەمان ، نەك پارچەپارچە بونی پارتی ، هەموو هاوڵاتیانی کوردستان دڵنیا دەکەم شتی وا لەناو پارتی دا نی یە .

***چرکە: زۆرجار لەلایەن کادیرانی یەکێتی یەوە گلەیی ئەوە دەکرێت کە پارتی هەموو کایەکان و وەزارەتەکانی قۆرغ کردوە ، دەسەڵاتی کوردی بەدەسەلاتی پارتی ناوزەند دەکەن ، تۆ لەم باریەوە چ بۆچونێکت هەیە؟***

هەڵۆئەحمەد کوردە : لەڕاستی دا وانیە کەپارتی هەموو دەسەڵاتەکانی قۆرغ کردبێت ، دەزانی ئەمڕۆ دووحزبی سەرەکی لەکوردستان هەن کەپارتی و یەکێتین ،وەحزبەکانی تریش خەباتیان کردوە و ڕەنجیان داوە ، بەڵام پارتی زیاتر لەچل و حەوت ساڵە ، لەسەرەتای دروست بوونی شۆڕشی ئەیلولەوە و پێشتریش پارتی خەبات دەکات ، قوربانی دەدات ، دیارە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو زۆرترین دەنگی هێناوە ، زۆرترین ڕێژەی خەڵکی هەیە ، بۆیە شتێکی زۆر سروشتی یە و لەسەرتاسەری دنیاش وایە ، ئەو حزبانەی کەحزبی گەورەن زۆرترین دەنگ دەهێن و ، زۆرترین دەڵاتیشان بەدەستەوەیە ، بۆیە مەسەلەکە ئەوەنی یە پارتی قۆرغی کردبێت ، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە پارتی زۆرترین دەنگی هێناوە ، دیسانیش گەر تێبینی بکەین ڕێژەی وەزیرەکانی ئێمە لەگەڵ وەزیرەکانی یەکێتی وەکو یەکە وحزبەکانی تریش وەزارەتیان هەیە .

***چرکە: هەندێ بۆچوون پیان وابوو کە هەڵبژاردنەوەی بەڕێز نیچیرڤان بارزانی بەسەرۆکی حکومەتی هەریم لەلایین یەکێتی یەوە بۆ دروستکردنی کێشەیە لەناوخۆی پارتی ؟***

هەڵۆ ئەحمەد کوردە: من بڕواناکەم لەناوپارتی دا کێشە هەبێ لەسەر ئەم مەسەلەیە ، بڕواش ناکەم برادەرانی یەکێتی وایان بیرکردبێتەوە ، چونکە بەتایبەتی ئەوەی سور بوو لەسەر ئەوەی کاك نێچرڤان هەڵبژێردرێتەوە مام جەلال بوو ، مام جەلال ئەو ڕاستی یە باش دەزانێ کەکاك نێچرڤان سەرۆك حکومەتێکی سەرکەوتوو بوو ، بەدانپێدانانی هەموو وڵاتانی غەرب و دنیاش، بە ئیعترافاتی زانکۆی گەورەی ئەمریکی کە شەهادەی دکتۆرای دا بەکاك نیچرڤان ، بەئیعترافاتی ئەوەی کە لەناو دووسەد گەنجی حکوم ڕانی وولاتانی دونیا ، کاك نێچرڤان پلەی بەرزی بەدەست هێنا ، دۆست و دوژمن بڕوا سەیری هەولیرو ئەو ناوچانە بکات کەکاك نێچرڤان بەریوەی دەبات گەواهی ئەوە دەدەن کە ئەو پیاوە لەرووی حکومەتایەتی یەوە سەرکەوتو بوو ، دوای ئەوەش کە حکومەتی پارتی و یەکێتی یەکی گرتۆتەوە وەزیرەکانی یەکێتی کێشەیان نەبوو بەدەست کاك نێچرڤانەوە ، بەڵکو زۆرتر حسابیان بۆ کراوە ، بۆیە من خاڵی جەوهەری و گرنگی هەلبژاردنەوەی کاك نێچرڤان دەگێرمەوە بۆ ئەو تەبایی و برایەتی یەی کەکاك نێچرڤان پیادەی کردوە لەمەسەلەی جێ بەجێکردنی خزمەت گوزاریەکان ، مەسەلەی باش ئیدارەکردنی حکومەت لەکوردستان .

***چرکە: تۆ پارتی لەڕووی قەبارەوە بەچەندەمین حزبی کوردستان ناوزەند دەکەیت ، پێت وایە گەربەجیالەهەڵبژاردنەکان دابەزێت دەنگی چەندەم بەدەست دێنێت ؟***

هەڵۆ ئەحمەد کوردە: من پێم وایە پارتی بەقەبارەش و بەمێژووش و بەفیداکاری و بەخەباتیش یەکەم حزبی کوردستانە ، وەگەورەترێن حزبی کوردستانە ، بەدڵنیایەوە دەیلێم هەرواش دەمێنێتەوە تا دەیان ساڵی تر ، لەهەڵبژارنەکانیش گەر بەتەنیا دابەزێت زۆرترین ژمارە بەدەست دەهێنێت

***چرکە:بەبڕوای تۆ کورد چۆن دەتوانێت کەرکوک بگێڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، ئایە ئەوە بەجێ بیجێکردنی ماددەی سەدو چل دەبێت، یاخود پێویستی بەهێزی چەکداری هەیە ؟***

هەڵۆ ئەحمد کوردە: تائەمڕۆ قسە لەسەر هێزی چەکداری نی یە ، ئێمە دەستورمان هەیە ، هەتا ئێستا هەموو لایەك لەسەر دەستور ڕێك کەوتوون ، ماددەی سەدوچلیش ماددەیەکی دەستوری یە ئێمە ئەوەی کەبمانەوێت بیکەین هەوڵ و تەقەلاکانمانن لەچوار چێوەی دەستور، بە ماددەی سەدوچلیش کەرکوك دەگێڕدرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان .

***چرکە: دوای حەڤدە ساڵ لەئازادی تۆ هەر خۆت بەپێشمەرگە دەزانی حیکمەتی ئەوە لەچی دایە ؟***

هەڵۆئەحمەد کوردە: من لەهەمو ژیانمدا هەر پێشمەرگە بووم ، ئێستاش هەر پێشمەرگەمە ، هەر بەپێشمەرگەش دەمێنەمەوە، بەپێشمەرگەیش دەمرم ، حیکمەتەکە لەوەدایە من باوەڕم بەدەوڵەتەی سەربەخۆی کوردی هەیە ، تاکو کورد نەبێ بەخاوەنەی دەوڵەتی سەربەخۆ من بیر لەهیچ شتێکی تر ناکەوە و پێشمەرگایەتی دەکەم .

***چرکە: پێت وایە کاتی ئەو هاتوە دەوڵەتێکی کوردی ڕابگەیێنرێت کە وەک خۆت دەڵێت من دەروێشی دەوڵەتی کوردیم ؟***

هەڵۆ ئەحمەد کوردە: وەك پێشتریش باسم



کرد جیپۆلۆتیکی کوردستان ، واقیعی سیاسی ئێستای کوردستان ئەوە نی یە ، هەمو لایەك لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە دەوڵەتی عێراقی تازە پێك بهێنرێتەوە ، من و هەمووی ئەو خەڵکەی دەنگی بەدەستور داوە ڕازیبوین لەچوارچێوەی عێراقدا کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵ مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی بکات ، بەڵام دیسانەوەش ئەوە خەون و خەیاڵی هەموو هەموو کەسێکە ، بۆمن نەك خەون و خەیاڵە بەڵکو ئاشق و شێت و شەیدای دەوڵەتی کوردیم ، لەڕاستیدا هەموو ژیانیشم بۆ ئەوە تەرخان کردوە ، باوەڕیشم وایە هەردەبێ بێتە دی ، ئینشاللە دێتەدی .

***چرکە: بۆچی تۆ زۆر بەرگری لەمافی ئافرەتان دەکەیت ، هەموو کێشەکان دەخەیتە ئەستۆی پیاوان ؟***

هەڵۆ ئەحمەد کوردە: ئافرەتان لەدونیادا مەزڵومن و غەدریان لێکراوە ، تەنانەت لەووڵاتانەش کەپێش کەوتون وەك ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا ، بەتایبەت لەوڵاتی ئێمە ئافرەت ڕۆڵی کاریگەری دیوە ، ئافرەت وەك دایك ، ئافرەت وەك پێشمەرگە ، ئافرەت وەك شەریکی ژیانی پیاو ، گەر لەهەمو ڕویەکانەوە سەیری بکەین ئافرەت لەسەدا شێستی ی ڕەنج و تەقەلاکانی داوە ، ماندوبون لەسەر شانی ئافرەت بوە ، ئەی بۆچی بەشەکەیان و بەرهەمەکەیان وەك پیاو وەرنەگرنەوە ، بۆچی کەمتر بێ لەپیاو؟ پێم وایە ئافرەتان دەبێ خۆیان لەڕێگەی ڕێکخراوەکانیان ، لەڕێگەی نوسینەکانیان ، لەڕێگەی کۆنگرەو کۆنفراسەکانیان هەوڵ و تەقەلای زۆر بدەن ، ئافرەتان تەقلیدی پیاوان نەکەنەوە ، بەسە بائیتر زوڵم لەئافرەت نەکرێت ، دیسانیشەوە دەیڵێمەوە لەسەدا شێست بۆ حەفتای ڕەنجەکان ئافرەت دەیدات، بەڵام لەبەرهەمەکاندا پیاو دەچنێتەوە ، بۆیە من لەسەنگەری بەرگری کرداندام لەئافرەتان بەسە بائیتر زوڵم لەئافرەت نەکرێت من لەسەنگەری بەرگری کردنی ئافرەتاندام

***چرکە: واقیعی ئێستای میدیای کوردی چۆن دەبینیت ؟***

هەڵۆ ئەحمد کوردە: بەداخەوە میدیای کوردی ئاڵۆز و تێك چڕژاوە ، ناتوانم بڵێم دەوری نی یە ، ڕەنگە هەندی ڕۆژنامە و گۆڤارو تەلەفیزیۆن هەبن کە ڕۆڵی کارایان هەبێ سەبارەت بەدەرخستنی ڕاستی یەکان و حەقیقەتی میلەتی کورد ، حەقیقەتی ئەو ڕەنج و ماندوبوونەی کەکورد داویەتی ، بەڵام هەندێك لەڕۆژنامەو گۆڤار دەردەچن بەداخەوە شتەکان ئاڵۆز دەکەن ، زۆرتر دەیانەوێت مانشێتی گەورەو زەق بنوسن بۆ دروست کردنی کێشە، لەڕاستی دا ئەو شتانە ئاڵۆز کردنی بارودۆخەکەی لێدەکەوێنەوە وخزمەتێکی ئەوتۆ ناکات، هیوادارم زۆرتر هەولبدرێت ڕۆژنامەنوسی پڕۆفیشناڵ و شارەزا و کارا ، ڕۆژنامەنوسی واقیعی بێنە پێشەوە ، دەبێ ڕۆژنامەنوس شارەزابێ و دەرگا داخراوەکان بکاتەوە و بچێتە ناوەوەی حەقیقەتەکان ، بەڵام بەشێکی زۆری میدیای کوردی لەدیوی دەروە حکوم دەدات ، بڕیاری کوێرانە دەدات کەزۆرجار لەشوێنی خۆی نی یە .

هەندێك لەڕۆژنامەو گۆڤار شتەکان ئاڵۆز دەکەن ، زۆرتر دەیانەوێت مانشێتی زەق بنوسن بۆ دروست کردنی کێشە بەشێکی زۆری میدیای کوردی لەدیوی دەروە حکوم دەدات

**پارتی گەر بەتەنیا لەهەڵبژاردنەکان دابەزێت زۆرترین ڕێژە بەدەست دەهێنێت**

*****

**بەسە بائیتر زوڵم لەئافرەت نەکرێت**

# کورد دەوری خۆی کەم کردۆتەوە هەر بۆ ئەوەی ئیشەکە بروات

د. محمود عوسمان بۆ چرکە

ئەمریکا بیَ دەنگە و نایەوێت زۆر تێکەڵاوی کێشەکان بێت و دەبێت عیراقییەکان دەبیَ خۆیان چارەسەری بکەن . لەبەر ئەوە هێچ دەورێکی کاریگەری نابیَ بۆ چارەسەری ئەم کیشانە .

لەناو دەستور شتی تێدایە بۆ کورد هەموو کەمەنەتەوایەتیەکان بەڵام نوسین شتیکە و جێبەجیَ کردن شتێکی تر ، گرنگە ئەوەیە ئەو شتانە جێبەجیَ بکرین و روحیەتی ئەوە دەستورە لەسەر بناغەی رژیمێکی فیدراڵ لە عێراق جێبەجیَ بکریَ ئەمەش ئیشی زۆر دەوێت ، وەك دەبینن حکومەتی عێراق بەو ئیش و رەفتارانەی کە ئێستا دەیکات زۆر لەگەڵ فیدراڵی ناگونجی زیاتر باسی ئەوە دەکەن حکومەتێکی ناوەندی بەهێز لە بەغدا هەبیَ ، وە دەسەڵاتی هەریمەکان کەم بکریَ، زیاتر هەوڵیان بۆ حکومەتێکی ناوەندی بە هێزە نەك بەرەو سیستەمێکی فیدراڵی راستەقینە، لەبەر ئەوە دەبیَ ئەو کیشانە چارەسەر بکری ، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کورد وەك شەریکێك سەیری ناکەن راستە بەشدارە لەگەڵیان و حیسابێکی بۆ دەکەن . بەڵام شەرێك یعنی ئەبیَ لە هەموو شتێك بەشدار و ئاگادار بیَ ، بەڵام ئەوان وەك شەریکی حەقیقی سەیری ناکەن ئەگەر بەپێی دەستور بیَ کورد شەریکی حەقیقەیە و هەموو شتێك لە عێراق بە تەوافوقە و دەبیَ لە هەموو بریارێکی گرنگ کورد بەشدار بی .

کورد زۆری نەرم نیانی نواندوەو پێشنیارەکانی دیمستۆرای هەموو قبول کردوە پێشنیارەکانی نەرمی زۆر تیایە لەلایەن کوردەوە . کورد دەوری خۆی کەم کردۆتەوە هەر بۆ ئەوەی ئیشەکە بروات بەڵام لایەنەکانی تر چەند کورد بچێتە پێش و نەرمی بنوێنی ئەوان شتی تازە دینە پێشەوە یعنی بەراستی نایانەویت کێشەکە چارەسەر بکریَ ورایان رایەکی شوڤینیە نەك هەر لەمەسەلەی هەڵبژاردن لە مەسەلەی ئەوەی کە ئەلێن ئەبیَ پێشمەرگە لە دەروەی خەتی شین نەدریَ لەمەسەلەی ئەوەی دەیانەوێت باسی نەوت و گاز و گریبەست . واتا زۆر شت هەیە تا ئێستا هێچی جێبەجی نەبووە . دەیانەوێت کوردستان و هاوپەیمانی کەم بکەنەوە ئەوان وا تەسەور دەکەن کورد هەندێك دەسکەوتی دەست کەوتووە لە ماوەی ئەم چەند ساڵە کە دستور نوسراوە ئەلێن ئەمە زیاترە لە حەقی کورد وە پێویستە ئەو حەقانەکەم کرینەوە یعنی نیازییان زۆر باشی نیە . هەندیکێان و هەموویان نا لەبەرئەوە کورد نەرمی ئەنوێنی و ئەچێتە پێش بەڵام بەو ئەندازە ئەوان نایینەپێش لەبەر ئەوە تا ئێستاریکەوتنەکە تەواو نەبووە. کورد هێزی نیشان داوە شتێکی باشە چونکە ئەگەر هەر ئێمە و حکومەت بەغدا باین ئەوە شتێکی تربوو . بەڵام مەسەلە هەر ئەوە نیە، مەسەلە ئێمە و حکومەتی بەغدا ئەمریکا و ئێنگلیز و تورك و ئێران و سوریا و یوئینیش هەیە ئەمانە هەموو مەوجودن لەبەر ئەوە ئەبیَ کورد بە شێوەیەك رەفتار بکات لەبەرامبەر ئەو هێزانە وا پیشا بدات کە دەیەوێت ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت . لەبەر ئەوە نەرمی نواندوەو نەرمیەکەش ئەوەیە کە پێشنیارەکان دیمستورا پەسەند کردووە بەڵام نەرمی نواندنیش حەدی هەیە و کورد لە حەدی خۆی زیاتر ناتوانی نەرم بیَ چونکە هەندێك شت هەیە سەرەتایە ناتوانی وازی لیَ بێنی ، ب لەبەر ئەوە ئەگەر لایەنەکانی تر نەیەنە پێش ئەو هەڵبژاردنە سەرکەوتوو نابیَ لەبەر ئەوە دوو رێگایان لە پێشە یان کێشەی کەرکوك بە جیا چارەسەربکریَ یان ئەگەر ئەیانەوێت هەمووی بکریَ بە پێی یاسای کۆن ئەو یاسایەی کە لە ٢٠٠٥پەسەند کراوە، هەڵبژاردنەکانی پێشو بەپێی ئەو یاسایە کرا.

ئەو هەڵبژاردنە گۆران ناکات لە حکومەتی مالکی، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانە . بەڵام بەرای من رێگای راست بۆ گۆرێنی حکومەت رێگەی دەستورە ، واتا بە پێی پەرلەمان ئەگەر ئەندام پەرلەمانەکان بروا لە حومەتی مالکی بسینیتەوە حکومەت کە دەگۆرێت بەڵام بەشەرتی دەستوور جێبەجیَ بکریَ . ئێمە دەمانەوێت شتی دەستوری و دیموکراتی بێت نەك بەکودەتا ، ئەگەر حکومەتی مالکی بەشێوەیەکی راست نەروات و دەستور جێبەجیَ نەکات ئێستا نارەزایی زۆر هەیە نەك هەر خۆی لایەنەکانی تریش لەبەر ئەوە پیم وایە بگاتە ئەوەی کە پەرلەمان بروای لیَ بسەنێتەوە. بەڵام مەسەلە کودەتا دوورە تا ئەمریکیەکان لە عێراق بن ئەگەر ئەمریکا رازی بێت و ئیتفاق لەگەڵ ئەمریکا بکریَ ئەگەرنا ئاسان نیە. هیوادارم کورد هەڵوێستی یك بێت و سەرکردەکانی سیاسی کوردستان کەتا ئێستا ئەم شتانەی دواخستووە و کێشەکان چارەسەر نەکراوە . دەبیَ زۆر بە جدی هەوڵ بدەن بۆ چارەسەرکردنی و بەشێوەیەکی تیرو تەسەل گفتوگۆ بکەن لەگەڵ حکومەتی مالکی لەگەڵ ئەمریکا و هەموو لایەنەکان و بەجدی هەوڵ بدەن بۆ یەکلای کردنەوەی کێشەکان و ئەنجامەکانیان بەدەست بینن . ئایا عێراق فیدراڵە ئایا ئێمە شەرێکین ئایا مافەکانمان چی یە ئایا دەستور جێبەجیَ ئەکری یان نا ئەمانەش لقی لیَ ئەبێتەوە بریتی لە نەوت و گاز و یارمەتی پێشمەرگە و سنوری هەرێم و زۆرشتی تر کە ئەبیَ چاك بکرین و بگەنە ئەنجامێك و بتوانن بریاری ئایندەی خۆیان حکومەت لەگەڵ حیزبەکان و ئەو هاوپەیمانە کردوویانە چۆن هەڵبژێرن.

# چرکە پەیوەندی نێوان یەکگرتوو و حزبی دادو گەشەپێدانی تورکیا بڵاو دەکاتەوە

دیمانە : چرکە



**پرسیار : بارودۆخی ئێستای یەکگرتوو لەکوردستان و عیراقدا چۆنە ، ئایە یەکگرتوو توانیویەتی پێگەیەکی باشی لەئیداری حکومەتی هەرێمدا هەبێت ؟**

مستەفا عبداللە: دیارە یەکگرتوو لەمانگی پێنجی ئەمساڵدا کۆنگرەی پێنجەمی خۆی بەست ، لەکۆنگرەدا ستراتیجی چوار ساڵی ئیشکردنی یەکگرتوو دیاری کرا ، بۆ ئەوەی بتوانێت لەئایندەدا وەك حزبێکی سیاسی لەسەر ستراتیجی ڕۆشن کاری سیاسی خۆی بکات ، کاری حزبایەتی خۆی بکات لەوڵاتێکی وەکو عێراق ، بەتایبەتیش لەکوردستان کە یەکگرتوو حزبێکی کوردستانی یە ، یەکێك لەستراتیجەکانی ئێمە بەشداری چالاکانەیە لەژیانی سیاسی لەعێراق و کوردستان ، ئێمە وای بەباش دەزانین لەئێستادا بەجدی بەشداری ژیانی سیاسی بکەین لەکوردستان و عێراقدا ، بەڵام کەدەڵێین بەشداری ژیانی سیاسی دەکەین بەشداری سیاسی تەنها بریتی نی یە لەبەشداری حکومەت بەلکو کۆمەڵێك لایەن و ڕەهەندی تایبەتی دەگرێتەوە ، لەوانەیە لەهەندێ حاڵەتدا پیویستی بەئۆپۆزسیۆنی ئیجابی هەبێت ، لەهەندێ شوێن و هەندێ جار پێویستی بەهاوپەیمانی هەبێت لەگەڵ هەندێ هێزی دیکەو خۆسازدان بۆهەڵبژاردن .

**پرسیار تاچەند یەکگرتوو لەناو حکومەتی هەرێم خۆی بەئۆپۆزسیۆن دەزانێت ؟**

مستەفا عبداللە: ئێمە لەناو حکومەتی هەرێمدا موشاریکین بەڵام لەوانەیە لەرێژەی خۆمان و جۆری بەشداری کردنەکە ڕازی نەبین ، تائێستا یەکگرتوو بڕیاری ئۆپۆزسیۆنی تەواوی نەداوە چونکە پێمان وایەبارودۆخی کوردستان لەبار نی یە، بەتایبەت کەتائێستا دەستورمان پەسەند نەکراوە ، یاسایەك نییە بۆ ئەحزابی سیاسی کوردستان ، بۆیە خیاری ئۆپۆزسیۆنمان لەکوردستان هەڵنەبژاردوە ، بەڵام مانای وانیە ئۆپۆزسیۆنمان پێ شتێکی خراپ بێت ، تائێستا بەشدارین لەحکومەت بەڵام لەئیمتیازو مافمان رازینین ، پێمان وایە پێگەمان ، بونمان زیاتر دەخوازێ لەو موشارەکەی کەهەمانە ، بۆیە یەکگرتوو خۆی بەئۆپۆزسیۆن نازانێت ، چونکە کەش و هەوای ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان ساز نەبووە ، ڕۆژێك کەساز بوو یەکگرتو لەئان وساتی خۆیدا قسەی لێدەکات ، ئەگەر ئەو کات ئۆپۆزسیۆن پێویست بوو ، لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بوو ، بۆ ئەکتیف کردنی پرۆسەی سیاسی ، پڕۆسەی دیموکراسی و وڵات ، ئەکتیف کردنی دام و دەزگاکانی حکومەت ئەوە خواستی یەکگرتووە وەك خیارێك هەڵیبژێرین .

بەڵام دەبێت بزانین بەشداری کردنی دەسەڵات هەرەمی یە ، بۆنمونە ئێمە وەزارەتی بازرگانیمان هەیە ، یان وزەزارەتێکی هەرێمان هەیە ، واتە ئەو بەشداریە لەسەروبیە و شۆڕنەبۆتەوە بۆخوارەوە ، بەشاهیدی هەموو ئەحزابی سیاسی یەکگرتوو بەپێك هاتەی ناو حکومەت و پەرلەمانیشەوە حزبی سێ یەمە لەکوردستان ، لەپێگەی جەماوەری ، لەپێگەی سیاسی ، بەڵام تائێستا لە هەموو هەرێمی کوردستان مدیر مەکتەبێك ، مدیر عامێك ، قایم قایمێك ، مودیر ناحیەیەك .... بەئێمە بەرەوا نەبینراوە ، بۆیە دەتوانم بڵێم موشارەکەی ئێمە بەشدارێکی ڕەمزی یە و نابێ وابێ ، بەڵام لەهەمان کاتدا ئێمە ڕەچاوی بارودۆخی سیاسی کوردستانمان کردوە ، پێمان وابوە لەسەر مافی حزبی خۆمان پێدانەگرین ، هێندەی بەرژەوەندی گشتی یەکانی ئیداری و حکومیمان لەبەر چاو گرتوە .

**پرسیار : کەواتەئێوە چاوەڕێی دەرچونی یاسایەک دەکەن کەتایبەت بێ بە ئۆپۆزسیۆن ، بۆ ئەوەی بتوانن پەرە بەکارەکانی خۆتان بدەن ؟**

مستەفا عبداللە : ئێمە حزبێکین دەمانەوێت و پێشمان باشە پەلە بکرێت لەپەسەند کردنی

ڕەشنوسی دەستوری هەرێم ، بۆ ئەوەی ئەحزابەکان لەژێر چاودێری ئەو دەستورە پەرە بەکارەکانی خۆیان بدەن ، چونکە دەستور کۆمەڵێك یاسا لەخۆ دەگرێت ، یاسا بۆ ئەحزابی سیاسی ، یاسا بۆ بودجەی ئەحزابەکان ، یاسای بۆ ئۆپۆزسیۆن ...هتد پێمان باشە ڕۆشن بێت چۆن مامەڵە لەگەڵ حزبێك دەکرێت کە ئەو حزبە بیەوێت ئۆپۆزسیۆن بێت .

**پرسیار : لەکاتی پیدانی یاداشتی چوار حزبەکە بەپارتی و یەکێتی و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران ، لەلایەن بەشێک لەئەندامانی مەکتەب سیاسی هەردوو حزبی باڵادەست دەگوترا قبوڵناکەین ئەو حزبانە پێیەکیان لەناوحکومەت دابێ و پێیەکیان لەناو ئۆپۆزسیۆن ، بەسیاسەتی ئیزدیواجیەتیان ناودەبرد ئێوە چ خوێندنەوەیەکتان هەیە لەم بارەیەوە ؟**

مستەفا عبداللە : هەندێ ئەندامانی مەکتەب سیاسی یەکێتی و پارتی بەغیرە ڕسمی قسەیان هەبوو لەسەر مەسەلەکە و پیان وابوو ئەو کەسەی لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لاقێکی لەوبەر و لاقێکی لەبەرەکەی تر بێت ئەوە ناگونجێت ، ، بەڵام ئەوە هەڵوێستی مەکتەب سیاسی هەردوو حزب نەبوو ، هەڵوێستی ڕسمی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران نەبوو بەڵکو ئەوان بەئیجابیان وەرگرت ، بڕیاریاندا ئیشی لەسەر بکەن ، بەڵام تائێستا ئیشی لەسەر نەکراوە ، لەهەرێمی کورستانی ئێمەدا ڕۆتینات زاڵە بەسەر ئیشەکانماندا ، پرۆژەیەك تەقدیم دەکەیت بەشێکی دەخەوێنرێت ، بەشێکی پشتگوێ دەخرێت .

**پرسیار : تاچەند لێک نزیکی هەیە لەنێوان ئەو چوار حزبە ( یەکگرتوو ، کۆمەڵ ، زەحمەتکێشان ، سۆسیالست ) بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنی داهاتودا بەیەک لیست دابەزن ؟**

مستەفا عبداللە: ئەو چوار حزبە کۆبونەوەی دەوریان هەیە ، لەزۆربەی مەسەلە سیاسیەکاندا بەیەکەوە بیرو ڕا ئاڵوگۆڕدەکەن ، بەڵام نەگەیشتونەتە خەیارێکی وا بڵێین بەیەکەوە لەهەڵبژاردنی داهاتودا بەشداری دەکەن ، وەچاوەڕێی کاتی هەڵبژاردنی ئاینده دەکەن ، ئەو کاتە لەوانەیە هەندێ کوتلە پێك بین ، بۆیە وەڵامەکە ئەو کاتە دەدرێتەوە بەڵام تائێستا ئەو چوار حزبە لەسەر ئەوە کۆك نەبوونە بەیەك لیست لەهەڵبژاردنی ئاینده دابەزن ، بەڵام خەیارێکیشە .

**پرسیار : ئەی سەبارەت بەپێک هێنانی کوتلەیەکی ئیسلامی یاخود دروست کردنی لیستێکی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ؟**

مستەفا عبداللە : هەر لەسەرەتاوە یەکگرتوو برایەتی ئیسلامی بەواجبێکی سەرشانی خۆی زانیوە ، پێی وابوە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسیەکان دەبێت هاوکاری یەکتر بکەن بۆ بەرەوپێش بردنی

# پارتی و یەکێتی نەگیشتونەتە ئەو ئەندازیەی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن قبوڵ بکەن

پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا ، بەڵام بوونی بەرەیەکی ئیسلامی و لیستی ئیسلامی پێمان وانییە خزمەتێکی زۆر بەرەورەوەی سیاسی کورستان بکات ، وەك یەکگرتوو قەناعەتمان وایە ئەگەر بکرێ کوتلە یاخود لیست کاتێك پێك دێن لەسەر ئەساسی بیروڕاو ئایدۆلۆژیا دابەش نەبن ، چونکە ئەوە خزمەت ناکات لەوانەیە قەیران دروست بکات ، وەکێشەی ئێمە لەهەرێمی کوردستاندا کێشەیەکی سیاسی یە ، دواتر لەحکوەتیشدا کێشەیەکی خزمەت گوزاری و ئیداری یە ، نابێ بیکەینەکێشەی پرنسیپی و ئایدۆلۆژیا بڕژێتە ناو پرۆسەی سیاسی یەوە، چونکە ئەو کات لەجیاتی ئەوەی بەرەو کەناری لێکتێگەیشتن بچێت بەروە ئاقارێکی تەشەنوج کردن دەچێت ، بۆیە پێمان وایە لیستی ئیسلامی ئەو خزمەتە گەورەیە ناکات بەڵکو لیستێك کە هەوان تیایدا کۆببنەوە ، ئیسلامی و عەلمانی و نیشتمانی تێدابێ ، لەسەر پرۆژەی هاوبەش ، لەسەر ئەرکی هاوبەش بۆ ئەو میلەتە کۆببینەوە ، ئەوە خزمەت دەکات ، بەڵام ئەو خەیارەش ڕەتناکەینەوە ، چونکە پێمان وایە برایەتی ئیسلامی تەنها بەوە ناکرێت بەیەك لیست لەهەڵبژاردن دابەزین ، چونکە

هەلبژاردن پرۆژەیەکی کاتی یە لەکۆمەڵێك ئەجینداپێك دێت بۆ کاتێکی دیاری کراو، دەکرێت لەدوای هەلبژاردن ئەو ئیتلافە کۆتای پێ دێت ،دەکرێ هاوکاریەکە بەجۆرێکی تر بێت ، ئێمە لەگەڵ کۆمەل و بزوتنەوە هاوکاری ئیسلامیمان هەیە بەیەکەوە تەباین .

**پرسیار: تۆ هیمات بۆ ئەوە کرد کەبەشداری ئێمە بەشدارێکی ڕەمزی یە ، ئایە یەکگرتوو لەکابینەی داهاتوداْ بەشدار دەبێت بەتایبەت گەر ئەو بەشداریە بەهەمان شێوەی ئێستا بێت ؟**

مستەفا عبداللە: بۆ پێکهاتەی کابینەی شەشەمی حکومەت تائێستا بەڕسمی قسەمان لەگەڵدا نەکراوە ، بەڵام هەندێ خەیاری خۆمان تەقدیم کردون بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، پێمان ڕاگەیاندون کەموشارەکەی ئێمە لەئاستی خۆمان دانی یە ، وە چۆن لەداهاتودا بەشداری دەکەین یاخو بەشداری ناکەین جارێ بریاری لەسەر نەدراوە ، بەڵام ئەسڵ لامان موشارەکە کردنە لەدەسەڵات و ئیدارەی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی بتوانین لەوێ وە قسەی خۆمان بکەین .

تائێستا لەهەرێمی کوردستاندا پەراوێزێکی دێموکراسیمان هەیە

**پرسیار : ئێوە تاچەند دەسەڵاتی کوردی بەدەسەڵاتێکی دیموکراسی دەزانن ؟**

مستەفا عبداللە: من قەناعەتم وایە ئێمە میللەتێکین تازە پرۆڤەو پەڕاوی هەندێ چەمکی تازە دەکەین ، قەناعەتم وایە تائێستا پەراوێزێکی دێموکراسیمان هەیە لەهەرێمی کوردستاندا ، ئەو دیموکراسیەتەی پێویستە بۆ ئەحزابی سیاسی چالاکی خۆی بکات ، تاك تیایدا ئازاد بێت ، هەروەها تاك لەیەك کاتدا مافەکانی دەستەبەر بکات و ئەرکەکانیش جێ بەجێ بکات ، ڕێکخراوە ناحکومی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بتوانن کاراو چالاك بن ، بەڕاستی تائێستا ئەوانە زەمینەیان بۆ نەڕەخساوە ، تائێستا پاوانخوازی لەهەرێمی کوردستاندا واریدە ، تائێستا گیانی تێکەڵاوی حزبی و حکومی زۆرچاك تێك ئاڵاوە ، وەناشتوانین بڵێن هەنگاومان نەناوە ، هەنگاو نراوە بۆ مەسەلەی دیموکراسی و بەموئەسەسەکردنی کۆمەڵگا ، بەڵام من تائێستا دیموکراسی فعلی لەهەرێمی کوردستاندا نابینم ، بەڵکو پەراوێزی دیموکراسی دەبینم.

تائێستا لەهەرێمی کوردستاندا دیموکراسی فعلی نابینم ، بەڵکو پەراوێزی دیموکراسی دەبینم



# یەکگرتوو بڕیاری ئۆپۆزسیۆنی نەداوەچونکە بارودۆخی کوردستان لەبار نی یە

**پرسیار: پێت وایە ئەگەر پارتی و یەکێتی بەجیا لەهەڵبژاردنەکانی داهاتودا بەشداری بکەن دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنیان پێ قبوڵ دەکرێت ؟**

مستەفا عبداللە: پێم وایە یەکێتی و پارتی دوو هێزی دەسەلات دارن و هێزی سەرەکیشن چونکە نان و ئاسایش و ئازادای خەڵك لەدەستی ئەوانە ، هەروەها خەڵکێکی زۆر لەدەوری ئەوان کۆبونەتەوە ، چونکە ژیان لەکن ئەوانە مسۆگەر دەکرێت ، ئەو شتێکی نەخوازراوە لەکۆمەڵگا مەدەنی و دیموکراسیدا ، نابێ حزب سەرچاوەی مەحیشەت بێ دەبێ حکومەت سەرچاوەی مەعیشەت بێ ، بەڵام لەوەڵاتی ئێمە حزبایەتی بۆمەعیشەت بەکار دێت ، لەکاتێکدا حزبایەتی دەبێ شتێکی خۆبەخش بێت ، چونکە مهنە جیایە لە هیوایەت ، من مهنەکەم بریتی یە لە لەفەرمانبەری ، بەڵامم هیوایەتم ئەوەیە سیاسیەت بکەم ، سیاسەت نابێ ژیانی پێ دیاری بکرێت ، من واهەست دەکەم پارتی و یەکێتی نەگیشتونەتە ئەو ئەندازیەیی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەگەڵ یەکتر قبوڵ بکەن ، بۆیە بڕیاریان داوە تا ساڵی دووهەزارو یازدە بەیەکەوە بەشداری هەموو پڕۆژەیەکی سیاسی بکەن بەتایبەتی هەڵبژاردن ، هەرچەندە ئەوەش دوو ڕەهەندی هەیە ڕەهەندێك ئیجابی یە،کە کۆمەڵگای ئێمە توشی قەیران و ململانیێ و کێشەی ناوخۆی نابێتەوە کە ئەوان یەك بن ، لایەنە سلبیەکەی ئەوەیە کە دەکرێت ؟

مستەفا عبداللە: پێش دادو گەشەپێدان یەکگرتوو پێگەی خۆی هەبووە و کاری کردوە ، بەڵام لەڕوانگەی ئەوەی دادو گەشەپێدان تێڕوانینیان بۆ دەسەڵات و بۆ ژیان ، بۆ ئیسلام ، تێڕوانینیان بۆ حزبایەتی ، ڕەوڕەوەی گیانی دیموکراسی و دەرکەوتنی ئەحزاب لەووڵاتەدا دوادەکەوێت ، مومارەسەی کاری دیموکراسی دوادەکەوێت ، بەڵام ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەو دوو ڕەهەندەدا بکەین ، ڕەنگە نەبوونی کێشە و گرفت لەوەڵاتی ئێمەردا ئیجابی تربێ. لەکۆمەڵگا مەدەنیدا، نابێ حزب سەرچاوەی مەعیشەت بێ دەبێ حکومەت سەرچاوەی مەعیشەت بێ

یەکێتی و پارتی دوو هێزی دەسەلات دارن و ئاسایش و ئازادای خەڵك لەدەستی ئەوانە

**پرسیار: زۆرجار قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە یەکگرتوو پەیوەندێکی پتەوی سیاسی لەگەڵ حزبی دادو گەشەپێدانی تورکیا هەیە ، لەلایەن ئەوانەوە یەکگرتوو هاوکاری ماددی و مەعنەوی دەکرێت ؟**

مستەفا عبداللە: پێش دادو گەشەپێدان یەکگرتوو پێگەی خۆی هەبووە و کاری کردوە ، بەڵام لەڕوانگەی ئەوەی دادو گەشەپێدان تێڕوانینیان بۆ دەسەڵات و بۆ ژیان ، بۆ ئیسلام ، تێڕوانینیان بۆ حزبایەتی ، بۆخزمەتکردنی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی لێك نزیکن ، ڕەنگە ئەوە وای کردبێت و خەڵك وابزانێت ئێمە هاوکاری لەئەوان وەردەگرین ، بۆیە ئێمە دۆستایەتی لەو ڕوانگەیەوە لەگەڵ دادوگەشەپێدان دا هەیە ئێستا دۆستایەتیمان هەیە ، یەکتر ناسینمان هەیە ، بەڵام بەدوورو نزیك هاوکاری ماددی و مەعنەوی لەئەوان وەرنا گرین ، یاخود لەوانەیەئەو بۆچونە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لەسەفەری بۆ کۆنگەری جیهانی ئیسلامی و کەبەشداری کۆنگرەکانی کردبێت قیادەی عەدالەو تەنمییەی بینی بێ و ئاڵوگۆڕی ڕایان کردبێت ، گفتوگۆی ئەوەیان کردبێت ئێمە لەکوردستان چۆن دەڕوانینە ژیان ، دیموکراسی ، چۆن دەڕوانینە دەسەڵات .... هتد لەنەتیجە ئاڵوگۆڕی ڕا هەبووە ، دەنا دورو نزیك هیچ هاوکارێکمان لەنێواندا نی یە .

# دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا چەندن و چۆن کاردەکەن.؟

کۆمەڵگەی هەواڵگری ئەمریکی لە ژمارەیەکی هەمەچەشن و هەمەجۆری نوسینگە و ئاژانسە هەواڵگرییەکان پێکدێت کە ئەمانەن:

-1ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی CIA
Central Intelligence Agency

-2نوسینگەی هەواڵگری و توێژینەوەکانی وەزارەتی دەرەوە INR
Research Department of State Bureau of Intelligence and ).

-3ئاژانسی هەواڵگری بەرگری DIA
Defense Intelligence Agency

-4 ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی یان ئاژانسی هەواڵگری نەتەوەیی NSA
Defense Intelligence Agency

-5نوسینگەی بەدواداگەرانی نەتەوەی NRO
National Reconnaissance Office

-6 ئاژانسی هەواڵگری نیشتمانی بۆ وێناکردن و روپێوکردنی جیۆگرافی NGA
National Security Agency

-7 نوسینگەی لێکۆڵینەوەکانی فیدراڵی FBI
-Federal Bureau of Investiga tion

-8 هەواڵگری سوپا
Army Intelli gence

-9هەواڵگری هێزە دەریاییەکان
Navy Intelligence

-10هەواڵگری هێزە ئاسمانییەکان
Air Force Intelligence

-11هەواڵگری کەشتیگەلە دەریاییە بازرگانییەکان
Martine Corps Intelligence

-12وەزارەتی ئاسایشی نەتەوەیی
DHS Department of Home-land Security

١٣-پاسەوانانی کەنارەکانCG
Coast Guard

١٤-وەزارەتی دارایی
Treasury Department

١٥ -وەزارەتی وزە
Energy Department

١٦-ئاژانسی بەرنگاربوونەوەی مادە بێهۆشکەرەکانDEA
Drug Enforcement Agency

وە لە نێو ئەم ئاژانس و نوسینگانە ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی بنچینە و پێگەی سەرەکییە لە کۆمەڵگەی هەواڵگری، کە پێکهاتەکانی و دیاریکردنی ئەرکەکانی ملکەچی بەشداریی ئەنجومەنی نوێنەرانە، وە ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی تەواوی ئەو توانایانەی هەیە کە وای لێدەکن بتوانێت لە دەرەوەی سنورەکانی ئەمریکا کاربکات، وە چەندین توێژینەوە بەرهەم دەهێنێت سەبارەت بەهەر جۆرە بەرژەوەندییەك کە بۆ دروستکارانی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی گرنگ و پێویست بێت، وە ئەرکی سەرەکیی کۆکردنەوەی زانیاریی مرۆییە«لەسەر مرۆڤ»، وە رێنمای و فەرمانەکانی راستەوخۆ لە سەرۆك و حکومەت وەردەگرێت بۆ کاریگەریی سیاسیی و ئابوری هەروەها لە مەرجەکانی دەستوەردانی سەربازی لە دەرەوەی وڵات.

وە لە وەزارەتی بەرگری سێ ئاژانسی هەواڵگری هەیە کە لایەنی زۆری بودجەی نەتەوەیی هەواڵگری لوش دەکات کە ئەمانەن:

١- ئاژانسی ئاسایشس نەتەوەسس، ئەرکی ئاگادارکردنەوەیە لە رووداو و کەوتنەوەی روداوێك کە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکات، نوسینگەی لە سەرجەم جیهاندا هەیە.

٢-ئاژانسی بەدواداگەڕانەکان، ئەکری گەشەپێدانی چاودێرییکردنە لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە و رێگەگرتنیشە لە تیرۆر.

٣-ئاژانسی وێنەگرتن و روپێوی جیۆگرافی، ئەرکی ئامادەکردنی زانیارییە جوگرافییەکانە هەر لە نەخشەکانەوە تا دەگاتە دیزاینە ئاڵۆزەکان لەسەر ئامێری کۆمپیوتەر، گرنگیی زۆریشی هەیە لە بواری ئاراستەکردنی چەکی هەیە لە کاتی هەڵگیرسانی هەر جەنگێك.

جگە لەوە، ئاژانسی هەواڵگریی بەگری بەرپرسە لە دابینکردنی وەزارەتی بەرگری بە سەرجەم ئامراز و کەرەستە تەکنەلۆژیی و هەواڵگرییە نوێیەکان، وە یاسای چاکسازیی هەواڵگری و رێگەگرتن لە تیرۆر لەساڵی (٢٠٠٤) چەندین دەسەڵات و بەرپرسیارتێتیی هەستیاری کە پەیوەندیی بە پارەدارکردن و بەرێوەبردنی ئەم ئاژانسە هەیە بەخشییە بەرێوەبەری ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی، بەڵام دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتەکانی وەزیری بەرگری تێناپەڕێنێت، وە پێویستە لەسەریان هاریکاریی جیدی بکەن لە هەوڵە هەواڵگرییە زۆر ئاڵۆزەکان.

بەڵام سەبارەت بە نوسینگەی هەواڵگری و توێژینەوەکانی سەر بە وەزارەتی دەرەوە یەکێکە لە پێکهاتە بچوکترینەکانی ئەم کۆمەڵگە هەواڵگرییەیە و بودجەکەی ناچێتە چوارچێوەی بودجەی هەواڵگری یان بەرگری، بەڵام خاوەن راڤەکردنە بەنرخ و باشەکانی ناسراوە، وە لە بنچینەدا ئاژانسێکی زانیارییە شیکردنەوە و راڤەکردن دەداتە باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە دەرەوە.

وە سەبارەت بە هەواڵگریی سوپا و دەریایی و ئاسمانی و کەشتیگەلی بازرگانی، ئەوا رێکخراوگەلێکی هەواڵگرین خزمەتگوزارییگەلێکی سەربازی پێشکەش دەکەن کە پەیوەندییان بەئەکگەلێکی دیاریکراوەوە هەیە، وە لە خزمەتی هەواڵگریی بەرگریدا کاردەکات، هەروەها راڤەکردن ولێکۆڵینەوەی پێویست بە ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی دەدات لە مەسەلە هونەرییە سەرەکییەکان.

کەی وەزارەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەوا لە ساڵی (٢٠٠١) و بەپێی یاسای ئاسایشی نەتەوەیی دامەزراوە، نوسینگە هەواڵگرییە جیاوازەکان هاوبەشی وەزارەت دەکەن لە هەوڵە نێوخۆییەکانیان بۆ بەرگرتن لە تیرۆر، هەروەها وەزارەت لەگەڵ نوسینگەکانی لێکۆڵینەوەی فیدراڵیدا بەشداری وهاریکاری دەکەن لەپێناو

دابینکردنی داڕێژەرانی یاسا خۆماڵییەکان بە زانیاری سەبارەت بە هەڕەشە تیرۆریستییەکان لەئاژانسە هەواڵگرییەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی، وە پاسەوانانی کەنارەکان لقێکی نوێیە لە وەزارەتی ئاسایشی نەتەوەی کە لەگەڵ ئاسایشی دەریایی مامەڵە دەکەن لەپێناو پتەوکردنی بەرگری لە نیشتمان. وە وەزارەتی وزە هەڵدەستیت بە لێکۆڵینەوە وشیکردنەوە بەرنامە دەرەکییەکانی چەکی ئەتۆمی، هەروەها پاڵپشتی و پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی ڕێگەگرتن لە بڵاوبونەوەی ئەتۆمۆ و مەسەلەکانی ئاسایشی وزە دەکات، لەکاتێکدا وەزارەتی دارایی هەڵدەستێت بە کۆکردنەوە و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو زانیارییانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بودجەی ئەمریکا و سیاسەتە نەختینەییە خۆماڵی وە نێودەوڵەتییەکان، وە رۆڵی هەیە لە بواری مەسەلەکانی پارەدارکردنی تیرۆریستان.

سیستەمە ڕێککارییەکان بۆ کاری کۆمەڵگەی هەواڵگری:

سەبارەت بە شێوازی وەزیفیی کۆمەڵگەی هەواڵگریی ئەمریکی ئەوا ملکەچی ئەو سیستەمەیە کە پێی دەوترێت(سیستماتیکی وەزیفیی ڕێککاری) کە سروشتی کار تێیدا بۆ چوار بەش دابەش دەبێت کە ئەمانەن:

یەکەم: بەشی هەواڵگریی ئاگادارکردنەوە(Intelligence Sigint): لە ئێستادا لە پسپۆڕیی ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەییە و بارەگاکەی دەکەوێتە شاری (فۆرت مید) لە ویلایەتی (مێریلاند)، بێ گومان شێوازی کاری ئەم بەشە لەپاش جەنگی سارد گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وە هەندێك گۆڕانکاریی تێداکرا لە کۆتایی نەوەدەکان بەهۆی هەمەچەشنی و هەمەجۆریی سەرچاوەکانی هەڕەشەکردن و مولکایەتیکردنی گروپ و کۆمەڵە تیرۆریستییەکان بۆ تەکنەلۆژیا نوێیەکانی پەیوەندییەکان، وە گەورەترین کردەی نوێکردنەوە لەسەر دەستی (مایکڵ هیدین) کە لە مایۆی ساڵی(٢٠٠٦) بووە بەڕێوەبەری هەواڵگریی ناوەندی ئەنجامدرا کە چەندین گۆڕانکاریی هەمەجۆری ئەنجامدا لەسەر ئاستی کەسە شیاوەکان و سورشتی وەزیفە و پلەکانی نێوی.

دووهەم: بەشی هەواڵگریی مەجازی یان خەیاڵکردنانە
imint ImageryIntelligence

ئەم بەشە وەزیفییە لە بنچینەدا تایبەتمەندە بە کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی مانگە دەستکردەکان و فڕۆکەکانەوە و فڕۆکە بێ



فرۆکەوانەکان لە بواری وێنەگرتنی ئاسمانی، ئەم بەشە رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە ئاشکراکردنی جبەخانەکانی تۆپ و موشەك و کەشتیگەلەکانی لای یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، کە ئەمیش لەلایەن خۆیەوە پێویستی بە گەشەپێدانی زیاتر هەبوو لەپاش کۆتایهاتنی جەنگی سارد، وەکۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئامانجی جیاواز لەیەك کاتدا بوو بە شتێکی پێویست، بەڵام زۆریی چالاکییەکانی و ئەکتیڤبوونی پرسیاری زۆر لەبارەی توانای کەرتی تایبەت بۆ پابەندبوون و بەجێهێنانی داواخوازییەکانی ئاژانسی هەواڵگری بە مانگە دەستکردە بازرگانییەکان و فرۆکە بێ فرۆکەوانەکانی وەکو (گلۆبال هاوك) دەوروژێنێت، وە لە چوارچێوەی ئەم بەشە هەروەها ئەرکەکانی روپێوکردنی جیۆگرافی هەیە کە جێگەی ئاژانسی نەتەوەی بۆ نەخشە و وێنەگرتنەکان(لە ساڵی ١٩٩٦) دامەزرا گرتەوە، کە لەسەر ئەم ئاژانسە پێویستە زانیاریی جیۆگرافی وا پێشکەش بکات کە یارمەتی دۆزینەوەی سروشتی راستییەکان لەسەر واقیعدا بدات.

سێهەم: بەشی هەواڵگریی مرۆی : humint Intelligence Human

کۆنترین لقە وەزیفییەکانە، بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە سەر ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی بەرپرسی یەکەم لە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە، بەڵام ئەمە رێگە لە هەستانی وەزارەتی بەرگری لەرێگەی پاشکۆ سەربازییەکانیەوە لەنێو باڵیۆزخانەکانی دەرەوە ناگرێت لە کۆکردنەوەی هەمان ئەم جۆرە لە زانیاری، وە ئەم بەشە وەزیفییە زۆر گرنگیی هەیە، چونکە کۆکردنەوەی زانیاری گەلێکی ئاگاداکردنەوە و مەجازی بەڵگە نییە لەسەر روودانی نیازی هەڕەشەکردن یان بوونی چالاکیی دژ بەبێ بەڵگە و سەلمێنداروەکان کە هەواڵگریی مرۆی پشتیان پێدەبەستێت، وە ئەم بەشە تووشی چەندین رکابەری دەبێتەوە کە گرنگترینیان گەڕانە بە دوای زانیاری لەسەر گرووپە تیرۆریستییەکان و لەسەر ئەو کەسانەی کە رەنگە وەکو پێویست لە کۆمەڵگە بەدەرناکەون، هەروەها ئەوەی هەڵدەستێت بەکاکردن لەم بەشە لە وڵاتانی دەرەوە لەژێر چەترێکی نا فەرمی کاردەکات رەنگە دیارترینیان کارە بازرگانیەکان دەبێت، ئەمەش لە میکانیزمی بەڕێوەبردن قورستر دەکات و پێویستی بە هەماهەنگی هەیە لەگەڵ باڵیۆزخانە و نوسینگەکانی دەرەوە لەکاتێکدا رەنگە کات کەم و بەرتەسك بێت بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان، هەروەها کاری ئەم بەشە روبەرویی رێ وشوێنی پەیوەست بە پێشێلنەکردنی مافەکانی مرۆڤ دەبێتەوە وەك ئەوەی لە ئەمریکای ناوەڕاست روویدا، بەو پێیەی کۆتی سەرەکی لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر مرۆڤ پەیوەندیی بە پێویستیی هەواڵگریەوە هەیە بۆ کەسانێکی شیاو و بەتوانا لە مامەڵەکردن بە زیاتر لە زمانێکی بیان و زانینی زیاتر لە زمانێك، ئەمەشە کە بەرنامەی فێربوونی ئاسایشی نەتەوەی کە لە ساڵی (١٩٩١) دامەزراوە کار لەسەر روبەڕووبونەوەی دەکات کە هەوڵ بۆ ئامادەکردنی کەسانێکی شیاو و شارەزا دەدات بۆ کاکردن لە دەزگاکانی ئاسایشی نەتەوەی.

چوارەم: بەشە سیستماتیکە وەزیفییەکانی دیکە: دیارترینیان ئەوەیە کە پەیوەنە بە رێ و شوێن و پێوەرەکانی لێکۆلینەوە و شیکردنەوە masint measurement and signatures analysis، ئەمەش بەشێکی تەکنیکیی باڵایە کار لەسەر لێکۆلینەوە و شیکردنەوەی داتا ئاڵۆزەکانی هەردوو بەشی ئاگادارکردنەوە و مەجازی دەکات هەروەها لێکۆلینەوەی ئەو زانیارییانەش دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە پێناسی کەسەکان و سروشتی ئامانجەکان، وە بەرپرسیارێتیی ئەم بەشە وەزیفییە دەکەوێتە ژێر سەرپەرشتیی بەرێوەبەری هەواڵگریی ناوەندی و ئاژانسی وەزارەتی بەرگریی هەواڵگری، کێشەشی ئەوەیە کە پێویستی بە کەسانی شیاو هەیە کە رەنگە پێگەی گرنگ لە پێشەسازییە تایبەتەکان بگرنە ئەستۆ،، هەروەها بەشێکی دیکەی زانیاری هەیە کە بەناوی ئەو زانیارییانەی سەرچاوەکانیان لەبەردەستتدایە ((Information Open Source Osint))دەناسرێت، کە کۆکردنەوەی زانیاری لە رۆژنامە و بڵاوکراوە و رادیۆ و تەلەفزیۆن و پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەگرێتەوە، وە لە رێگەیەوە زانیاری لەبارەی ناوچە و بابەتە جیاوازەکان کۆدەکرێتەوە، وە بێ گومان پێویستی بە وەرگێڕی لێهاتوو و شارەزا هەیە لەگەڵ چارەسەرکاری زانیاریی و لێکۆڵەری سیستەماتیکی پسپۆڕ بەپێی مەسەلەکان یان ناوچەکان، وە ئەم بەشەی دوای پرسیار دەوروژێنێت سەبارەت بە رۆڵی هەواڵگرییەکانی دیکە و چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم زانیارییانەی بەردەست، ئەمەشە کە لە بەندی (١٠٥٢)ی یاسای چاکسازیی هەواڵگریدا هاتووە کە کۆنگرێس ئارەزووی خۆی بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی هەواڵگری نیشاندا کەهەڵبستێت بە هەماهەنگی لە نێوان کۆکردنەوە و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و تەکنیکی زانیارییە هەواڵگرییەکانی بەردەست لەگەڵ ئاژانسەکانی هەواڵگریی دیکە، وە بەرێوەبەری ئاسایشی نەتەوەی هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی راپۆرتێك لەبارەی ئەم سەنتەرەوە.تەواوکاریی وەزیفی لە نێوان دەزگا هەواڵگرییەکان سەرباری ئەوەی ئەم رێککارییە وەزیفیە بنچینەیە بۆ پەیکەری رێکخراوەیی کۆمەڵگەی هەواڵگری، بەڵام لێکۆلینەوەی هەڕەشەکان و روبەروبونەوەیان پێویستی بە کۆکردنەوەی داتاکان لە سەرجەم بەشە جیاوازەکانەوە هەیە، بەو پێیەی لێی بکۆڵرێتەوە و ئامادەکراوبێت لەکاتی دیاریکراودا، ئەمەش رکابەرییەکە لە رابردوودا پێی هەستاوە وەکو ئێستا بەهۆی بوونی کێشەی تەکنیکی لە گۆڕینی زانیارییەکان و پێویستی بۆ پاراستنی نهێنی و ئاسایشی بەتایبەت هەندێك پێیان وایە هەڵەیەکی هەواڵگریی هەیە لە پاراستنی زانیارییەکان و قەدەغەکردنی لەو کەسانەی رەنگە پێویستیان پێبێت، ئەمەش وای لە کۆنگرێس کرد کە وابکات یاسای چاکسازیی هەواڵگری بونیادنان و دامەزراندنی سەنتەرێك بۆ ژینگەی هەواڵگریی هاوبەشی تێدابێت (ntelligence Sharing Environmentnte ) بۆ ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لەبارەی تیرۆرەوە. هەروەها کێشەیەکی دیکە هەیە کە هێشتا لەنێوان هەواڵگریی دەرەکی و ئەو زانیارییانەی لەنێوخۆدا بۆ جێبەجێکردنی یاساکان بەکاردێن بوونی هەیە ئەویش ئەوەیە کە بە ناوی «رێگرەکان» ناسراوە، کە زانیارییەکان لەم حاڵەتەدا لەنێو هەردوو دەزگا هەواڵگرییەکە بەکاردێن، هەواڵگریی دەرەکی بۆ دروستکردنی سیاسەت و ئامادەباشیی سەربازی بەکاردێت، لەکاتێکدا هەواڵگریی نێوخۆی بۆ رێ و شوێنی یاسای لەنێو خاکی ئەمریکادا بەکاریدەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆری ساڵی (٢٠٠١) (پاتریۆت ئاکت) توانی هاوبەشیکردنی زانیارییەکان جێبەجێکردنی یاسادا لە نێوخۆدا هەیە لەگەڵ لێکۆڵەرەوانی ئاژانسی هەواڵگریی دەرەکی، بەڵام مومارەسەکردن کێشەکەی چارەسەرنەکردووە، ئەمەش بووە هۆی دامەزراندنی سەنتەرێکی تەواوکاری بۆ هەڕەشەی تیرۆریستی (TTIC Terrorist Threat Integration Center) بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەهەردوو سەرچاوەی پێشوو، ئەو بەرپرسە لە لێکۆلینەوەو شیکردنەوەی زانیارییەکان و تەواوکاریی هەواڵگری لەنێو خۆیدا چی لەئاست ئاژانسی هەبوو بێت یان بۆ ئەوە بێت کە حکومەت داوای دەکات لەوەی پەیوەندە بە بەرنگاربوونەوەی تیرۆر، جگە لە تیرۆری ناوخۆیی رەها.

# ناكارایی پەرلەمان و كاریگەری لەسەر ئیش و كارەكانی حكومەت




**قسە كردن لەسەر ناكارایی پەرلەمانی كوردستان لەناو ڕۆشنبیران و نوسەران بۆتە بابەتێكی گفتوگۆ ئامێز و هەریەكەو بەدیدێكی جیاواز لەمەڕئەو بایەتە دەدوێت ، بۆیە بەپێویستمان زانی دیدو بۆ چوونی پسپۆڕێكی زانستە سیاسیەكان لەگەڵ نوسەر و ڕۆشنبیرێک وئەندامێكی پەرلەمانی كوردستان وەربگرێت**

**ئا: گۆڤاری چركە**

د. سالح مەلا عمر پسپۆڕ لەزانستە سیاسیەكان وماموستا لەكۆلێژی زانستە سیاسیەكانی زانكۆی سەلاحەددین سەبارەت بەناكارایی پەرلەمانی كوردستان دەڵێت « بەبڕوای من ناكارایی پەرلەمان بۆ چەند هۆكارێك دەگەڕێتەوە ، یەك لەهۆكارەكان ئەوەیە ئەو ئەندام پەرلەمانانە حزب هەڵیان دەبژێرێت ، زۆربەشیان وەك پێویست توانایان نی یە ، بەشێوەیەك كە بتوانن بەرگری لەمافەكانی خەڵك بكەن ، یاخود بەرگری لەوكەسانە بكەن كەدەنگیان پێداون ، چونكە سیستەمی هەڵبژاردن لەهەرێمی كوردستان سیستەمێكی داخراو بەشێوەیەكی حزبی یە ، دەنگ بەحزب دەدرێت نەك بەتاك و نوێنەرەكان ، ئەمەش وادەكات حزبەكان بەئارەزووی خۆیان هەركەسێك پیان خۆشەهەڵبژێرن ، كەلەوانەیە كەسەكە بەتوانا نەبێت ، یان كەسێكی شیاو نەبێت بۆ ئەو پۆستە ، كە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەكاتی دەنگ دان یان كاتی قسە كردن لەسەر كێشەیەك جۆرە خوێندنەوەیەكی واقیعبینانەی بۆ ڕووداوەكان نەبێت ، یاخود وەكو پێویست نەتوانێت بڕیار بدات ، یان لەبڕیارەكانی جۆرە هەڵەیەك هەبێت كەلەبری ئەوەی كێشەی خەڵك چارەسەر بكات بەداخەوە كێشەكانی خەڵك زیاتر دەكات . حاڵەتێكی تر دەبینین زیاتر ئەندام پەرلەمانەكان بۆ ئەوەی لەسیاسەتی حزبەكەی خۆیان دەرنەچن چونكە حزب ئەو كەسەی داناوە پێی دەڵێت كەدەبێ دەنگ بەفڵانەشت بدەی یاخود دەنگی لەسەر نەدەیت ، بۆیە ئەندام پەرلەمانەكە كاتێك دێتەناو پەرلەمان ناتوانێت لەسیاسیەتی حزبەكەی دەربچێت ، تەنانەت ئەگەر ڕەخنەشی هەبێت ، چونكە لەسەرەوە پێی گوتراتوە كەچ لەبەرژەوەندی حزبەكەی دایە ، بۆیە دەبێت گوێ لەحزبەكەی خۆی بگرێت چونكە بۆ خۆی خۆی نەپاڵاوتووە و ئەو پۆستە بۆخۆی بەدەست نەهێناوە ، بۆیە گەر گوێ لەحزبەكەی نەگرێت زۆر بەئاسانی حزب دەتوانێت ئەو ئەندام پەرلەمانە بگۆڕێت و كەسێكی تر لەجێگەی ئەو دابنێت ، بۆیە سیستەمی هەڵبژاردن كاریگەری هەیە و ئەو سیستەمەی لەكوردستان پەیڕەوی لێدەكرێت سیستەمێكی دروست نی یە ، پێویستی بەگۆڕانكاری هەیە بۆ ئەوەی پاڵیوراوەكان بەشێوەیەكی كراوە

بن ، ئەگەر سیستەمی حزبیش بێت حاڵەتێکی کراوەی هەبێت و دەنگ بەکەسەکان بدرێت ، بۆ ئەوەی کەسەکە ئەو کاتەی دەبێتە ئەندام پەرلەمان هەست بکات خەڵك دەنگی پێداوە ، ئەگەر کاری جدی نەکات جارێکی تر خەڵك هەڵی نابژێرێت ، لەو کاتە ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵکی بەتوانا بەرگری لەخەڵك بکەن .

ئەوپسپۆڕەسیاسیە لەوەڵامی ئەوەی ناکارایی پەرلەمان چەندە کاریگەری سلبی هەیە لەسەر ئەداو ئیش و کارەکانی حکومەتی هەرێم دەڵێت « بەدڵنیاییەوە کاریگەرێکی یەکجار سلبی هەیە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ، چونکە ئەگەر ئێمە تەماشای سیستەمی هەرێمی کوردستان بکەین سیستەمی پەرلەمانی یە ، پەرلەمان وەزیرەکان هەڵدەبژێرێت ، پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەبژێرێت ، بۆیە پێویستە ڕۆڵی پەرلەمان بەهێز بێت ، ئەو بێ توانایەی پەرلەمان کاریگەرێکی یەکجار زۆر سلبی لەسەر حکومەت دەبێت ، چونکە ئەگەر پەرلەمان بەتوانا نەبێت کارا نەبێت ، ئەوا حکومەتیش بەتوانا نابێت ، ئەگەر بێت وەزیرێك کارەکانی خۆی وەك پێویست جێ بەجێ نەکات پەرلەمان دەتوانێت وەزیرەکە بانگ بکات و بڕیار لەسەر ئەوە بدات ئەو وەزیرە لەسەر کار لاببات و کەسێکی تر جێگەی بگرێتەوە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی حزبەکان ئەندامەکانی پەرلەمان هەڵدەبژێرن ئەوا ئەندام پەرلەمانەکان دەکەونە ژێر ڕکێفی حزبەکان ، بەتایبەتیش ئەو سیاسەتە تەوافوقیەی پارتی و یەکێتی کە ئێستا هەیە وادەکات لەبەر بەرژەوەندی حزبەکان بانگی وەزیرەکان نەکرێت وەزیر هیچ کار نەکات ، یاخود زۆر کار بکات هیچ گۆڕانکارێك ڕوونادات ، تەنها بەگوێی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی خۆی بکات ، ئەوا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی بەرگری لێ دەکەن بۆ ئەوەی لەشوێنی خۆی بمێنێتەوە ، بۆیە پەرلەمانەکەمان تائێستا نەیاتوانیوە وەزیرێك لابدات بەهۆی کار نەکردنی . بەگشتی ئەندام پەرلەمانەکان و وەزیرەکان نەیان توانیوە ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن ، بۆ ئەوەی سیاسەتی هەرێم لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەمرۆ بگونجێت ، تاکو ڕایەکی گشتی جوان دروست ببێت ، کێشەکانی خۆمان بەشێوەیەکی ڕێکو پێك لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی باس بکەین و خەڵکیش گوێ لەکێشەکانی ئێمە بگرن و ڕای گشتی بۆ بەرگری کردن لەمافەکانی ئێمە لەسەر ئاستی دونیا بەدەست بێت .

خەمان زرار ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە باس لەڕۆڵ و ئەرکی پەرلەمان دەکات و دەڵێت « دەبێ یەك شت بزانین پەرلەمان دەزگایەکە دەسەڵاتەکانی دیاری کراوە ، پەرلەمان ناتوانێت هەموو شتێك بکات ، ئەوەی کەزۆر گرنگە لەبەردەمی پەرلەمان دەرچواندن و داڕشتنی یاساکانە ، پەرلەمان لەمێژوی دروست بوونی یەوە ژمارییەیەکی یەکجار زۆر یاسای دەکردوە ، ئەو یاسایانە هەرچۆنێك بێت لەسەر چ بنەمایەك بن ئەوە دیارە کۆمەڵێك هۆکاری ترهەیە ، بەڵام لەئەرکەکانیدا ئەرەکانی خۆی زۆرباش گرتوتە ئەستۆ بەلام جۆری کارەکان ، یاساکان ئەوە شتێکی ترە و گفتوگۆ هەڵدەگرێت ، ئەوەی پەیوەندی بەچاودێری کاری حکومەتەوە هەیە ، بێگومان پەرلەمان نەیتوانیەوە بەکاری خۆی هەلبستێت ، ڕەنگە هۆکاری ئەساسی ئەوە بێ ئەو حکومەتەی ئێستا لەکوردستان هەیە بەتایبەت کابینەی پێنجەم ، بەتەوافوقی نێوان حزبەکان بووە سروشتی کۆمەڵگاکەی ئێمە لە قۆناغی ئێستا کەتیایدا دەژین ئەوەیە دەبێ دەسەڵاتەکان بەدەست لایەنێك یان گروپێك نەبێ ، بەشێوەیەکی گشتی لەعێراق و کوردستان دیموکراتیەتی تەوافوقی و ڕێك کەوتن بوە بەمۆدیلێك .

ئەمە جگە لەوەی ئێمە دەزانین مێژوو و بەراواری ئەو حکومەتە دوورنی یە، لەپاش ئەوەی حکومەت ڕاگەینرا پێویست بوو کۆمەڵێك یاسا بۆ ئەو وەزارەتە نوییانە دەربکرێت ، تا ئەو وەزارەتانە دەکەونە سەر کار دەبێ تۆزێك وەختیان پێبدرێت یۆ ئەوەی ئیش و کارەکانی خۆیان بکەن ، من پێم وایە ئەو ماوەیەی ڕابردوو پەرلەمان بشیویستایە ڕەنگە نەیتوانیبا وەك پێویست زەخت لەسەر حکومەت بکات چونکە بیانوی ئەوە هەبو وەزارەتەکان تازە کەوتونەتە سەر کار ، بەڵام ئێستا وەختەکە بەسەر چوو ئەوە حکومەتیش کەوتۆتە سەر کار دەبێ لەئێستاوە زەخت بکرێتە سەر پەرلەمان و پەرلەمانیش بەرنامەیەك بۆ خۆی دابڕێژێت بۆ ئەوەی باشتر چاودێری کاروبارەکانی حکومەت بکات ، ئەمە جگە لەوەی یەك لەو هۆکارانەی کێشەی دروستکردوە ئەوەیە سیستەمی ئیداری لەوڵاتی ئێمە مەرکەزی یە ، هەموو دەسەڵاتەکان لەدەست ئەنجومەنی وەزیرانە .

بەنسبەت داڕشتنی یاساکان کە پەرلەمان نەیتوانیوە دەستور تەواو بکات ، هەموو یاساکان بەتایبەت دەستور دەربڕی ئیرادەیەکی سیاسی یە ، هەموو یاسایەك دەبێ بڕیارێکی سیاسی لەپشتەوە بێت ، کاری پەرلەمانیش وایە کاتێك یاسایەك دادەڕێژێت دەبێ لەسەر فەلسەفەو ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی بێت ، بەتایبەت لەدەستوری هەرێمی کوردستاندا ئەو بڕیارە سیاسیە لەکوردستان ڕاڕای پێوە دیارە ، تائێستا بڕیارێکی تەندروستی لەسەر نەدراوە لەسەرتای دروست بوونی پەرلەمانەوە ئەو جەدەلە هەیە ئایە ئێمە بڕیار بدەین دەستورێکمان هەبێ ، یان چاوەڕێ بکەین زروفەکە چی بەسەر دێت، بێگومان لەوەشدا کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی هەن ، وەك ئەوەی کوردستان ئێستا بەقۆناغێکی زۆر گرنگدا تێدەپەڕێت ، کێشە ناوخۆی و دەرەکیەکان ، هەموو ئەمانە وایان کرد ئەو مەسەلەیە وەك پێویست یەکلای نەکرێتەوە تائێستاش لەناو هەموو حزبە سیاسیەکان و ئەندام پەرلەمانەکان دوو بۆچوونی جیاواز هەیە بۆنمونە لەدیاری کردنی سنوری هەرێمداپەیوەستە بەماددەی سەدو چل ئەوە خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە تۆ ئێستا سیاسییەن مەسەلەکە یەکلابیێتەوە .

من وەك پەرلەمان تارێك پێم وایە دەبێ دەستوری هەرێم خیرای لێبکرێت ، دەبێ دەستورێك بۆخۆامان دیاری بکەین ، دوای ئەگەر زروفێك هاتە پێشەوە و پێویستی بەگۆڕانکاری هەبوو گۆڕانی تێدا بکەین دیسانشەوە بۆ چونی جیاواز هەیە کەپێان وایە دەبێ چاوەڕێی یەکلای کردنەوەی مەسەلەسیاسیەکان بکرێت .

سەبارەت بەپرسیاری بۆچی چەند کەسێکی کەم گفتوگۆی جدی لەسەر یاساکان دەکەن بەشەکەی تر تەنها دەست بەرز دەکەنەوە؟ ئەو ئەندام پەرلەمان ووتی « من پێم وانی یە پێویست بکات ئەندامی پەرلەمان لەهەموو بابەتێك قسە بکات ، هەندێ جار وایپێویست دەکات لایەنێك قسەبکات ، یان گروپێك قسەبکات ، یاخود کەسانی پسپۆڕقسە بکەن بەبڕوای من زیاتر هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگرێتەوە نەمان توانیوە بەرنامەیەکی تەواو بۆ پەرلەمان دانێین ، بۆ ئەوەی کارەکان ڕێك بخرێن ، پێویست کاتێك یاسایەك دێت پێش هەموو شتێك دەبێت فراکسیۆنەکان بڕیاری خۆیانی لەسەر بدەن ، ئینجا رەئیی لیژنەی یاسایی ڕونبێت ، کێشەکە لەوەدایە کۆمەڵێك خەڵك هەن بەنوێنەری حزبێك هاتونەتە ناو پەرلەمان بەڵام کادیری ئەو حزبە نی یە ، ئاگاشی لەئایدۆلۆژیاو فکری ئەو حزبە نی یە بۆیە زۆر جار بۆچونی جیاواز لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان دروست دەبێت ، کە بەشێك لەو ڕەئیانە گوزارشت لەبۆ چونی حزبەکی ناکات ، وە بەشێك لەئەندمانی پەرلەمان هەن کە ڕەنگە زۆر ئاگایان لەمەسەلەسیاسیەکان

نەبێ ، لەبەرئەوەشە لەکاتی جەدەلەکان ڕەنگە زۆرئاگای لەمەسەلەکە نەبێ.
لەوەلامی پرسیاری پێت وانیە بەدرێژای ژیانی لە پەرلەمان ئەندام پەرلەمان هەیە بۆ یەك جار قسەی نەکردەوە ؟ خەمان زرار دەڵێت « بێگومان هەن ، ئەمە خاڵێکە دەبێت قسەی لەسەر بکرێ، لەهەموو پێکهاتە جیاوازەکان و لەهەموو حزبەکان ئەو دیاردەیە بەدی دەکرێت ، بۆیە پێویستە هەموو حزبە سیاسیەکان کاتێك کادیرێك دەنێرێت بۆ پەرلەمان هەوڵ بدەن باشترین کادیرەکانی خۆی بنێرێت ، هەموو حزبەکانیش کادیری باشیان هەیە ، بەڵام زۆرجار خەڵکێك لەسەر ئەساسی علاقاتی شەخسی پۆستەکان وەربگرێت ، کە لەکۆتایدا هەم زەڕبە بەدەزگاکە دەگەێنێت ، هەم زەڕبە بەحزبەکە دەگەێنێت .
ئاسۆ جەبار نوسەر و ڕۆشنبیر لەسەر ناکارایی پەرلەمان دەڵێت « لەهەر وڵاتێکدا یاسا نەبێت ، دادگا سەروەر نەبێت ئەوا پەرلەمانیش ناتوانێت قسە بکات ، لێپێچینەوە بکات ، لەکوردستان ئەو شتە دەبینین ، لەبری ئەوەی یاسا سەروەربێت گەندەڵی سەروەرە ، لەبری ئەوەی دادگا سەروەربێت بەرپرسان سەروەرن ، هەر وەڵاتێك بەرپرس تیایدا دەسەڵات دار بوو ، ئەندامەکانی بەرزی حزب دەسەڵاتدار بوون ، ئەو وڵاتە بەرەو وێرانی دڕوات لەڕووی گەندەڵی ، ناعەدالەتی و یاسایی وە ، لەبەر ئەوەی هەمووی پەیوەندی بەیەکەوە هەیە ، بۆنمونە ئەردەن نیوەی بودجەی کوردستانی نی یە بەڵام ئەردن بەبەراورد بەکورستان وەك بەهەشت وایە ، ئەوە دەلیلی ئەوەیە یاسا نی یە لێپێچینەوە نی یە ، هۆکاری ئەوەیە پەرلەمانێکت هەیە تەنها دە بۆ پانزە کەسی چالاکی تێدایە ، بەداخەوە ئەوانیش یاسا لەپشتیانەوە نی یە ، ناتوانن وەزیرێکی وەکو وەزیری ڕۆشنبیری پێ بدەنە داداگا و پێی بڵێن کاکە تۆ سێ ملیۆن دۆلارت لەچوار مانگدا چی لێکردوە ، پێی بڵێن تۆ خەریکی فیستڤاڵی بۆ شاعیرە مردوەکان ، پێی بڵێن ملیۆن و نیوەك کەموچەی پێنج دەرچووی زانکۆیە دەیدەی بەگوڵ بۆ ژورەکەی خۆت ، لێپێچینەوە ئاوا دەکرێت ، بەوەزیری ئاوەدانکرنەوە بڵێیت کاکە تۆ ئاوەدانی دەکەیتەوە یان وێرانی دەکەیت ، کاتێك تۆ دەڵێت ئاوەدانی دەکەمەوە ئایە ئەوە ئاوەدان کردنەوەیە جادەیەك سەد جار هەلدەکەنی ، ئایا ئاوەدانکردنەوەیە لایەکی شار توشی سك چون دەبێ، ئایە ئاوەدانکردنەوەیە کە کۆلێرا بڵاو دەبێتەوە ، ئەوە حەقیقەتێکە دەبێت پەرلەمان کاری لەسەر بکات ، کار بۆ ئەوە بکات درۆ و حەقیقەتەکان لەیەکتری جیا بکەنەوە ئەمە بەئیش کردنی جدی پەرلەمان دەکرێت ، من پێم وایە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی بێ ساحیبە ، سوڵتەی ئەو وڵاتە سوڵتەی حزبە ،ئەو ڕۆتینی یە ئیداری و گەندەڵیە ئیداریەی کە لەم وڵاتە دا هەیە ، ئەو گەندەڵیە دارای یە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە لەدونیادا نی یە ، پەرلەمانێکمان هەیە لێپێچینەوەی توند لەگەڵ وەزیرەکاندا ناکات .
لەوەڵامی ئەوەی چۆن دەتوانرێت پەرلەمانێکی کارا بەرهەم بهێنرێت ، پەرلەمانێك بتوانێت لێپێچینەوە بکات ، ئاسۆ جەبار ووتی «یەکەم شت ئەوەیە حزب دورکەوێتەوە لەدادگا حزب لەکوردستاندا دەستی خستۆتە هەموو شتێکەوە ، لەهەر شوێنێکیش حزب دەستی خستە ناو هەموو کایەکانەوە ئەو وڵاتە وێران دەبێت ، ئێمە دەبینین دادگا لەهەرێمی کوردستان دادگای حزبە ، بۆیە گەر دادگا سەروەر نەبوو پەرلەمان دەبێتە دەسەڵاتێکی کەم توانا و ناتوانێت لێ پرسینەوە لەهیچ شتێکدا بکات ، بۆ نمونە بۆ تائێستا پەرلەمان لێپێچینەوەی لەسەر ئەو هەموو ڕاپۆراتانە نەکردوە کە لەسەر وەزیرەکان بڵاو دەکرێنەوە ، وەزیر هەیە دەیەوێت تائەو ڕۆژەی دەمرێت هەر وەزیر بێت ، وەزیر هەیە دەڵێت تا ددانم لەدەمدا بێت دەبێت من وەزیر بم ، ئەمەنەگبەتی یە بۆ ئەو وڵاتە .... هتد بۆ کارابوونی پەرلەمان دەبێت دەسەڵاتی داداگا لەپشت پەرلەمانەوە بێت ، بەڵام بەداخەوە هەر لەسەرەتادا ویستیان پەرلەمان لەبار بەرن بەپارەیەکی زۆری ئەندام پەرلەمانەکان ، من لەو باوەڕەدام ئەگەر کەسێك سەیارەکەی بای سێ چوار دەفتەر بێت بڕواناکەم کاتی ئەوەی هەبێت بیر بکاتەوە ، دەبێ ئەندام پەرلەمان بەپاسکیل هاتوچۆ بکات ، سەرلەبەری ئەندام پەرلەمانەکان سەیارەکەیان بای سێ چوار دەفتەر دۆلارە ، کە ئینسان دۆڵەمەند بوو بەتایبەت دۆڵمەندێکی بەکار بەر ، کە زۆربەی وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم و ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان دۆڵەمەندی بەکار بەرن ، موچەیەکی زۆر وەردەگرن لەکەمالیاتدا سەرفی دەکەن ، بۆیە من پێم وایە ئەو جۆرە دەوڵەمەندانە بیر ناکەنەوە.

**پەرلەمانتار هەیە بەنوێنەری حزبێک هاتۆتەپەرلەمان بەڵام کادیری ئەو حزبە نی یە**

**********

**وەزیر هەیە دەڵێت تا ددانم لەدەمدا بێت دەبێت من وەزیر بم**

## فەرهاد پیربال

# یەکێتی نوسەران دوکانێکی ئاشکرای مەزەو بیرەیە:



**نووسەر و رۆژنامەنوس و مامۆستای زانکۆ فەرهاد پیربال لە دیمانەیەکی بۆ گۆڤاری چرکە باس لە رەوشی ئێستای نووسەر و رۆشنبیران و گرنگی پێدانی وەزارەتی رۆشنبیری پێیان و ئەو زۆری و بۆریەی کە ئێستا لە بواری رۆژنامەگەریدا هەیە دەکات.**

**دیمانە : محەمەد فەریق**

***ئاستی رۆشنبیری و فکری و ئەدەبی لە کوردستان چۆن دەبینی؟*** خراپی دەبینم لەبەر ئەوەی ئەو رەوشەی کە هەیە بەرهەمێکی روکەشی چالاکی رێکخراوەیی و دام ودەزگایی وزارەتیەکانە . ئەو جۆرە بەرهەمەش نەك لە وڵاتی ئێمە لە هەموو وڵاتێك قوڵ وجدی و ئەکتیڤ نین ، بەڵکو زۆرتر وەکو روخسارێکی دام و دەزگایی حزبی و حکومەتی دێنە بەرچاو لەبەر ئەوەش فاسیلە و خەرەندێك هەیە لە نێوان خەلك و رۆشنبیری . تاك وتوك چەند کتێبێکی چەند نووسەرێك و چەند ووتارێکی چەند نوسەرێك هەروەها وتاری چەند رۆژنامەنوسێك دەبێنم زیاتر نا . جاریَ ئەکادیمییەکان هەر وەکو حاڵی ئەکادیمیەت و توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی وێران بووە ، جگە لەوەش ئەو دینامیکیەتەش هەروەها ئەو چالاکیە کە پێویستە رۆشنبیرەکان بە ژیانی کۆمەڵایەتیەکان، بە تویژە جۆر بە جۆرەکانی وڵات بدا نیە، ئەمە لە حاڵەتێك کە لە وڵاتان زۆر جار بڵاوەبونەوەی کتێبیك کارێگەری خۆی دەنوینێت بەسەر سیاسەتی ئابووری و خارجی، لێرەدا ئەوە نابینرێت ئەوەم پێم ناخۆشە. زۆر جار باس لە مەسەلەی ئازادیش دەکرێت ئازادییەکی رێژەیی مان هەیە لە کوردستان من بە دەنگێکی بەرز ئەو قسەیە دەکەم نوسەر و رۆشنبیر دەتوانێت ئەوە بلێت کەدەیەوێت، بەڵام ئەمە بەتایبەتی لە چاو ئێران و سوریا و لە چاو زەمانی جاران سەدامە، هەروەها ئەو هەژاری و کەسادەی کە لە ناو رۆشنبیری و رۆشنبیرانی کورد هەیە زۆر بەدا خەوەم بۆ ئەوە.

***بۆچی لە کوردستان زیاتر پەنا دەبردرێتە بەر کتێبی وەرگێڕاو و بەرهەمی خۆمان نیە لە رووی رومان و چیرۆکەوە؟***

ــ بەتێگەیشتنی من لەبەر ئەوەیە

ئەوەیەك هەیە پیرە کوتایی بە ئەزموون و تواناکانی هاتووە زۆربەی زۆریشیان خەڵاتیش نەکراون تاك تاكە نەبێت ، لێچونەتەوە ئەمە عەیبیك نیە شەرمەزارێك نیە حاڵەتێکە هەموو کەس پیر دەبێت . کەواتە ئەم نەسلە نابێت چاوەڕێی لێ بکەیت رۆمانت بۆ بنوسێت. بە نسبت نەوە تازەکەش کە بەختیار عەلی یەکێکە لەو نەوە تازانە و شێرزاد هەر گەنج حسیبە بەو وزەو توانایی کە هەیەتی . بەنسبت ئەوانی تر وا تێدەگەم نەیانتوانیوە سەردەمە نوێیەکەی خۆیان هەرس بکەن و سەردەمە نوێیەکەی خۆیان ترجمە بکەنە سەر زمانێکی رۆمان نووسانە لەبەر ئەوەی رۆمان نووسین توانایی دەوێت بەهرەو و روانێنیکی فەلسفەیانەی دەوێت بە مانای رۆانێنیکی هونەرمەندانەی تاکرەو ئەگینا من تاکو ئێستا بە دەستی خۆم زیاتر لە چوار پێنج نوڤل و نێمچە رۆمانێکم خویندەوەتەوە و وشەم بۆ یەك دووانیکیان نووسیوە، هەیە بەڵام کامل نیە و نەگەیشتووتە ئەو ئاستەی بتوانێت دیسکورێك و خیتابیکی معرفی هەبێت بۆ ئێنسانی سەردەمی خۆی .

*** چۆن دەروانیتە ئەو زۆری و بۆریەی رۆژنامەو گۆڤارەکان لە کوردستان؟ ئایا پێت وایە نیە دەبێ وەزارەتی رۆشنبیری پێداچوونەوەی هەبێ؟**

ــ هەڵبەتە هەموومان دەزانین زۆربەی هەرە زۆر، لە ٩٠٪ رۆژنامەکان ئەگەر مەبەستت گۆڤارەکان بێت ئەوانیش لەلایەك بەکۆمەکی حزب وحکومەتەوە دەردەچن ئۆتۆماتێکی کرچوکالیان دەبێت، لەلایەکی دیکەشەو هەمان هۆکاری پابەند بوونی مادی کە بۆ ئەو حزبە ئیش بکە و خاتری ئەو لایەنە بگرن کە حکومەتە کە کۆمەکی مادییان دەکات. زۆرتر گۆڤارو رۆژنامەکان بۆ من وەکو حاڵەتێکی (تەسلیە) دایەو دڵی پێخۆش بکەیت، بۆیە کاتێك من گۆڤارێك یان رۆژنامەیەك دەگرمە دەست یان بۆمی دەهێنن یان دەکرم راستەوخۆ هەر لە هەمان کاتژمێر دیدەمە منداڵەکانم لەبەر ئەوەی بۆ کارێکی معرفی و رۆشنبیری تەرخان نەکراوە هێچ کامیکیان پەیامێکی تایبەت بە خۆیان نیە ، جیهانێکی تەرخان کراوی تایبەت بە خۆدی خۆیان نیە. رێگا گۆڤارێکە کە بەم دوایی دیومە عینن هەفتانەیە و هەفتانەش عینن گوڵانە خەنجەر لەکایە و زیادە مەسرفە. پێویست نیە وەزارەتی رۆشنبیری پێیدا بچنەوە چونکە ئەوانەی کە بەمەسەلەکە دا دەچنەوە نایکەن، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندییان نیە لەبەر ئەوە خۆمان هەڵنەخەڵەتێنین لە جیانی ئەوە بیین داوا بکەین یان خودی ئەو باڵا دەستانەی ئەو سیستەمەیان داناوە نازانم سەرۆکی حکومەتە، دەستەیەکی باڵایە لە ئەنجومەنی وەزیران نازانم کێ یە وە راستەوخۆ دەڵێم حکومەت سیستەمە رۆشنبیرییەکە بگۆڕن. سیستەمە رۆشنبیریەکە لە میتودی خزمەتگوزاری میللەتەکەوە پارە دەدەنە ئەم هەموو دەزگا و وەزارەتە و سەنتەر و ریکخراوە و شخێیاتە بۆ ئەوەی بەمانای کەلیمە دەڵێم بێ هێچ ئامانجێکی جدی و سەرەکی سەرف بکەن خزمەتی میللەت بکەن کەبە هێچ شێوەیەك خزمەت نیە . پێویستە بێن سیستەمێکی بەرهەم هێن دروست بکەن، بەرهەم هێن بە مانای ئەوەی چ ووتارێك، راپۆرتێك یان تویژینەوەیەك هەرچی شتێك بێت کاتێك بڵاو دەبێتەوە بەرهەم هین بێت کاریگەری خۆی هەبێ. سیستەمێکی بەرهەم هین پێویستەبێتە ئارا بۆ بەستنی رۆشنبیرییمان.

***ئایا پێت وایە گۆڤارێک هەبێت لە کوردستان کە ئەهلی و سەربەخۆ بێت؟**

ــ ئەگەر مەبەست لڤینە کە ئەهلی بێت ئەڵێن هێچ گۆڤارێك نیە بزانە فرت و فێل زۆر پێدابووە من سەرم لێ دەرناچێت دەزانم فڕت و فێلی زۆر هەن لە پەنا وە لەم لاو لەولا کە پارەی پێ پەیدا دەکات و چالاکی پێ دەکات وە دەڵێت ئەهلیە، کاتی خۆی کە مەلایمشهوور دەردەچوو گوتیان ئەهلیە و دوایی دەرکەوت کەوا نیە و بووجەکەی بڵاوکرایەوە. گۆڤارێکی باش بوو حەیف داخرا خۆزگە هەموو گۆڤارەکانیش بەشێکی زۆریان وەکو مەلای مەشهوور دەبوون کاتی بێ ئیش دەبم بیر لەو شتانە دەکەمەوە، چەند دەیهێنم و دیبەم ناچێتە ئەقڵمەوە . راستیەکەی لڤین ئەگەر بەکۆمەکی حزبی بەعس دەربچێت من کارم بەسەری نیە چونکە گۆڤارێکە ئەگەر چی هەندێ جار دەبێتە هۆی برینداری کردنی فلان کەس و فلان تەرف بەڵام گۆڤارێکی وروژینەرە گۆڤارێکە بارودۆخ دەورژینی دەیەوێت گوبەندێك بنێتەوە گۆماوەکە بشڵەقێنێ. من ئەم جۆرە گۆڤارەم بە دڵە هەمێشە ووتومە من لەگەڵ هەموو وروژاندنێکم هەمیشە لەگەڵ هەموو شلقاندنی هەر گومێکی وستاوم لڤین و جۆری گۆڤاری وەکو لڤین کومەکیان لەهەر چ شوێنی بێت بەلای من گرنگ نیە .

*** راو بۆچونت سەبارەت بە دروست بوونی ماڵی رۆشنبیری عەرەب لە کوردستان چیە؟**

ــ من (گو) دەکەمە هەر ماڵیکی عەرەب لە کوردستان دروست بێت چونکە تەشقەلەیەکی تازیە بە هەموو ئامانجێکی سیاسی، کومەلێك ئامانجی ئەوها بە زۆری وزۆرداری لەگەڵ بغدا ئاشت ببینەوە لەگەڵ عەرەب ئاشت ببینەوە من لەو کاتە پێم خۆشە و دەتوانم برایەتی کورد و عەرەب شانازی پێوە بکەم کاتێك لەئاستی عەرەب

**سەرۆکی حکومەت باش ئەکات بەشداری لە هیچ چالاکیکی وەزارەتی روشنبیری ناکات چونکە لەوانە لە هەر ئان وساتی کارەبا بکوژێتەوە**

قبوڵ بکریم خۆم گەیانبێتە ئەوەی کە هاوشانی عەرەب راوستم و قسە بکەم لەبەر ئەوە پێم وانیە کارێکی جیدی بێت چیشیان کرد با بیکەن. داواییان لێ کراوە بێ دەنگ بن چونکە ئەم شتانە هەموو بە ئیعاز دەکرێت. گەورەی گەورەکان بەگەورەکە دەڵیت و گەورەکە بەناوەراست دەڵێت و ناوەراست بە بچووك دەڵێت بچووکیش بە خواریی دەڵێت زۆرنای لێدن هەڵپەرن وا لەخەلك بکەین کە مالێکی خۆشە، کوردستان ئاوەدان دەکاتەو، لە جیاتی ئەوەی مالی عەرب دروست بکەین با مالی ئەنشتاین مالی نیوتن ، مالی گۆرانی بیژی ئەمریکا مایکل جاکسۆن دروست بکەین، مالی شامی شابوور دروست بکەین، هەزار و شەست ساڵ زیاتر ئێمە لەگەڵ عەرەب دەژیین نەك تەنیا ئیستفادەی پوشکەیەکمان لە عەرەب نەکردوو تەنانەت هەر موێیبەت و بەلایەك بەسەر کورد هاتبیت سەبارەت بەوە بووە کە کورد خۆی بە عێراقی زانیوە. کەواتە تۆ دەبێت ئەم بەڵایە لە کۆل خۆت بکەیتەوە نەك لە ناو ماڵی خۆت ماڵی عەرب و مالی عیراقی دروست بکەیت.

# من گو دەکەمە هەر ماڵێکی عەرەب لە کوردستان



کاریگەری خۆی هەبێ. سیستەمێکی بەرهەم هین پێویستەبێتە ئارا بۆ بەستنی رۆشنبیریمان. گەورەی گەورەکان بەگەورەکە دەڵیت و گەورەکە بەناوەراست دەڵێت و ناوەراست بە بچووك دەڵێت بچووکیش بە خواریی دەڵێت زۆرنای لێدن هەڵپەرن وا لەخەلك بکەین کە مالێکی خۆشە، کوردستان ئاوەدان دەکاتەو، لە جیاتی ئەوەی مالی عەرب دروست بکەین با مالی ئەنشتاین مالی نیوتن ، مالی گۆرانی بیژی ئەمریکا مایکل جاکسۆن دروست بکەین، مالی شامی شابوور دروست بکەین، هەزار و شەست ساڵ زیاتر ئێمە لەگەڵ عەرەب دەژیین نەك تەنیا ئیستفادەی پوشکەیەکمان لە عەرەب نەکردوو تەنانەت هەر موێیبەت و بەلایەك بەسەر کورد هاتبیت سەبارەت بەوە بووە کە کورد خۆی بە عێراقی زانیوە. کەواتە تۆ دەبێت ئەم بەڵایە لە کۆل خۆت بکەیتەوە نەك لە ناو ماڵی خۆت ماڵی عەرب و مالی عیراقی دروست بکەیت.

*** ئیش و کارەکانی وەزارەتی رۆشنبیری چۆن دەبینی؟**

ـ قوربان من بەتایبەت ئەو ماوەی ئەخیر هەر کاتێك گوێم لە وزارەتی رۆشنبیری دەبێت لەلایەك بەزیم بەو وزارتە دێتەوە لەلایەکی تریش پێکەنینم پێ دێت ئەوەندە فقیرحاڵ و گوناهە .ئەلێن وای لێهاتوو من حەز ناکەم ڕەخنەی لێ بگرم وزارەتی رۆشنبیری لە خزینەیەکی پارە زیاتر هێچی تر نیە. نەپلانێکی هەیە نەنەخشەیەکی بۆ دوا رۆژ و بۆ ئێستا هەیە، تەنها بریتیە لە کومەلێك خەزینەی بچووك بچووك هەڵبەتە دوای موافقە وەرگرتن لەو خزینە ڕا دەکەن و دەیبەنە دەرەوە، بۆیە کاتێك ڕێم بەلای معمل مافووری دەکەویت ئاوردەدەمە وزارەتی رۆشنبیری ئەو لاوە، وای دادەنیم



کەخزینەیەکی گەورە بێت و کاتێك فەرمانبەرەکانی دەبێنم لە خواری تا سەرەو بە مسئول خزینەیان دادەنێم هیچی تر چونکە هیچ دیکەی تێدا نابێنم.

***راو بۆچوونت سەبارەت بە هۆڵی پێشەوا لە وەزارەتی رۆشنبیری؟**

ــ عەلاقەم لەپیرۆزی نیە حەز دەکەم واقعی بیر بکەینەوە، من بەس کارم بەو هەیە پرسیاریك لەو کەسانە بکەم کە ئەو ئیشانە دەکەن بە دریژایی ئەو کاتەی ئێمە لە کوردستانی عیراق کە ئازاد بوینە لەساڵی ۹۱کەوە ئایا چ وەفدێکی کوردستانی عێراقی چ وفدێکی زانستی زانکۆیی هەتا ئەدەبی کوردستانی عیراق توانیویەتی پێ بنیتە خاکی عێراق پیشەوازی لێ بکرێت. بەلکو لەناو وەزارەتی رۆشنبیری ئێران پیشوازی لێ بکرێن، تەنانەت لەگەراجێکی پر زبڵ خانەی ئێران پیشوازی لێ بکریت. ئەڵێن یەك نوسەری کوردستانی عیراق و یەك هونەرمەندی کوردستانی عیراق بانگ هێشتی نەکراوەتە ناو ئاودەست خانەیەکی خۆش جا ناو وزارەتەکەی خۆشی . ئەم رەفتارەی لە وەڵاتی ئێمەدا هەیە لەخۆ بە بچووك زانین و گێلی سیاسییە، بەمانای کە نازانین ریز لە خۆمان بگرین کاتێك تاکە کەسی کوردی دەبێنێت لە ئاستی وزارەت ئەو ریزلە خۆنەگرتنە هەیە ئەو خۆ بەکەم زانینە هەیە ئەو بیگانە پەرستیە بوش و بە تاڵە بێ ئامانجە بێ ستراتیژیە هەیە. تاکی کوردیش چاو لە گەورەی خۆی دەکات ئێستراتیژی ،بێ متمانە بە خۆ دەردەچێت، نەفسێکی نزم لەناو تاکی کورد دروست دەبێت بۆیە من واتێدەگەم رەنگدانەوەی خەتەری هەبێت. هەمان قسە بەنسبت عیراقیش ڤیستڤالی ساڵانەی گەلاویژ عەرەب دەعوەت دەکەن ئێرانییەکان دەعوت دەکەن وزارەتی رۆشنبیری هەولێر ، لە هەولێر لە مناسباتەکان نازانم ماوەیەك پیش ئێستا مەلا و قۆرئان خوێن و مقاماتی عیراقی و ئەو شتە قۆرانەیان هێناوە پارەیەکی زۆری سەرف دەکەن بێ ئەوەی ئەوان ئەگەر عیراق و ئەگەر ئێران حز بکات گوی خۆی بە کڵاوی ئێمە بپێوێت ئەمە لە ئاستی شەخسیش جوان نیە من جارێك دەعوتی تۆم کرد دەبێت تۆ جاریکی تر دەعوەتم بکەیت سەقەتە بیرکردنەوەمان سەقەتە رەفتارمان سەقەتە سیاسەتی رۆشنبیریمان، نازانین چی دەکەین ستراتیژمان نیە زۆر گەوجانە پارە سەرف دەکەین بێ هێچ ستراتیژیەتیك .

*** چۆن دەڕوانیتە یەکێتی نوسەرانی کورد؟؟**

ــ یەکێتی نووسەران دوکانێکی دیکەیە لە ریز دوکانەکانی دیکەی دام و دەزگا حزبی و حکومی بەناو رۆشنبیرییەکان، هەر چی سیفەتێکی معرفی و رۆشنبیری هەیە لە یەکێتی نووسەران سەندراوتەوە. کە دەڵێم دوکانە ئاشکرایە بیرە و مەز و ئەنواع و اشکالی عارەق و جاجگ ئەوانەی تێدادەفرۆشریت چایەکەی بە خۆراییە من زوو زوو دەچمە ئەوی مانگی جارێك سەردەدەم بەڵام هەڵگری هێچ سیفەتێکی رۆشنبیری و معرفی کە لە یەکیتی نووسەرانی جیهان چاوەری دەکرێن نیەتی. مانگی جاری سێ مانگ جار کۆرێك دەکات و ۱۱کەس دیت دادەنیشێت ئەمە لەگەڵ گۆڤارێکی مانگانە بڵاو دەکریتەوە ئەم دوو سیفەتی کیفایەت نیە خۆمانی پێ هەڵخەڵەتێنین لەبەر ئەوە یەکێتی نوسەرانیش لەگەڵ ئەو پەری ریزم بۆ ئەندامەکانیان کە هەموویان هاورێی خۆشەویستن و تاك تاك نووسەری باشی تێدایە، بەڵام گوناهە بەراستی پێم حەیفە مسئولیتی دەزگایەکی بوش بخەنە ئەستۆی خۆیان. وای تێدەگەم یەکێتی نووسەران حالێ وەکو زۆربەی دەزگا بەناو رۆشنبیرکانی دیکە بەرهەم هێن نیە.

***ئایا دامەزراندنی کۆری زانیاری سودی هەبووە؟**

ــ قوربان کیفایەت بە کۆڕی زانیاری دەڵیم گۆڕی زانیاری کوردستان ئەمە کیفایەتە ئێتر ئەمە دەربرینە هەر یەکێك لەبنی دوونیا گویی لێبیت دەزانیت من بۆچی ئەم قسەیە دەکەم .

***جیاوازی هەولێر و سلێمانی لە رووی نیش و کاری هونەری نوسین و لە چی دا دەبینی؟**

ـ من وا تێدەگەم کومەڵێك مسئول هەن لە سلێمانی بەتایبەتی لەناو **حزبەکان کە** پێگەیان لە سلێمانیە، سلیمان چییەتی دەکەن بەمانایی ئەوی کە هەقی خۆیانە ئافەرین بۆیان کە سلیمان چییەتی دەکەن لەبەر ئەوەی تۆ نەتوانی بەر دەرگای مالی خۆت پاك بکەیتەوە ناتوانێت گەرکەکەت جوان بێت. چونکە لەوێ بزاڤێك کە سەرچاو مادییەکەی دەگەرینەوە بۆ چەند دەستێك کە ئەگەر حزبی ،ئەگەر حکومی یان ئەگەر زۆر کەمتر شەخێی بەتەنگی کاری رۆشنبیرانەی ئەو تۆن کە ئەگەر چی رۆخساریك پرۆپاگەندی هەبێت بەڵام هەر دەیکەن ئەگینا بە شێوەیەکی گشتی حاڵی رۆشنبیری سلێمانیش لە چاو حاڵی رۆشبیری هەولێر باشتر نیە . هۆیەکی دیکە ئەم بێ دەنگییەیە کە من پێم وابێ ئەوەیە کە هەولێر لە لایەن دام دەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرێوە دەبردرێت، لەناو پارتی من واتێدگەم بالی محافزکارانە زیاتر هەیە . بالی محافزکارانە لەناو پارتی کە هەولێر بەریوە دەبەن راشکاوانە قسە دەکەم بڵاوترین مەسەلن من لای خۆمەوە قسە دەکەم بەتەجربە دیومە ئەوەندی هەولێر لە خۆپیشاندان و مانگرتن دەترسن سلێمانی ئەوەندە ناترسی هەزارن مامۆستا لە سلیمانی لە یەکێك لەو ساڵانەی پیش ئەوەی من بکەومە سەر فەیلەکان رۆژانە لە ناو شەقامەکان خۆپیشاندانیان سازدا و هاتنە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران یەك مامۆستا نەقل نەکرا . لە کاتێك ئێمە حەوت مامۆستا بووین لە کولیژی پەروەردە مانمان گرت سێ لەو حەوت ماموستاییان نقل کرا یەکێکش لەوانە من بووم کە گەیشتە فێل کردن ئەوەیە فەرقی هەولیر و سلێمانی ئەوەیە فەرقی دەزگاکانی سلێمانی لەگەڵ دەزگای هەولێر ،هەمان خاسیەتی دەزگایی کە دەزگاییەکی ئەکادیمیەیش زانکۆ لەناو دەزگا رۆشنبیرکانیش دا هەیە . ئەمە وای کردووە کە هەولێر جەنگی زیاتر لەسەر بێت وای کردوو هەولێر دەست و بالێ زۆرتر بەستراییتەوە، ئەمە جگە لەوی کە پایتەختە و حکومەت زۆرتر بە تەنگەییەویتی. لە سریشمەوە خۆپیشاندانێکی کرا لەکەلار خۆپیشاندانێکی کرا ئەیێلن حکومەت گوێی لێ نەبوو باشیش

دەزانێت لەسەر حەقن، کە شەهیدیشی لێ کەوتەوە لەسەر ئەوە بوو کەئاوییان نەبوو فقیرانە ئەوانی تر لەسەر ئەوە بوو کە سوتەمەنیان نەبوو فقیرانە . متاکدم لایەنی بەرپرس دەزانن لەسەر حەقن ، بەڵام لەلایەك بۆیان جێ بە جێ ناکات لەلایەکی تر ئاوریان لێ نادادەوە خۆپێشاندانێکە و چی زۆر پولیس زۆرە و هەرچی فلاحی هەورامان هەیە هەموویان هێناو کردوویانن بە پولیس لە خەلکەکەییان بەردەدن بەیەك دووسەعات ئەو پەری یەکێك شەهید دەبێت و عیلاجی دەکەن گویان لێ نیە . بەڵام لە هەولێر دەترسن دەنگ دەداتەوە هەولێر پایتەختە لەبەر ئەوە هەولێریی دووجار بەختی نیە لە چاو سلێمانی جاریکیان لەبەر ئەوەی پایتەختە دەبێتە قوربانی ئەمنی قومی کوردستان لەلایەکی دیکە ئەو دەسەڵاتەی هەولێر بەرێوە دەبات سیفەتێکی محافزکارانەی هەیە کاتێکی زۆری دەوێت هەولێر ئەگەر بیانەوێت ئەو دەسەڵاتەیی هەولێر بەریوە دەبات بیگەیێنێتە ئاستیکی کراوەتر ئاستیکی ئەوها لە بەرژەوەندی گەشەسەندنیکی بەپەلەی هەولێری بێت،بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەولێر لە چاو ئاکری کە تا ئێستا نادییەکی عارەق خواردنەوە تێدا نیە بەختەوەرترە.

*بۆچی هەولێر بەختەوەرترە لە چاو ئاکرێ؟*

ـ لەبەر ئەوەی هەولێر پێنج تا شەش نادی عارەق خواردنەوەی هەیە بۆ ئەو خەڵکەی کە غەم و خەفەتی زۆرە و بێ ئیش و کارە جار جاردەچی قومێك ئارەق دەخواتەوە و بۆ ئەوی خەوێ لێ بکەوێ.

***ئایا بوجەی وەزارەتی ئەوقاف لە وەزارەتی رۆشنبیری زۆرترە کە تا ئێستا هەموو مزگەوتەکان لە کوردستان روخاون و ئاوەدان کراونەوە کەچی هیچ گرنگیک بە کتێبخانە نادرێ لە کوردستان؟***

ـ من رقم لەو سیستەمەیە کە ئەو فەرق و جیاوازییە گەورەیەی دروست کردووە لە نێوان کتێبخانە و مزگەوت، لەعنەتی لێدەکەم کە ئەو جیاوازییە گەورییە دروست کردووە. ئەو هەموو ژمارەی مزگەوت لە چاو ئەو یەك دوو کتێبخانە گوناهە و قوڕ بەسەرە، رقم لەو سیستەمەیە لەعنەتی لێ دەدەم بەڵام تێناگەم منیش بەڕاستی و دەڵێم ئاخیرن ئاستی داوە شانوو گەوجی رۆشنبیری هەریمی کوردستانە، بۆ وایە نازانم لە ٩١وە ئێمە ئازادین معقولە حکومەت و وزارەتی رۆشنبیری و پەروەردە نەزانن کە بوژانەوەی کتێبخانەکان دەبێتە هۆی پێشکەوتنی معرفی میللەت، معقولە وەزیر ئەوە نەزانێت من لەئێوە دەپرسم معقولە نەزانێت ئەگەر هەر گەرەکیك کتێبخانەیەکی لێ بکریتەوە ئەمە دەبێتە گەشانەوەیکی کەلتووری و ئەدەبی و رۆشنبیری و پەروەردەیی، کەریش دەزانێت بۆ چارسەر نەکراوە بۆ بیری لێ نەکراوەتەوە نازانم ئەدی بۆ بیر لەو هەموو تجارە و نیوستی و نازستی و قسەی قۆری کومپانیا و معمل هەنگوپین سعودیی و ئەو شتە قۆارنە کراونەتەوە بۆ باغل پڕکردن سەریان پێوە نیە بۆ ئەوش کە منداڵێکمان گەنجیکمان بیەوێت خۆی رۆشنبیری بکات و خۆی پەرورده بکات سفر.

***ئایا پێت وایە مەلاکان بە دەسەلاترن لە رۆشنبیرەکان؟*** ـ مەلای قۆربەسەر خوا خوایەتی عەردییکی هەبێت و نانێکی هەبێت بیخۆات و دووی بکاتە خیر . خەتای مەلا نیە خەتا لە معرف و عەقلی مسئولەکانی خۆمانەو خەتا لە ستراتیژی رۆشنبیری وپەروەردەی خۆمان ولایەنی بەرپرسە،خەتای مەلا نیە پیم وانیە

*** هۆکاری بەشداری نەکردنی سەرۆکی حکومەت لە هیچ بۆنەیەکی وەزارەتی رۆشنبیری لە چیدا دەبینیبەشداری لە هیچ چالاکیەک ناکات؟***

چونکە لەوانەیە لە هەر ئان و ساتێك لەوچالاکیە کارەبا بکوژێتەوە، ئەمەش ناشرینیەیکی گەورەو بێ ئەدەبیە کە بەرامبەر بەمن کرا چووم فیلمی ((نیو مانگ))ی بەهەمەنی قوبادی ببینم لە ناوەڕاستی فیلمەکە کارەبا کوژایەوە فیلمی نیوە مانگم نیوەی بینی کە وەزیر خۆشی دانیشتبوو. کردییانە بۆڵەبۆل هەستان رۆیشتن ئەی باشە سەرۆکی حکومەت ئەگەر لەوێ بایە ئەو بێ ئەدەبیە بەرامبەر بەو دەکرا هەر چۆن بەرامبەر بە من کرا. بەڕای من سەرۆکی حکومەت کارێکی باش دەکات چونکە لەوانەیە هەر ئان و ساتێك کارەبا بکوژێتەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری . دووم شتیش لە هیچ وڵاتیك سەرۆکی حکومەتی ناچێتە کۆڕ و مناسبەت بەناو رۆشنبیری و رووکەش و تەلکەبازییەوەئێمە سەعاتێك باس ئەو دەکەین زۆربەی ئەو کۆڕو مناسباتە رووکەشانەی تەنها بۆ وەجبەیەکە ئەی وزیر و وکیل وەزیر ئەم هەموو مدیر عامانە لەوێ بۆ چی دانراون. من واتێدگەم منیش سەرۆکی حکومەت بم ناچم چونکە ئاستەکانیان لەگەڵ یەکتر جیاوازە هەر کەس ئیش خۆی دەکات .

*** بۆچی دکتور فەرهاد ماوەیەکە بێ دەنگە؟***

ـ حەز ناکەم بێ دەنگ بم قەت چونکە هەمیشە لە جوڵانەوەم ماوەیەکی پێش لە سنە و کرماشان و سەقز و سەردەشت بوومە لە هەر شارێك لەوانە کۆرێکم کردووە ،دوو کۆرم لەگەڵ نووسەر و رووناکبیرە فارسەکان سازداوە . ماوەیەکی رابردوو گەیشتومە هەولێر ئەمە لە ماوەی بیست رۆژی رابردوو ئینجا لە هەمان کات سەرقاڵی نووسینم و کارم . وە سەرقاڵم بچم مۆئامەرەیەکی تازە

## زۆر شت هاتۆتە خەیاڵم نەم کردووە و زۆر شت ئەمەوێ بیکەم بەڵام خاتری حکومەتم گرتوە

دابنیم بۆ تەقاندەوەی ئەو بێ دەنگیەی کەباسی لێ دەکەین چاوەڕێ کارەکانم بن.قوربان مەلی بتەقیتەوە نەوەك خەلك وا تێبگات بەتەمام خۆم بتەقینمەوە بەڵام من ناتوانم بێ دەنگ دانیشم ناتوانم دینامیکیەت و چالاکیەیەتی خۆم لە گۆری بنیم ناتوانم هەمیشە شتێك یان چەند شتێك لە کەلکەی میشکم دا هەیە کە هانم بدات خۆم ئامادە بکەم بۆ کارێکی تازە و پرۆژەیکی تازە و بەزمێکی تازە. بزانیین چێ لە داهاتوو دییتە پیش.

*** گەنجەکانی زانکۆ کە دکتۆر دەبینن دەگەشێنەوە ئایا هیچ پلانێکت لە بەر دەست نیە بۆ گەنجانی زانکو؟**

ـ پلانم هەیە بەڵام دەترسم لەوەزعیەتی ئەمنی کوردستان چەن سەر دەهێنم و دەبەم ئەم بارودۆخە ئەمنیە کە راهاتووین بلێن ئەمنی قومی کوردیتان رێگا نادات ئازادانە جوڵە بکەم، بویە تەیەور دەکەم لە حاڵەتێك ئەمنیەتی کوردستان بەرقرارە بۆیە بە شیوەیەکی باش ئەمەلەبەرژەوەندی بزاڤی گەنجان لەبەرژەوەندی بزاڤی دیمواکرسی وە گۆمەلگای مەدەنیە زۆر کەس حەزیان لیە بە کورتیکەی لە بەرژەوەندی ئەوە دادەبم کە قوتابیی و گەنج یاخی بوونیکی گەورەی سەرتاسەری ئەوەها بکردایە کە کوردستانی پەرندبایە بۆ قوناغێکی بەختەوری ئەوهای کە ئەو نەوە نوییە خەونی پێ دەبێنن . بەڵام ئەو کوسپانە کە باسم کرد یەکێکە لە رێگرەکانی بەدەممان کەمن خۆم بەیەکێك لەوان دەزانم ترسەکە ئەوەیە ئەگینا زۆرشت هاتووتە خەیاڵم نەم کردووە و زۆرشت ئەمەوی بیکەم خاتری حکومەتم زۆر گرتووە . لەو خاتر گرتنەش هەموو کەس دەزانن بێ بەرامبەر بووە بێ پاداشت بوو چلکاو خورانە ئەوهام نەکردووە، نەفت خورانە ئەو هام نەکردووە بەرامبەر بەو شتێکم چاوریی کردبێت ئەلێن من داوای ئیستقالەم کرد لە زانکۆ قبولیان نەکرد حەزم لێ بوو لە زانکۆ دەربچم . لەبەر ئەوە بارودۆخێکی گشتی هەیە دیخوینمەوە وام لێ دەکات قەناعەت بەوە بێنم ئەگەر هەنگاوێکی جەسورانە کە دەمەوێت شتێك بکەم هەرەس دێنێت سەرناگرێت. منیش حەز لەو ناکەم شتێك بکەم بەئەنجام نەگات حەز بەوە ناکەم کە کارێکی دیکەم لە ئاستی خۆم یان لە ئاستی جەماوەر بگاتە بنەبەستیك و ئاکامێکی باشی نەبێت. بریندار بوونی گەنجێك یا شەهید بوونی قوتابییەك لە کۆبوونەوەیەك یان خۆپیشاندانێك دەبێت هوێ دەمو دەست خۆم بکۆژم ئیحتمالە ئەحساساتی بوون و عاتیفی بوونم یەکێك لەو هۆیانەی کە هانی نەداوم زۆر شت و هەندێك هەڵبەزەییە هەیە بیکەم.

***تا ئێستا دکتور چی لە حکومەت وەرگرتوە؟**

ـ سفر سفر هەرچی ئەوراقی حکومەت هەیە بابینن، نەعەرزم وەرگرتوو نەخانوم وەرگرتووە نەسیارەم وەرگرتووە هیچم وەنەگرتووە ئەگەر باسی پارەش بکەیت هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی کاك شەوکت شێخ یەزدین جاری یەکەم کە بۆ کارێکی کۆمەڵایەتی پیشمەرگەیەك قاچی نەمابوو چووم بۆلای کە کاری ئەو پیشمەرگە قاچ براوە جێبەجێ بکرێت ناردییە شوێنیك کاغەزێکی دایە بۆ ئەوەی کارەکەی بۆ جێبەجێ بکەن داوای لێ کردم دانیشم دواتر قاوەیەکی بۆ بانگ کردم دوایی قاوەکەم خواردەوە بە زۆری و زۆرداری دووهەزار دوڵاری لەسەر میزکەی بوو سێ جارەکە پارەکەم خستە بەردەمی هەرسێ جار خستیوە بەردەمم جەختی دەکرد لەسەر ئەوەی دەبێت پارەکەی هەڵگرم بەبیرم دێت گووتی وابزانە دەعوتێکم کردووی لە دەروەو ئەگەر پارەکە هی خۆدی کاك شەوکەت یان هی حکومەت بێت . بۆم هەر شانازییەکی گەوریە چونکە من لە دەستی ئەوەوە بەزۆری پێشکەشم کرا . لە دوو هەزاری کاك شەوکەت بترازێ کە لە شخێی خۆی وەرمگرتووە وەرگرتنەکەش بەو شیوەیە بوو کە باسم کرد. یەك دیناری یەك مسئول و شخێیەت و وزیر نەهاتە باغەڵی من بەبێ ئەوەی حەقی ماندووبوونێکی خۆم یان پاداشتی ئەرکێکی خۆم نەبووبێت لە مووچەی زانکۆم وەربگرە هەتا دەگاتە ئەو برە پارییە کەتەرخان کرا بۆ دامەزراندنی کتێبخانەی شەرف خانی بەدلیسی کە ئەو برە پارەیەش بە هێچ شێوەیەك بۆ خۆدی خۆم نەبووەئاشکرا بوو کتێبخانەیەکمان لە هەولێر. کە نیوەی زیاتر پارەی ئەو پرۆژەیە هی خۆدی خۆمە و ئەو عەرزم بۆی فرۆشتبوو کە لە زانکۆ وەرمگرتبوو لەگەڵ دوکانێکم بەناوی نوسینگەی فۆتۆ و کۆپی گۆران کە لە ریزی دوکانەکانی بەلەدییە بوو بەرامبەر بازاری نیشتمانی ئێستا هەموو خەلك دەیزانی من ئەو ودوکانەم هەبوو فرۆشتم لەگەڵ ئەو عەردەی لە زانکۆ وەرمگرتبوو . کەمن لە ئەورۆپا هاتبوومەوە پارەی خۆم کە بە عارەقەی نیو چاوانی خۆم کە کوم کردبووە لەئوتیلان کارم کردبوو شەو نخۆنیم کردبوو لە هەشتی ئێوارە تا هەشتی بەیانی کارم دەکرد ئەوجا هاتوومەوە ئەو دوکانەم دانا دوکانەکەم فرۆشت لەگەڵ ئەو عەردە کە لەگەڵ ئەو برە پارەی کە لە جەنابی نیچرڤان بارزانی وەرمگرت کە سەرۆکی حکومەت بوو یەکەمین کتێبخانەی ئەهلیم پێ دامەزراند کە ئێستاش شانازی پێ دەکەم یەکەمین سەنتەری ئەهلی بوو لە هەموو کوردستان ئەوکاتەی ئێمە کافی نێت و فیرکردنی کومپیوتەر و ئەو شتانەمان دانا لەهەموو هەولێر شتی وا نەبوو.

***بۆچی لە ناو کتێبخانەکەت زیاتر کتێبی فەرەنسی وئینگلیزی هەیە؟**

ـ من پێویستیم بە کتێبی کوردی نیە پێویستم بەو کتێبانە هەیە کە خۆم حەزی پێ دەکەم کە زۆربەشی لە ناو ئەو کتێبانە دەدۆزمەوە کە بەزمانی فەرەنسیەدووساڵ جارێك رێم دەکەویتە پاریس جار جارە کتێبی تازە لەگەڵ خۆم دەهێنمەوە . هەست دەکەم کە پێویستیم بە کتێبی کوردی نیە لە زمان دەربچێت کە زۆرم پێ گرنگە هەندێ کتێبی هەندێك نوسەری کەبە کوردێکی باش دەنووسن دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی کوردیەکەم چاکتر بێت. ئەو کتێبەی بەر دەستم کە ناوی ناهێنم بۆ ئەوەی نەبیتە قسەیەکی عەمدی دژی ئیعلام باوەر بکە زۆر مترسف بووم کە خوێندمەوە نزیکەی ٦٠٠ لاپەرەی تەرجومە کردوە ئیستا وشەیەکت بۆ ئەخوێنمەوە باوەر ناکەم تێبگەیت.لاپەرەیەکم خوێندەوە بە حال ئەوەندە تێگەیشتم کوردیەکی زەعیفە. تەرجومەیەکی زۆر بەربادە بۆیە باسی ئەوەم کرد چونکە خۆم خەریکی توێژینەوەیەکم بۆیە ئەو کتابەم خوێندەوە،بەڵام ئەو کتێبانە بۆ ئەوە دەخوێنمەوە تا ئەدەبی کوردیم رونتر بێت.

# موساد مەشق بە هێزە سەربازییەکانی کەنداو دەکات

**وەرگێرانی: هێمن**

رۆژنامەی (هائارتس)ی بەناوبانگی ئیسرائیلی لە چەند رۆژی رابردوو لە راپۆرتێکیدا ئاشکرایکرد بە دەیان گەورە ئەفسەری پێشووی ئیسرائیلی لە هەردوو دەزگای (موساد) و(شاباک) بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل لە ژمارەیەك لە وڵاتانی کەنداو چالاکییان هەیە بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە پەیوەندیی باشییان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، ئەمەش لە چوارچێوەی کۆمپانیای بیانیی تایبەتمەند بە بواری ئەمنی.

ئەو رۆژنامە ئیسرائیلییە کە یەکێکە لە بەناوبانگترین رۆژنامەکانی ئیسرائیل و لەگەڵ رۆژنامەی (مەعاریف)دا رکابەری و کێبڕکێیەکی زۆر تیژیان لەنێوانیدایە لەرووی خوێنەر و فرۆش و ناوبانگەوە ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە کە ئیسرائیلییەکان چالاکیی ئەمنیی زۆر بەرفراوان ئەنجام دەدەن کە بەهاکەی بۆ دەیان ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بەرز دەبێتەوە، وە خۆیان لە رێنوێنیکردن و رێنمای پێدان لەبارەی سیستەمەکانی چەکە پێشکەوتووەکان و کەرەستەی هەواڵگرییدا دەبیننەوە، ئەمە جگە لە مەشق پێکردن لەسەر کارکردن لەسەر پاراستنی سنورەکان و لەسەر پوچەڵکردنەوەی کردەکانی وەکو بارمتەگرتن یان کودەتاکان یان هەوڵەکانی یان هەواڵەکانی داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی ئامانجی ستراتیژی وەکو دامەزراوە و دەزگا نەوتییەکان.

ناوی زەق و دیار

رۆژنامە ئیسرائیلیەکە هەروەها ژمارەیەك ناوی دیاری دەزگا ئەمنییە ئیسرائیلییەکان ئاشکراکردووە لەوانەی رۆڵیان پێدراوە لەم بوارەدا، لەوانە وەکو (غیۆرا ئایلاند)ی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، ژەنراڵ (دۆرون ئالموغ)، ئەمە جگە لە ژمارەیەك لە کۆمپانیا کە لەژێر سەرپرشتی و چاودێریی وەزارەتی ئاسایشی ئیسرائیلی کاردەکەن لەوانە(رفائیل- دەسەلات بۆ گەشەپێدانی ئامرازە جەنگییەکان)، هەروەها کۆمپانیای پیشەسازییە ئاسمانییەکان.

رونیشیکردەوە کۆمپانیای (AGT)ی سویسری کە خاوەنکار و سەرمایەداری ئیسرائیلی ئەمریکی (ماتی کوخافی) دایمەزراندووە و بەرێوەی دەبات گرێبەستێکی بردوەتەوەتە بەهاکەی دەگاتە ملیارەها دۆلاری ئەمریکی بۆ بونیادنانی پرۆژەیەکی سەر بە ئاسایشی نێوخۆیی لە یەکێك لە ئیماراتەکانی کەنداو، وە بڵاوکراوەی (الزاویە) کە تایبەتمەندە بە کاروباری ئابوری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەکەنداو دەردەچێت ئەمەی لە مارسی رابردوو بڵاوکردەوە.

هەروەها لەو بڵاوکراوە هاتووە کە کۆمپانیای (AGT، ئاسیا گلۆباڵ تەکنەلۆجیز) گرێبەستێکی بۆ دەرچووە لەو ئیماراتە و پەیوەندی بەوە هەیە کە پێی دەگوترێت ئاسایشی نەتەوەیی و ئامانج لێی بەرگریکردنە لە سنورەکان و دامەزراوە ستراتیژییەکانە لە دەریا (کێڵگە نەوتییەکان).

گەشەکردنیکی گەورە و خێرا

ئەو بڵاوکراوە هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کردبوو کە (کوخافی) سەرۆکی کۆمپانیای (STG، سنتری تەکنەلۆجی گرووپ)ە کە یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی بە خێرایی لە بواری ئاسایشی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەروەها هاوبەشی پیشەسازییە ئاسمانییەکانی ئیسرائیلی بوو لە فرۆشتنی زانیاری و کەرستە و تەکنەلۆژیای تایبەت بە ئاسایشی فرۆکەخانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و چەند وڵاتێکی دیکە، لەنێواندا چەند وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمە و سەرچاوەیەکی ئەمنی پێش چەند مانگێك لەمەوبەر رایگەیاندبوو ئەو هاوبەشیە لەگەڵ (کوخافی) بەهۆی ناکۆکییەك لە بۆچون راگیراوە، بەڵام کۆمپانیای (STG) پێش ماوەیەك هەستاوە بە کڕینی کەرەستەگەلێك کە بەهاکەی گەیشتووەتە دە ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە کۆمپانیایەکی ئیسرائیلی بەناوی (نس تکنولوجیت) وە کار لەسەر گەشەپێدانی سیستەمەکانی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردن، لەلایەن خۆیەوە (ئیتان ئیلیاهۆ)ی سەرکردەی پێشووی چەکی ئاسمانیی ئیسرائیل کە ئەو کات لە (سنتری) کاری دەکرد رایگەیاند ئەو پێش چەند ساڵێکە وازی لە کۆمپانیا هێناوە لەو کاتەی کاری لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستی پێکرد، بەڵام رۆژنامەکە گوتویەتی (کوخافی)هێشتا بە دەیان ئەفسەری دەرچووی سوپای ئیسرائیل بەگەرخستووە لەوانەی دەستیان لە سوپا کێشاوەتەوە، جگە لە گەورە بەرپرسانی پێشووی پیشەسازییە ئاسمانییەکان و هەردوو دەزگای (شاباك) و(موساد).

هەماهەنگیی ئەمنی

لەلایەن خۆیەوە وتەبێژێك بەناوی (کوخافی) یەوە رایگەیاند»سەرجەم کردەکانی کۆمپانیا بە هەماهەنگی و بە رێنمای و رێنوێنی وەزارەتی ئاسایش دەکرێت بە سەرجەم بەشەکانییەوە، کوخافی ئیسرائیلییە، بۆ نیشتەجێبوون چووەتە ویلایەتە یەکگرتووەکان، سامانەکەی لە خانوبەرەدا کۆکردۆتەوە، لە ساڵانی دوای بەتایبەت لە پاش رووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر چووە بواری (هوملاند سیکوریتی)» و پەیوەندیی لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی ئیسرائیلدا پەیداکرد، وە هەستا بە بەگەرخستنی گەورە بەرپرسانی پێشوو، وە پێش چەند ساڵێك بەڵێنی دا زانکۆیەکی زۆر گرنگ لە نەقەب لە سنوری نێوان ئیسرائیل و ئوردن دابمەزرێنێت، ئەمەش لەپێناو پاڵدانی کردەی ئاشتیی نێوان هەردوو وڵات، بەڵام تا ئێستا هیچ پێشکەوتنێك لەو بوارە و لەو پرۆژە وەدەست نەهاتوون.

رۆژنامەی (هائارتس) گوتوشیەتی کە لە واقیعدا بەتەنها (١٠)کۆمپانیای ئیسرائیلی هەن کە لە نێویاندا(رادوم) هەیە کە هەڵدەستێ بە پێکهێنانی ژمارەیەك لە سیستەمەکانی فڕۆکە، ئەو کۆمپانیا ژەنراڵی یەدەك و سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (غیۆرا ئایلاند) سەرۆکایەتیی دەکات، هەروەها کۆماپانیای (تاج) بۆ فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان




(کەژەنراڵی یەدەك دۆرون ئالموغ) هاوبەشە تێیدا، هەروەها کۆمپانیای (ئیمیت)، هەروەها پیشەسازییە ئاسمانییەکان و(رفائیل-دەسەڵات بۆ گەشەپێدانی ئامرازەکانی جەنگ) کە سەر بەوەزارەتی ئاسایشە، هەموو ئەم کۆمپانیایانە لەماوەی چەند ساڵی دوای چالاکییەکانی زۆر زیاتر کرد لە ولاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ ئەوەی هەندێك لەم وڵاتانە پەیوەندیی دیپلۆماسییان لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە. رۆژنامەکە ئیسرائیلییەکە رونیشیکردوەتەوە کە لە چوارچێوەی ئەم پرۆژانە ئیسرائیلییەکان چالاکییەکی ئەمنیی بەرفراوان ئەنجام دەدەن کە دەگاتە زیاتر لە(١٠٠)ملیۆن دۆلار، لە چوارچێوەیەدا رێنوێنی لەبارەی کاراکردنی سیستەمەکانی چەکی پێشکەوتوو و کەرەستەی هەواڵگری و مەشقپێکردنی خۆماڵییەکان لەسەر کاکردن لەسەر پوچەڵکردنەوەی کردەکانی بەبارمتەگرتن یان کودەتاکان یان هەوڵەکانی داگیرکردنی ئامانجی ستراتیژی، لە چوارچێوەی ئەم پرۆژانەشدا چەندین ئەندامی پێشووی شاباك و موساد کاردەکەن لەگەڵ سوپاشدا.

گوتوشیەتی ئەم چالاکییە بەرفراوانانە مایەی سەرنجدانن، لە چەند رۆژی رابردوو دەزگا ئەمنییەکان و ئەوەی پێی دەگوترێت(دەستەی بەرنگاربونەوەی تیرۆر) هۆشداریی دایە گەورە بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەکانی سوپا و شاباك و موساد بەوەی سەردانی وڵاتێکی دیاریکراو نەکەن نەبادا ببنە ئامانجی کردەکانی رفاندن لەلایەن ئەندامانی حزبوڵا و هەواڵگریی ئێرانی، ئەمەش لە چوارچێوەی ئامادەسازییەکان بۆ وەڵامدانەوەی کردەی کوشتنی(عیماد موغنیە) سەرکردەی باڵای سەربازی لە حزبوڵا. دژایەکییەکی گەورەلە نێو ئەوانەی هۆشدارییان پێدرابوو و ئاگادارکرابوونەوە ژەنراڵێکی یەدەك هەبوو کە چاودێریی سەربازی درێژەکەی بڵانەکردەوە، ئەو ژەنراڵە ناوبراوە بانگەشەی ئەوەی کرد کە سەردانی هێچ وڵاتێك لە وڵاتانەی نەکردووە کە ئاماژەیان بۆ کراوە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێ نەگەیشتووە، ئەو راپۆرتە ئەو دژیەکەش دەخاتە روو کە دەزگا ئەمنییەکان کاری پێدەکەن و دەڵێت لەلایەك کار لەسەر هاندانی پیشەسازییە ئەمنییەکان دەدات بۆ هەناردەکردنی کەرەستەی ئەمنی و چەکی ئیسرائیلی بۆ وڵاتە عەرەبییەکان بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیی لەگەڵیاندا باشە، ئەوانەی کە رەنگە جێی هەرەشە بن لەلایەن ئێرانەوە،، هەروەها دەڵێت لەپێناو زۆرکردنی قەبارەی هەناردەکردن پێویستە لەسەر ئەو کۆمپانیایانە پەیوەندی دروست بکەن و نوێنەری خۆیان بۆ ئەو وڵاتانە بنێرێت.

لەلایەکی دیکەوە راپۆرتەکە دەڵێت ئەم سەردان و پەیوەندییانە رەنگە بۆ حزبوڵا ئاسانی بکات ئیسرائیلییەکان برفێنێت، وەك ئەوەی لەگەڵ (ئەلحەنان تننباوم) روویدا کاتێك ئیغراکرا بەوەی بچێتە ئەبو زەبی و لەوێ رفێنرا، نوسەر لە بابەتەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆمپانیا ئێرانییەکان ئەوانەی لە ژماریەك لە ئیمارەتەکانی کەنداو کاردەکەن لەژێر چەتری کۆمپانیا کاردەکەن بۆ بەرچەوەندیی پاسداران و ئەندامانی هەواڵگریی ئێرانی.

# ئێمە ڕاشکاوانە پیمان وتون کە هەموو ڕیگەیەکی یاسای دەگرینە بەر بۆ ئەوەی ئەو دەستورە عەلمانیەی کوردستان سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت



**لەدیداریکی تایبەتی گۆڤاری چرکەدا محمد سنەمۆکی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی قسە لەسەر ئەوە دەکات کە کۆمەڵی ئیسلامی زادەی نەتیجەی کۆنگرەیەکی سەلیمە کە زیاتر لەسەدا هەشتای ئەندامانی گۆنگرە دەنگیان پیێدراوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەکاتی ڕاگەیاندنی کۆمەڵ لەلایەن ئیرانەوە هەڕەشەیان لیکراوە ،بڕیاری قەدەغەکردنی قورئان خوێدن لەناو ماڵەکان بەبڕیارێکی سیاسی ناو دەبات و پێی وایە زەرەد بەمەسەلەیی نەتەوەی کوردی دەگەیێت ،فرەژنی وەک چارەسەرێک بۆکیشەی قەیرەی ئافرەتان دەبینێت**

ئا: گۆڤاری چرکە

**پرسیار : هەبوونی چەند حزبێکی ئیسلامی ،کەسەرچاوەکەیان یەک ئاینە نابیتە هۆی نیگەرانی و سەرلیشیواوی خەڵک ؟**

محمد سینەمۆکی : شتێکی بەڵگە نەویستە ئەسڵ لەکاری ئیسلامیدا یەك دەنگی و یەك هەڵویستی یە ، ئەو فرە لایەنی ئیسلامیەکانیش لەدەرئەنجامی کۆمەڵێك ڕووداوەوە دروست بووە کە ئیمە تیایدا دەسەڵاتمان نەبووە ، راستە ئەمڕۆ خەڵکێك ڕەخنەو سەرنجیان هەیە لەسەر فرەلایەنی ئیسلامیەکان بەڵام دەتوانم بلێم ئەوانە کەسانێکن کە بۆخۆیان وەك کادیر لەناو حزبە عەلمانیەکاندا کار دەکەن ، ئەوە دەکەنە موبەڕیرێك بۆ ڕەخنە لەئیسلامیەکان ، گەرچی ئێمەش وەك بەشێك لەمیللەتی کورد خاڵی نەبوین لەهەڵەو هەموو لایەکمان کەم و کوریمان هەبووە ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئینسان هەڵەیەکی کرد لەسەر هەڵەکەی بەردەوام نەبێت ، پەشیمان ببێتەوە و هەڵەی گەورەتر نەکات .

**پرسیار : چ کێشەیەک وای کرد کۆمەڵ و بزوتنەوەی ئیسلامی لەیەکتری جیا ببنەوەو جۆرێک لەتەشەنوج بکەوێتە نێوانیان ؟**

محمد سینەمۆکی : بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ بزونتەوەی ئیسلامیدا ریکەوتن و حزبێکیان پیك هینا بەناوی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی ، یەك لەو ماددانی ڕیکەوتنی لەسەر کرا ئەوبوو کە دەبێت دوای ساڵێك ئەو حزبە گۆنگرە ببەستێت ، کە کۆنگرە بەسترا نەتیجەی کۆنگرە لەلایەن هەندێ خەڵکەوە قبوڵ نەکرا ، دواتر دەرچوانی کۆنگرە کەدەتوانم بلێم لەسەدا هەشتاو پێنجی دەرچونی کۆنگرە دەبوون دەرئەنجامەکانی کۆنگرەیان راگەیاندا، بڕیاریاندا کەناوی بزوتنەوەی یەکبوون بگۆڕن بە کۆمەڵی ئیسلامی ، کۆمەڵی ئیسلامی زادەی نەتیجەی کۆنگرەیەکی سەلیم بوو .

**پرسیار : ئەی سەبارەت بەلیدوانەکانی ئیحسانی مەلاعلی لەسەر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی چی دەڵێت ، بۆچی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بیدەنگی هەڵبژارد ، ئەمە ئەوە ناگەێنێت ، بۆچوونەکانی ئیحسانی مەلاعلی راست و دروستن لەسەر کۆمەڵ و مەلا علی باپیر ؟**

محمد سینەمۆکی : ئیمە وەك سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بڕیارماندا هەرکەسێکشتمان لەسەر دەڵێت و قسەمان پیدەڵێت بەچاك و خراپ بەتایبەتی ئەوشتانەی بەخراپ لەسەرمان دەورژێن کە کەس وەڵامیان نەداتەوە ، چونکە وروژاردنی ئەو بابەتانە دووبەرەکی نیوان مسوڵمانان نەبێت بەهیچ جۆرێك لەبەرژەوەندی کاری ئیسلامی لەکوردستاندا نازانین ، بۆیە باشترین هەڵویست کە سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی کەبڕیاری لەسەردا بێدەنگی یە لەبەرامبەر هەموو ئەو شتانەی لەسەر ئیمە دەگوترێن .

**پرسیار : دەنگۆی ئەوە هەیە دەروست بوونی کۆمەڵی ئیسلامی بەبڕیارێکی ئیران بووە ، ئیستاش کۆمەڵی ئیسلامی بەشێک لەبودجەکەی لەئیران وەردەگرێت ؟**

محمد سینەمۆکی : بەپێچەوانەوە لەسەرەتای ڕاگەیاندنی کۆمەڵ هەڕشەمان لیکرا کە ئەگەر بێتو ئیوە تەسلیمی جانبی بەرامبەر نەبن لیتان قبوڵ ناکەین ، بەڵام ئێمە ڕاشاکاوانە پیمان گوتن ئیوە چیتان بۆ دەکرێت بیکەن ، واقیعێك وای کردوە کۆمەڵی ئیسلامی ڕابگەێنین و نەتیجەی گۆنگرە ئیعلان بکەین . بەپێچەوانەوە کۆمەڵی ئیسلامی لەهەموو حزبەکان زیاتر باجی سەربەخۆی خۆی داوە ، چەندانی حزبی خۆمان ئیران بەهەموو شێوەیەك هاوکاری کردون ، ئیمەش وەکو کۆمەڵی ئیسلامی دۆستایەتیمان هەیە لەگەڵ ئیران و هاوکاری کردوین ، بەڵام دەتوانم بڵێم ئیمە کەمترین هاوکاریمان کراوە لەلایەن ئیرانەوە .

**پرسیار: تۆ هیمات بۆ ئەوە کرد کەدوای ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی لەلایەن ئیرانەوە هەڕەشەتان لیکراوە ، ئایا ئەوە ناگەێنێت کە بزوتنەوەی یەکبونی ئیسلامی سیاسەتی ئیرانی جێ بەجێ کردوە ؟**

محمد سینەمۆکی : ئەمە دوو تەفسیری هەیە ، تەفسیریکیان ئەوەیە کە پێدەچێت لایەنی بەرامبەر پەیوەندیەکی زۆر بەهیزی لەگەل ئەو جیهەتەدا هەبووە کە هەڕەشی لەئێمە کردوە ، تەفسیرێکی تر لەوانەیە ئەوان پیان خۆش بوبێت یەکپارچەیی ئێمە بمێنێتەوە ، بەڵام ئەگەر کۆمەڵی ئیسلامی ڕانەگینرابا بەتەسەوراتی ئێمە لەسەر ئەساسی کۆمەڵێك دەلیل ڕابوونی ئیسلامی لەکوردستان توشی شەلەل و توشی ئیفلیجی گەورەدەبوو .

**پرسیار : ئەی کیشەکەی دڵشاد کەلاری چیبەسەرهات ؟**

محمد سینەمۆکی : ئەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ پارتی و یەکێتی دا نی یە ،بەڵام ئەمریکیەکان جۆرێك لەئیشکالیاتیان هەیە لەگەڵ کاك دڵشاد ، ویستیان بیگرن و لیکۆڵینەوەی لەگەڵ دا بکەن بەڵام ئەو خۆی بەدەستەوە نەدا ، ئێمە چەند جارێك لەگەڵ موستەشاری سیاسی سەفیری ئەمریکا لەبەغداد دانیشتین ، ئەوان ووتیان پیمان خۆشە کاك دڵشاد کەلاری بێتەوە ، ئێمەش پیمان ووت گەرنتیمان دەوێت و گرنتیمان بدەنێ ئەو هیچ ئیشکالیاتێکی نی یە ، بەڵام ئەوان ئامادە نەبون هیچ زەمانەتێك بدەن ، بۆیە ئەویش ئامادە نەبوو بێتەوە ، چونکە ئەمریکا دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو عیراقدا ، دەتوانێت لەهەر شارێك بێت مەفەرەزەیەك بنێرێت بیگرن .

**پرسیار : بەشێکی زۆر لەبەرپرسانی حزبە ئیسلامیەکان ئیستاکە دوو ژن دەهێنن ، پێت وایە ئەوان دەتوانن ئەو عەدالەتەی کەخوا بۆ فرەژنی داناوە جێ بەجێی بکەن ؟**

محمد سینەمۆکی : لەم مەسەلەیەدا ئەندامانی کۆمەڵ و یەکگرتوو کەوتونەتە دوای حزبە عەلمانیەکانەوە ، هەتا ئەو خەڵکانەی بۆخۆیان باسایان لەفرە ژنی دەکرد و ڕەخنەیان لێدەگرت کەچی بۆخۆیان کردوویانە بەدوو ژن و سێ ژن و قسە هەیە کراوە بەپێنجیش ، جگە لەوەی ئەو ئافرەتانەی کە دژیاەتی فرەژنیان دەکرد زۆربەیان بۆخۆیان سەربەهەوێ شودەکەن . مەسەلەی فرەژنی قەزیەیەکی دەستوری یە شتێکی عاتیفی نی یە ، زۆر جار خەڵك دەیوروژێنێت لەسەر ئەساسی عاتیفە ، بەڵام مەسەلەکە دەستوری یە ، لەقورئان و سونەتدا ئاماژەیی پێکراوە و دەقی ڕاستەوخۆی لەسەرە، هەرکەسێك عەدالەت بکات نەك یەکسانی ، چونکە یەکسانی لەسیستەمی ئیشتراکی دا هەیە ، لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا عەدالەت هەیە (عەدالەتیش ئەوەیە هەر کەسێك هەق و مافی بەرامبەرەکەی پێبدرێت ) بۆیە هەرکەسێك ترسا لەوەی عەدالەت بنوێتێت جائیز نی یە ژنی دووەم بهێنێت ، هەتا کەزانی زوڵم لەژنێك دەکات جائیز نی یە ژنێکیش بهێنێت ، کە لەخۆی ڕانەبینێت لەڕووی ماددی یەوە ، لەڕووی سەکەنەوە ، لەڕووی دابین کردنی نەفەقە و هەق و مافی مانەوەی شەوانە جائیز نی یە نەك دوو ژن بەڵکو ژنێکیشس بهێنێت . من پێم وایە فرەژنی لەکوردستاندا دەبێت زەروریاتێکی واقیعی ، دەبێت حەتمەن پارلەمانی کوردستان دانی پێدابینێت ، وەکو ئەوەی لەیاسای باری کەسەیتی دا هاتووە کە تائیستا پارلەمان واژووی نەکردوە ، بەڵام دەبێ ئەوە بچەسپێنرێت ، بەهۆی ئەو هەموو ژنەی لەدەرئەنجامی شەڕەکانی ناوخۆو کیشەو گرفت و کۆچی گەنجان بۆ هەنداران ڕێژەیان زۆر بووە ، ڕێژەی ژن لەزۆربەی شارەکان نەك یەك بەچوار بەڵکو ڕەنگە یەك بەحەوتیش زیاتر بێت ئەگەر سەیری وەزارەتەکان بکەین لەکۆی پێنج هەزار ئافرەت چوار هەزاریان شوی نەکردوە و بەساڵادا چووە ، ئەی چارەسەری ئەوانە چی یە ؟ ئایامەلهایان بۆ بکەینەوە کەلەگەڵ سروستی ئینسانی سەلیمدا ناگونجێت ، پیان بڵێن ئارام بگرن ئەی بۆ پیاوان ئارام ناگرن ، بەبڕوای من دەبێت ڕێگەیان پێبدرێت سەربەهوێ شوبکەن .

**پرسیار : حزبە ئیسلامیەکان پیان وابوو قەدەغەکردنی وانەوتنەوە لەناوماڵەکاندا لەلایەن حکومەتەوە بڕیارێکی سیاسی یە؟تۆ ئەمە چون لیک دەدەیتەوە ؟**

محمد سینەمۆکی : ئیستا هەموو کەس ئازادە نەك لەماڵی خۆی پینج مەتر لەجادەی گشتی دوربێت دەتوانێت پیاوێك هەرچی بیەوێت لەگەڵ کچێکدا بیکات ، بەڵام دەبینین خەڵك لەناو میلەتێکی ئیسلامدا ڕیگری لێدەکرێت لەناو ماڵی خۆیدا قورئان بەمنداڵان بڵێتەوە ، لەبەر ئەوەی پیان وایە حزبایەتی دەکەن، بەیانوی ئەوەی مندالەکە تەمەنی لەخوار ١٦ساڵیەوە، من دەپرسم بۆ دەبێت چەندان سەنتەری منداڵان دروست بکرێت منداڵ فیری ڕەقس و سەماو گۆرانی بکرێت بەڵام قورئان خوێندن قەدەغەبێت ، یاخود بەرپرسێك دوکانی خۆی دەکاتە شوێنی مەشڕوب فرۆشتن .... هتد بەتائکید قەدەغەکردنی وانەی قورئان لەناو ماڵاندا بڕیاریکی سیاسی یە و ئاکامێکی خراپی دەبێت بۆ قەزیەی کوردی و مەسەلەی نەتەوەیی .

**پرسیار : تاچەند ئێوە وەک حزبە ئیسلامیەکان کارتان بۆ ئەوە کردوە دەستوری هەرێم دەستورێکی ئیسلامی بێت ؟**

محمد سینەمۆکی : ئێمە پڕۆژەیەکمان داواتە پارلەمان ، سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە سیاسیەکان ، پیمان ووتون لەدەستوریی هەرێمدا تەنها ئەوەندەمان دەوێت وەکو دەستوری عیراق بێت بەرامبەر بەئیسلام ، بەڵام بەداخەوە دەستوریی هەرێم تائیستا کۆمەڵێك ماددەوە فەقەرەی تیدایە کە نەگۆڕدرێت دەستورەکە زیاتر عەلەمانیەتی پیوە دیار دەبێت ، بۆیە ئێمەوەك حزبە ئیسلامیەکان ڕاشکاوانە پیمان وتون کە هەموو ڕیگەیەکی یاسای دەگرینە بەر بۆ ئەوەی ئەو دەستورە عەلمانیە سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت ، ئەگەر هەر گەیشتە ئەو قۆناغی ڕیفراندۆمی لەسەر بکرێت ، جەماوەر تێدەگەێنین کەدەنگدان لەسەر ئەم دەستورە عەلمانی یە خەتەرناکی بۆ دنیاو دنینمان هەیە .

**ئیستا هەموو کەس ئازادە پینج مەتر لەجادەی دوربێت دەتوانێت پیاوێک هەرچی بیەوێت لەگەڵ کچێکدا بیکات ، بەڵام دەبینین خەڵک لەناو میلەتێکی ئیسلامدا ڕیگری لێدەکرێت لەناو ماڵی خۆیدا قورئان بەمنداڵان بڵێتەوە**

## هێرش عبدول یاریدەدەری نوێنەری حکومەتی هەریمی کوردستان لەئەمریکا



# لەوانەیە گۆڕانی ستراتیژی ئەمریکا لە عێراق دۆخێکی وا بێنێتە ئاراوە، کە کورد ئەگەر جەسوورانە گەمەی سیاسەت نەکات ڕەنگە پەراوێز بخرێت

هێرش عبدول یاریدەدەری نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئەمریکا لەدیمانەیەکی تایبەتی چرکەدا قەسە لەسەر دوا گۆڕانکاریە سیاسیەکان و پەیوەندیی نێوان کورد ئەمریکا دەکات و سیاسەتی ئێساتی ئەمریکا بەرامبەر نەتەوەی کورد و حکومەتی هەرێم دەخاتە ڕوو ، بنکەی سەربازی ئەمریکا لەهەرێمی کوردستان وەك بەرژەوەندی کورد دەبینێت

**سازدانی چرکە**

***چرکە: ئەگەر لەهەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دیموکراتیەکان دەربچن پێت وایە پەیوەندی نێوان کوردو ئەمریکا وەک خۆی دەمێنێتەوە ؟***

هێرش عبدول : پەیوەندی کورد و ئەمریکا شتێك نیە پەیوەست بێت بە یەکێك لە دوو حزبەکەی ئەمریکا، ئەمریکا وڵاتێك نیە حزبایەتیکردن وەك ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بێت کە حزبێك دەسەڵات بگرێتە دەست ئیدی بە ئارەزووی خۆی و بێ لەبەر چاو گرتنی پاشەڕۆژ سیاسەت بکات، لە ئەمریکا شتێك هەیە بەناوی ستراتیژی دوورمەودا کە گۆڕانی لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا زۆر ئەستەمە جا ئیدی هەر حزبێك دێتە سەر کار پەیوەستی ئەو ستراتیژەیە، بۆیە پەیوەندی کورد-ئەمریکا وەك خۆی دەمێنێتەوە تا ئەو ئاستەی کە شوێنی کورد لە ستراتیژی ئەمریکادا چەندەو چۆنە.

***چرکە: سیاسەتی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر بەکورد چۆن دەبینیت، هەست ناکەیت هەنوکە ئەمریکا کوردی بەبەراورد بەنەتەوەکانی تری عێراق فەرامۆش کردوە ؟***

هێرش عبدول : ئەمریکا لە ئێستادا گرنگی بە سەرکەوتنی پلانەکەی خۆی دەدات لە عێراق کە ئەویش بنەبڕکردنی تیرۆر و دروستکردنی دەوڵەتی عێراقێکی بەهێزە کە بتوانێت کۆنترۆڵی سنورەکانی خۆی بکات و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەوڵەتانەی هەبێت کە بۆ ئەمریکا لەناوچەکەدا مایەی مەترسین، ئەمریکا تا پێش ئەوەی سوننە ڕۆڵیان هەبێت بە واتایەکی تر تا پێش دروستکردنی هێزەکانی سەحوە گرنگییەکی زۆری بەکورد دەدا ئەمەش بۆ ڕاگرتنی باڵانسی حکومەت و هەرەس نەهێنانی حکومەتەکەی مالکی، بەڵام دوای ئەوەی دیاردەی پاشەکشەکردنی وەزیرەکانی سوننە کەم بۆتەوە، دوای ئەوەی لەڕووی سەربازییەوە سوننە سەحوەیان پێکهێناوە ئێستا ئەمریکا گرنگییەکی تەواویان پێدەدات، لەم سۆنگەیەوە هەڵکشانی کێرڤی هێزێکی تر لەعێراق داکشانی هێزی تری بەدوادا دێت، بۆیە دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لەوانەیە گۆڕانی ستراتیژی ئەمریکا لە عێراق دۆخێکی وا بێنێتە ئاراوە کە ئەگەر کورد جەسوورانە گەمەی سیاسەت نەکات رەنگە پەراوێز بخرێت.

**چرکە: ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەکۆی دەنگ بڕیاریان دا بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێمیش بەردەوام دەڵێت ئەگەر ماددەی ١٤٠ی تایبەت بەهەڵبژاردنەکان نەگۆردرێت داواکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەنێرین بۆ پەرلەمانی کوردستان واتە کەرکورک دەگەڕێتەوە سەر هەرێم ئەگەر ئەمە ڕوویدا پێت وایە هەڵوێستی ئەمریکا چۆن دەبێت ؟**

هێرش عبدول : لە ئێستادا هیچ ئەگەرێکی نزیك لە ئارادا نییە بۆ مەسەلەی کەرکوك، ئەمریکا تەنیا بە داخوازیەکانی کوردەوە ناوەستێت، هێزەکانی تری عێراقیش هەرچەندە سەر زارەکی باسی بە تەوافوق چارەسەرکردنی مەسەلەکە دەکەن بەڵام لە ڕاستیدا هەندێك لایەن نایانەوێت مەسەلەکە چارەسەر بکرێت کە ئەمانە وەك کورد لە حکومەتی عێراقدا بەشدارن و قورساییان هەیە، جگە لەمانە وڵاتانی ئیقلیمی جێ پەنجەیان بەسەر کەرکوکەوە دیارە، دوور لەچاوی کورد لەوانەیە ئەوەیان بە ئەمریکا ڕاگەیاندبێت کەلەگەڵ ئەوەدا نین کەرکوك بخرێتەوە سەر کوردستان بەڵام ئەمریکا تا چەند گرنگی بەو داوایە دەدات ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، بۆیە لەناو ئەم فەزا ئاڵۆزەدا ئەمریکا بە ئاشکرا ناتوانێت دەری ببڕێت کە چارەنووسی کەرکوك چی لێدێت، هەر بۆیە سیاسی و ڕاگەیاندنەکانیشیان زۆر باسی ئەو مەسەلەیە ناکەن، جگە لەمانە ئەمریکا لە ئێستادا ئەوەندەی بەلایەوە گرنگە عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی فاشیل لە ناوچەکەدا ئەوەندە گرنگی نادات بەوەی ئایا دۆخی کەرکوك بە کوێ دەگات.

**چرکە: بۆچی تا ئێستا پەیوەندی نێوان کورد و ئەمریکا بەشێوەی نووسین نییە تەنها بەشێوەیەکی شەفەییە ، هەست ناکەیت بەردەوام ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر گۆرینی هەلوێست و سیاسیەتی ئەمریکا ؟**

هێرش عبدول : کورد هەرێمێکە لە عێراق نەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەموو هەڵسوکەوتێکی ئەمریکا لەگەڵ کورد بە پلەی یەکەم لە چوارچێوەی عێراقدایە، ئەوەی کوردو ئەمریکا لەیەك نزیك کردۆتەوە شەڕی دژە تیرۆر و بونیاد نانەوەی عێراقی دوای سەدام بوو، بە نسبەت شەڕی دژە تیرۆرەوە دەوڵەتی تریش زۆر هەیە کە تەنیا بە شەفەیی هاوپەیمانی ئەمریکان، هەروەها دوای ئەوەی عێراق ڕووی لە بوژانەوەی سیاسی و ئەمنی و سەربازی و ئابووری کرد رەنگە پەیوەندی کورد-ئەمریکاش وەك خۆی نەمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا بێت. دوای ئەوەی عێراق ڕووی لە بوژانەوەی سیاسی و ئەمنی کرد ڕەنگە پەیوەندی کوردوئەمریکا گۆڕانی بەسەردا بێت.

**چرکە: هەمیشە دەگوترێت کورد دوای ئیسرائیل یەکەم نەتەوەیە کە یارمەتی ئەمریکا بدات و هاوسۆزیەکی زۆری بۆ گەلی ئەمریکا هەیە ، بەڵام پێت وانیە بەبەراورد بەوهەموو دڵسۆزیەی کورد ئەمریکا شتێکی ئەوتۆی بۆ کورد نەکردوە؟**

هێرش عبدول : ئەمریکا بە پێی بەرژەوەندی خۆی کار دەکات و سیاسەت لە ئەمریکا لەسەر بنەمای هاوسۆزی دانەمەزراوە، ئەوەشت بیر نەچێت ئەمریکا لە پرۆسەی ڕزگاری عێراقدا هاوکاری کوردی کرد بۆ لەناوبردنی گروپە تیرۆریستییەکانی کوردستان، بەڵام وەك ئاماژەمان پێدا ئێستا ئەمریکا زیاتر بەتەنگ بارودۆخی عێراقەوەیە، چونکە ڕەخنەی زۆر لە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەگیرێت بەوەی وڵاتەکەی دووچاری جەنگ کردووە هەروەك نابێت ئێمە چاوەڕوانی هەموو شتێك لە ئەمریکا بکەین.

**چرکە: لەکاتی هەلبژاردنەکاندا یەکێک لە ڕیکلامەکانی هەلبژاردنی دیموکراتیەکان ئەوە بوو ، گەر ئەوان لەهەڵبژاردنەکان دەربچن هێزەکانیان لەعێراق دەکشێنەوە ، تەنها بەشێک لەهێزەکان بۆ پاراستی کورد دەهێڵنەوە ، پێت وایە ئەمریکیەکان بەپراکتیکی کورد دەپارێزن ؟ یاخود تەنها قسەیەکەو وەک سیاسیەتێک بەکار دەهێنرێت ؟**

هێرش عبدول : ئەمریکا لە ڕێی حکومەتی مالکییەوە کار بۆ ئەوە دەکات کە وڵاتانی دراوسێ دەست نەخەنە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ئەمریکا لە چوارچێوەی عێراقدا هەڵسوکەوت لەگەڵ هەرێمدا دەکات، مەسەلەی دامەزراندنی بنکەی سەربازیش بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەمریکا حسابی پاشەرۆژ دەکات و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە چوار دەوری ئەو دەوڵەتانە بگرێت کە مەترسین بۆ سەر ئەمریکا.

**چرکە: پێت وایە زەرورە ئەمریکیەکان بنکەیەکی هەمیشەیی لەهەرێمی کوردستان دابمەزرێنن ، چەندە ئەمە لەبەرژەوەندی کوردە ؟**

هێرش عبدول : وەك لە پرسیارەکەی پێشووتردا باسم کرد بوونی بنکەی هەمیشەیی لە کوردستان گرنگە چونکە کورد دەپارێزێت لە مەترسی ئیقلیمی و بێگومان لە بەرژەوەندی کورددایە.

## هەموو هەڵسوکەوتێکی ئەمریکا لەگەڵ کورد بە پلەی یەکەم لە چوارچێوەی عێراقدایە

********

## ئێمە نابێت چاوەڕوانی هەموو شتێک لە ئەمریکا بکەین

********

## بوونی بنکەی هەمیشەیی ئەمریکا لە کوردستان گرنگە ولە بەرژەوەندی کورددایە

# پاش قڵپبوونەوەی تاوەرەکان

yahoo.com@shakawan٧٧

لەپاش یازدەی سێپتەمبەر ئەمریکا چ لەسەر ئاستی ناوەخۆی یانیش لەسەر روی گۆڕەپانەکانی دەرەوە رادەیەك گۆڕانکاری هەژێنەری بەخۆوەبینی، لە دیوی ناوەوەی وڵاتی پەیکەری ئازادی، ئازادیە کەسیەکان بەرتەسککرانەوە، دەوڵەت یاسایەکی دەرکرد تێیدا دەسەڵاتی زیاتری دا بە دەزگا ئەمنیەکانی وەك FBI و CIA و پینتاگۆن و پتر دەستیکردنەوە، تا ئەو کاتە کەهیچ هێزێك دەتوانایدا نەبوو بێ پرسی دادوەر و لە ناوەخت و غەفڵەتیدا هەڵکوتێتە سەر ماڵان و خەڵکی، ئەم رێگایە کرایەوە و هەچ ساتێك پیاوانی ئاسایش بۆنی شتێك بکەن تا دواسنور رێپێدراون لە پشکنین و بەدواگەراندا، جالیەی موسڵمانی نەتەوەجیاوازەکان لەوێ که پێشتر بێ وەیبوون و پایەو پێگەیەکی بەرزیان لەناو کۆڕی خەڵك و متمانەی حکومەت هەبوو، بوونە شوێنی چاودێری وردوو توندی هەردوولا و لەچاوی عەوامەوە ریشنەکان و هاموشۆکاری مزگەوت و ئافرەتە حیجاب و رەفتەبەستەکان وێنەیەکەی زڕاوو بێزراویان بۆسازا، تەنانەت لە سەرکەوتنی میترۆ شەمەنەفەرکانیش لادانیان لێدەکردن، ئاینی ئیسلام لەو وڵاتە کە تا چەند چرکەیێك بەرلە رووداوەکە وێنەیەکی بێگەرد و بێ خەوشی ئاشتەوایی و یەکتری قبڵوکردنی هەبووە، بوە ئاینێك سەرتاپا سور هەڵگەڕا و بەخوێن و تژی لە توونددوتیژی و نەفیکردنی بەرامبەر . چەندین کۆمپانیای زبەلاحی فڕوکەوانی و گەشتیاری ئیفلاسیان هێناو موسافیرەکان ترسێکی زۆریان لێ نیشتبوو و گەر گواستنەوەی دەریای هەبووایە کەمتر باڵەفرەکان سەردانی شوێنی پێویستی خۆیاندەکرد، ترس و بیم و سڵەمینەوە و زیرەکردنێکی زۆر باڵکێشی شەقام و گەرەك و تەلار و داموودەزگا حکومیەکان بوون، هۆلید رووداوەکەی قۆستوە و هەڵمەتێکی فراوانی لە بەرهەمهێنانی فیلم دەستدایەو هۆڵەکانی سینەمای ئەمریکایان هێندەی کە پڕکرد، لە سەرئاستی دەرەوەش بۆش جاڕی شەڕێکی گەورەی لەگەڵ نادیاردا کە تیرۆرە، دنیای دابەشکرد بەسەردووبەرەدا بەری سێیەمی نەبوو، کۆنگرێس بودجەیەکی خەیاڵی بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەوەی پێی دەڵێ تیرۆر بڕیار پێدا کە دورنییە مێژووی ئەمریکا تەرخانکردنی واگەورەی بەخۆوە نەبینیبێ، بڕیاری روخاندنی حکومەتی تالیبانی دا ئەو حکومەتەی بەرهەمی بێچوەمارەکانی خۆیبوون، هاوکات بڕیاری شەڕی دژی سەدام دا بۆ ئەو مەبەستەش کەشتیگەلیە جەنیگەکانی و گوێزەرەوە زەبەلاحەکانی فڕۆکەکانی بۆ سنوری ئاویەکانی کەنداو راکێشکرد، ئاکام بە هاوپەیمانەتێکی نیمچەفراوانی بەبێ روسیا سەدامیشی نەهێشت، روسیا کەتاکە بەربەستی ئەمریکابوو بە بە لاداخستنی کێشەی چیچان ئاڵوگۆڕی پێکرا.

لەسودان کەوتە بروبیان و جۆنگەرنەگ و بزوتنەوەکەیی و رایگشتی لێهاندا، ئەو وڵاتەشی خستە لیستی تیرۆرستانەوە، پەکەکە کەتاپێش ئەو وەزعانە لەلای ئەمریکا پێناسەیەکی رونی نەبوو ، وەکو چۆمسکی دەڵێ لە تێڕوانینی ئەمریکا چیاکانی قەندیل لەلای رۆژهەڵاتیەوە کوردی ئازادی خواز و لای رۆژئاواشیەوە کوردی تیرۆرستی پێوەیە، خرایە خانەی تیرۆرستانەوە، وەك چۆن مانگانە FIF ریزبەندی هەڵبژاردە جیهانیەکان لە رووی بەهێزیەوە پۆلێندەکات، ئەمریکاش لەو ساوە لە رێی وەزارەتی دەرەوەی لیستی وڵاتانی تیرۆرستی بەجیهان دەناسێنێ، مانگێك وڵاتێکی لێدەخاتە دەرەوە و مانێگی کەی تێیدەخاتەوە.

نۆبە هاتەسەر ئێران و کۆریا، ئەوانیشی تەنگ پێهەڵچنی، کەوتە لێدانی باڵۆرەی کەئەوان چەکی ئۆتۆمی بەرهەمدێنن و داڵدە و پشتیوانی تیرۆرستاندەکەن، لە ولاشەوە OK بۆ ئیسرائیل کرد و لوبنانی بەو مقاشەی دەستی گەڕاندەوە سەردەمی کاولکاری جەنگی ناوخۆ، پرۆژەیەکی بەناوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەڵاڵەکرد، نەخشەی ئایندەیەکی تازەی بۆ دارشت و..........



شاخەوان عومەر سلێمان

ئەمانە کۆمەڵێك گۆڕانی کتوپڕ و راچڵەکێنەری پاش رووداوەکەبوون، جێگۆتنێیە ئەمریکا لەوەتای شێوەی ئەسپی رەسەن هەوایەك چووە بەلوتیدا وەك گایەکانی ماتەدۆر هەر رادەماڵێ تەڕو وشك بەیەکەوە دەسوتێنێ، جا ئەگەر قوربانیانی بەئەرزدا کەوتنی تاوەرەکان ژمارەیان نزیکی هەزاران کردبێ، ئەوا سوپای ئەمریکا لەژێر پەردەی ئازادی گەلان و مافی مرۆڤ زۆر زیاتر لەو ژمارەیەی خەڵکی بێ تاون و بێئاگای کوشتووە و هەزاران هەزار منالی بێ دایك و باوککردووە.

# پایتەختی روشنبیران بۆ؟؟

لە دێر زەمانەوە ئەگەر سەرنج بدەین شارە جوانەکەی سلێمانی بە پایتەختی روشنبیرای کورد ناسراوە. و لە دیدی خەڵکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات زۆربەی مەرج و شروتەکانی واتای روشنبیری لەم شارەدا کۆ بۆتەوەو لوتکەی روشنتبیری بە جۆرە جیاوازەکانیەوە، تێیدا زۆر بەرز بوو، بگرە هەر لە نوسینی وتاری سیاسی و کۆمەلایەتی و بڵاو کردنەوەی شتە هەستیارو بزوێنەرەکانی روحی مرۆڤی بە گشتی.

گەشەو بەرزی و جوانی لە مێژە لە ناخی روشنبیران بە گشتی وبەرهەمەکانیان بە تایبەتی لە شاری سلێمانی سەرنج راکێش و جێی بایەخ بووە، ئەوەی لە واتای راستەقینەی روشنبیری کۆ دەبێتەوە، لە سلێمانی هەبووە. لە رۆژگاری سەخت و دژوارو رۆژەکانی پر لە ئازارو ناخۆشی بۆ گەلی کورد کەوا وشەی کورد و کوردستان((بقە)) بوو دەبینین کە چۆن کەسایەتییە جیا جیاکانی بواری روشنبیری و فەرهەنگی و کلتوری کورد، چالاکیەکانی خۆیان نەخەواندووە و بەردەوام هەوڵی گەشە کردن و خزمەت کردنیان داوە بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی روشنبیری و هۆشیاری کۆمەلگای کوردی و گیان و ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسی تا ئەو رادەیەی کە ئەم شارە ناو و سیفەتی پایتەختی روشنبیرانی کوردی کردە مولکی خۆی. بەڵام زۆر بە داخەوە لەم رووە وە، رۆژ بە رۆژ لەم سیفەت و ناوە دور دەکەوێتەوە و بەرەو کاڵ بوونەوە هەنگاو دەنێت. روشنبیران لە سلێمانی هەموو کات راستیەکانی رۆژگار و دەورانی خۆیان خستۆتە بەر گوێ و چاوی کۆمەلگا و لە رێگەی بەرهەمەکانیان بە جۆرەجیاوازەکان هەوڵیان داوە جوانیەکان و راستیەکان، جوان تر بکەن و ناشرینی و قێزەوەنەکان لە ناو بەرن. بەڵام ئەمرۆ، کە لە چاو جاران لە رۆژگارێکی ئازاد دا دەژین و کەش و هەوای ئازادی و دیموکراسی تا ڕادەیەکی زۆر باڵی کشاندوە بە سەر کوردستان و ئازارەکانی بە تاوانی کورد بوون کەم بونەتەوە، نازانم روشنبیرانی پایتەختی روشنبیران بۆ لە ئاست ئەو هەموو گەندەڵی و بێ خزمەتگوزاری و شتە ناشرینەکانی شارە جوانەکەی سلێمانی، بێدەنگن و چۆن دڵیان دێت و توانای ئەوەیان هەیە ئەم شارە پیرۆز و بە ناو بانگە، رۆژ بە رۆژ سیمای شارستانیەت و روشنبیری لە دەست بدات کە وەکو گولێکی گەش بەرەو بێ رەنگی دەچێت. پێویستە روشنبیران لە سلێمانی بە تایبەتی، بە خۆیان و ئەو بێدەنگیە دا بچنەوە کە بۆتە هۆی گەلێك پرسیار لای زۆربەی کەس کە چۆن دڵیان دێت پایتەختی روشنبیرانی کورد لە زۆر روانگەوە بەرەو دواوە هەنگاو بنێت. زۆر حەیفە ئەم شارە جوانە و ئەم شارە زیندووە بەرسەو نەمان و لاواز بوونی روشنبیری و هۆشیاری هەنگاو هەلگرێ.

**محەمەد فەرێق**



نەجیبە مەحموود - سووید

# خەریکە کوردستان دەبێتە بنکەیەک بۆ تەراتێنی لەشفرۆش و سەرۆک باندەکان



**نەجیبە مەحمود یەکێکە لەوژنانەی ساڵانێکی زۆرە تەمەنی خۆی بۆ داکۆکیکردن لەمافەکانی ڕەگەزی مێینە تەرخان کردوە ، ساڵانێکی زۆر لەرێکخراوەکانی کوردستان کاری کردوە ، پێشتر بەرپرسیی بەشی ژنانی رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت بوە ، ئێستا لەوڵاتی سوید نیشتەجێ یە، لەدیمانەیەکی تایبەتدا ناوبراو قسە لەسەر دیاردەی لەشفرۆشی و مەترسیەکانی بلاوبوونەوەی لەشفرۆشی دەکات لەکوردستان، تیشک دەخاتە سەر کاریگەری کولتووری جیهانگیری لەدروست بوون و پەرەسەندنی لەشفرۆشی .**

**گۆڤاری چرکە**

***چرکە: لەش فرۆشی و ژنانی لەشفرۆش چۆن دەبینیت ، ئایە پێت وایە ئەوان کەسانێکی تاوانبارن ؟***

نەجیبە مەحمود : لەشفرۆشی دیاردەیەکە لە سەر ئاستی جیهان پیادە دەکرێت ،ئەویش بازرگانی کردنە بە جەستەی ڕەگەزی مێینە ،یاخوود کەسانیك جەستەی خۆیان ئەفرۆشن لە بەرامبەر دابین کردنی بژێوی وپێداویستی ژیانیان ، کە کۆمەڵگەی ئێمەش یەکێکە لەو کۆمەڵگەیەی خەریکە ئەو دیاردەیە بەرەو تەشەنە کردن ئەروات.

لەش فرۆشی کاتێك کەسێك بەخواستی خۆی ئەو پیشەیە هەڵ ئەبژێرێت،ئەوا تاوانێکی گەورەیە دەرحەق بەلاشە یا جەستەی وهەست و ئیحساسی خۆی ئەکات ،بەڵام ئەوەی گرنگە قسەی لە سەر بکرێت کە بە گەورەترین تاوان ئەژمێردرێت دەرحەق بە مرۆڤایەتی ،ئەویش کاری سەرۆك باندەکانە ،کە بە شێوەی هەڵخەڵەتاندن یاخوود سوود وەرگرتن لە بارودۆخی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی ژنان و کچان،بە شێوەیەك کە ناچار بکرێن بەمل کەچ کردنیان بۆ ئەو کارە ڤێزەونە .

***چرکە: جگە لەپاڵنەری مادی پێت وایە چی تر وا لە ژن دەکات هانا بۆ لەشفرۆشی ببات و ببێتە لەشفرۆش ؟***

نەجیبە مەحمود : بە دلنییایەوە لایەنی ئابووری ئەگەر ئاستی وشیاری کەسەکانێش لاواز بێت ئەوە یەکێکە لە بوارە هەرە سەرەکیەکان بۆ هاندانی ژنان بۆ کاری لەشفرۆشی وە هەروەها لایەنی کۆمەلایەتی ،وەك گەورە بە بچووك ،ژن بە ژنە ،لە بری خوێن دان ،بە زۆر بە شوودان ،جیاوازی تەمەن ،هەروەها بێ لانەیی ،بێ سەر پەرشتی ،ئەوانە ئەبنە هۆی دروست کردنی ژیانێکی نائارام و لە ژیانی نائارامیش دا ،مرۆڤ پەنا ئەبات بۆ زۆر ڕێگای تر کە پێی وابێت ئارامی لێی دەست ئەکەوێت ،ئەمانە ئەبنە هۆکار بۆ پەنابردن و ناچار کردنیان بەو کارە .

***چرکە:ڕێژەی لەشفرۆشی لەکوردستان و وڵاتانی پێشکەوتوو چۆن دەبینیت ، بەتایبەت لەنیو ژنانی کورددا ؟***

نەجیبە مەحمود : هەڵبەتە وەك ڕێژەی لەشفرۆشی ،گەر چی ئاماریکی تەواو نیە ،بەڵام وەك دیاردە لە کۆتایی نەوەتەکاندا لە زیاد بوندایە بە تەواوەتی پەردەی لەسەر هەڵمالدرا، ئەویش ئەگەرێتەوە بۆ داڕمانی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی لە کوردستاندا .

**چرکە: زۆرجار لەلەشفرۆشی دا بەرپرسەکان تاوانبار دەکرێن ، بەڵام دەبینین لەئەوروپاش بەرێژەیەکی زۆر لەشفرۆشی بەدی دەکرێت ، ئەی چ وا لەژنێکی کورد دەکات لەوڵاتانی پێشکەوتوی وەک ئەوروپا ئەم کارە بکات ؟**

نەجیبە مەحمود : ڕاستە لە ئەورووپاش ئەو دیاردەیە هەیە ،بەڵام جیاوازی ژنانی ئەورووپا لەگەڵ کوردستان لەوە دایە ،کە ژنان لە کوردستان بە خواستی خۆیان نەبووە ،بەڵکوو ناچار بەو کارە کراون ،وە لە کتێبی ئۆقیانووسێك لە تاوانیش دا هاتووە و ئیشارەتی پێ دراوە ،جگە لەوەش لە بەدواداچوونی ٢٠٠١ ی خۆمان بۆمان دەرکەوت .بەڵام نازانم ژنانی کورد لە ئەورووپا ئەو کارە ئەکەن یان نا چوونکە ئەوە ئەبێ بە پێی لێکۆڵینەوە و ئامار بتوانیت رای خۆتی لەسەر بدەیت .

**چرکە: کاریگەری تەکنەلۆژیا بەگشتی و میدیا بەتایبەتی لە دروستکردنی ژنانی لەشفرۆشدا چۆن دەبینیت؟**

نەجیبە مەحمود : بە دڵنیاییەوە کاتێك تەکنەلۆژیا پێش ئەکەوێت، عەولەمەش کاریگەری راستەوخۆی ئەبێت لە سەر ولاتە دواکەووتوەکان ، ئەگەر ئەو ولاتانە خۆیان بۆ ئامادە نەکردبێت بە شێوەیەك خۆیان بگونجێنن ،ئەوە ناتوانێت بە شێوەیەکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ گۆرانکاریەکاندا بکات و سوودی لێ وەر بگیرێت ،بۆیە (پێویستە دەسەڵات پرۆژەی هەبێت بو بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەلگە وزەمینە لەبار کردن بۆ ئەو کرانەوەیە بە سەر کۆمەلگەدا ).وە لێرەدا (خەڵکی بە توانا و خاوەن دەسەلات ئەتوانن خەلکی لاواز و بێ دەسەڵات بە کار بهێنن بۆ مەرامەکانی خۆیان).

**چرکە: بۆچی تائێستا ڕێکخراوەکان و حکومەتیش هیچ هەوڵێکی ئەوتۆیان سەبارەت بەم کێشەیە نەداوە، ئایە لەشفرۆشی لای ئەوان بەکێشە نازانرێت یاخود لەتوانایاندا نی یە ئەم دیاردەیە کەم بکەنەوە یاخود چارەسەری بکەن ؟**

نەجیبە مەحمود : لە سالی( ٢٠٠١) دا ئێمە کۆمەلێك رێکخراوو کەسایەتیە ڕۆشنبیرەکان بە یەکەوە هەولمان دا کە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە بکۆڵینەوە و بە دوا داچوونی بۆ بکەین ،بەڵام بەداخەوە پەیوەندیمان بە چەند بەرپرسێکەوە کرد نە لە دەزگا حزبی و نە حکومی پالپشتیان نەکردین ،بەڵکوو رێکخراوی ژنانیش هەبوو دژایەتی ئەکردین و ئەیان وت خۆشبەختانە ئەمە نەبۆتە دیاردە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا،وە دەریش کەوت کە بەلێ نەك دیاردەیە بەڵکوو ئەگەر فریا نەکەوین ئەوە دزە ئەکاتە زۆربەی ماڵەکان و رۆژ لە دوای رۆژ لە تەشەنەکردن دایە .بەلێ کێشەیەکی گەورەیە و هەندێك بەرپرس لێی ئاگادارن بە پێ بەدواداچوونی کتێبی ئۆقیانووسێك لە تاوانیش دیارە،ئەوکات زەوی درابوو بە سەرۆك باندەکان ،،ئەی ئەوە هاندان نەبێت ناوی چی لێ ئەنێت ؟ئەوەی کێشەی گەورە یە لەم کۆمەلگایە ،نەخێزان ،نە حکوومەت ،نە وەزارە تە پەیوەندی دارەکان ،نە پەرلەمان ،نە حزبەکان ،کەس بە پێویستی نازانێت قسە لەسەر ئەو کێشەیە بکەن ،وەك شتێکی شەرم هێن بۆ کۆمەڵگەی کوردی سەیر ئەکرێت .کە زۆر خیزان بە دەست ئەو کێشەیەوە ئە نالێنێت ،وا خەریکە کوردستان ئەبێتە بنکەیەکیش بۆ تەراتێنی لەشفرۆش و سەرۆك باند کریاری شارەکانی تری عیراق .بۆیە من هەموو ئەو دەزگایانەی ناوم بردوون لەسەرەوە ،بە بەرپرسی یەکەم ئەزانم ،ئەگەر کار نەکرێت بۆ کەم کردنەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان بەرپرسن لە بەژداری کردن لە تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیە،من لێرە دا بە پێویستی ئەزانم بپرسم لە حکومەت ئایا سەر هەلدانی ئەم دیاردەیە پێویستە حکوومەت بە زەنگێکی خەتەری لە قەڵەم بدات بۆ تووش بوون و رووبەروو بوونەوەی کۆمەڵگە بە قەیرانێکی گەورە ، وپلانی بۆ دابڕێژێت یان بە پێ دانی خەڵات خۆی بدزێتەوە ؟.

**چرکە.بەبڕوای تۆ پێویستە چ هەنگاوێک بنرێت بۆ کەم کردنەوەو چارەسەر کردنی لەشفرۆشی ؟**

نەجیبە مەحمود : بە بڕوای من ،پەرلەمان ،حکوومەت ،وەزارەتەکان وەك ؛کاروو باری ژنان ،کاروو باری کۆمەلایەتی ،پەروەردە ،ناوخۆ ،تەندروستی رۆشنبیری ،ئەمانە پیویستە کۆبوونەوەی بە پەلە ی خۆیان بکەن ،تویێژینەوەی لەسەر هۆکارەکانی بکەن،لە هەمان کاتدا چارەسەریان بۆی هەبێت ،ئەگەر ئابووریە فرسەتی کار دروست بکرێت بۆ ژنان ،ئەگەر کۆمەڵایەتیە ئەوە ئەبی بە یاسا رێك بخرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە ،لە هەمان کات دا پێویستە کار بکرێت بۆ پەروەردەکردنی قوورب‌انیان بە شێوەیەك کە بگەرێندرێنەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان ،لە لایە کۆمەڵگە ئیعتباریان بۆ بگەرێندرێتەوە . وە سزای توووند هەبێت بۆ سەرۆك باندەکان کە کچان و ژنانی ئەم ولاتەی هەلئەخەڵەتێنن و بە هەمان شێوە سزای توووند بۆ ئەو دایك وباوکانەی حەق بە خۆیان ئەدەن مناڵەکانیان بەکار ئەهێنن بۆ ئەو مەبەستە .

**چرکە: بەپێی توێژینەوەی ئۆقیانوسێک لەتاوان بەشێکی زۆر لەژنان بەهۆی یان لەریگەی بەرپرسی حزبیی و حکومیەکانەوە توشی لەشفرۆشی هاتوەن ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بە شێکی زۆر لەبەرپرسان باوەریان بەمافی ژن نی یە ؟**

نەجیبە مەحمود :(پێش هەموو شتێك پێویستە ناوی ئەو بەر پرسانە ئاشکرا بکرێت و لە دادگا داوایان لە سەر تۆمار بکرێت ،پۆستەکانیان لێ بستێندریتەوە) ،کە بەم شێوەیە داهاتی ولاتەکە بۆ مەرامە گلاوەکانی خۆیان بەکار بهێنن ،ببێتە هۆی ماڵوێرانی مێللەتەکە ،بۆیە ئەبێ سنوور دابنرێت بۆ ئەو مەسئوولە نا مەسئوولانە .

**پێویستە ناوی ئەو بەر پرسانە ئاشکرا بکرێت کە ژنانیان توشی لەشفرۆشی کردووە ، پۆستەکانیان لێ بستێندرینەوە**

فەیسەڵ محمد سالح

# کەناڵە فەزایەکانی هەولێر هۆکارن بۆ لاواز بوونی درامای کوردی



**فەیسەڵ محمد سالح لە ساڵی 1955 لە گەڕەکی سعدوناوە لە دایکێکی هەولێری و باوکێکی کۆیی چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. ئەم هونەرمەندە لە ساڵانی رابردوو هونەرمەندێکی دیارو ناسراوی گۆڕەپانی هونەری کوردی بووە لە بواری دراما شانۆ، خزمەتێکی بە رچاویشی بە هونەری کوردی کردووە هونەرمەند فەیسەڵ ئێستا مامۆستای وانەی ئینگلیزی .بەڵام لەم ساڵانەی دوایی دوورکەوتنەوەیەک لە نێوان هونەرمەند فەیسەل و هونەرەکەی رووی داوە. بۆیە بە باشمان زانی دیمانەیەک لەگەڵ ئەم هونەرمەندە ساز بدەین.**

**دیمانە : ئارەزوو محەمەد مستەفا**

***هۆکاری سەرکەوتنی دراماکانی شاری سلێمانی لە چاو دراماکانی شاری هەولێر بۆ چی دەگەرێنیتەوە؟**

ـ دەمێك بوو بریاری ئەوەم دابوو لەگەڵ میدیاکانی جۆراو جۆر لێدوان و چاو پێکەوتن نەکەم.. بەڵام حەماس و کارکردن بۆ پێش خستنی گۆڤاری چرکە وای لێ کردم کە لە بریارەکەم پاش گەز بوومەوە. وەلامی ئەم پرسیارەش بە چەند خاڵێك دەست نیشان دەکەم لەوانە:ـ

١ـ هاتنە مەیدانی چەند سیناریستێك و نووسەرێکی بواری درامایtv.

٢ـ پەیدابوونی پەیوەندێکی بە هێز لە نیوان زۆرینەی هونەرمەندان.

٣ـ پێك هێنانی چەند گروپێك کە لە کارەکانیان دیارن، هونەرمەدانی یەکێك لە درامایەکە کام گروپەیە دیارە.

٤ـ زۆری ئەکتەری ئافرەت ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە.

٥ـ بونی tv خاك و کوردسات.

٦ـ والا بوونی سەدان دەرگا لە لایەن خەلکانی شار بۆ تۆمار کردنی کارەکانیان ویارمەتی دانیان جا چ بە شێوەی مەعنەوی بێت یاخود مادی.

٧ـ زۆربەی ئەکتەرەکان بەشداری لە یەك دراما دەکەن تا کۆتایی.. ئێنجا روو لە کارێکی هونەری تر دەکەن.. ئەوان چوار پێنج گندۆرە بە دەستێك هەڵناگرن.

***پێت وایە هونەر بەگشتی لە سەردەمی رابردوو پێشکەوتوتر بووە یان لە سەردەمی ئێستا.؟**

ـ ئەم پرسیارە ئەگەر ئاراستەی هەر کەسێکی سادەی بکەی دەڵێ سەردەمی رابردوو هونەر پێشکەوتوو تر بووە، لەبەر ئەوەی ئامانجێك بوو لە ئامانجەکانی هیوای کورد هیچ هونەرمەندێك بیری لە بەرژەوەندی و کەسایەتی خۆی نەدەکردەوە. یاخود بیری لەوە نەدەکردەوە بە هۆی ئەو هونەرە دزی بکات و گیرفانەکانی پێ پر بکا... بەلکو بیرکردنەوەی لەوە دابوو چ کارێك بکات، چۆن خزمەتی کوردستان و

خەلکەکەی بکا. قەت بیری لەوە نەدەکردەوە کەسانێك دەست خۆشی لیێ بکەن. ئەو کاتە هونەر چەکی راستەقینەی هونەرمەند بوو بۆ دژایەتی رژێم و سەربەخۆیی. ئێستاش هونەر خەریکە یاخەی خۆی ئەدرێ لە بەر چەند کەسانێکی ناهونەرمەند..با دووبارە چاو بە دراما کۆنەکان بخشێنن بەلکو شتێکی تر فێر دەبن، زۆر کەس کە سوێند دەخوات دەلێت بە (قورئانی قەدیم) کەواتە قەدیمەکە زۆر پێشکەوتو تر بووە.

***نەبوونی سینەما لە کوردستان بۆ چ هۆکارێک دەگەرێتەوە؟**

- پێش هەمو شتێك زۆر موخابن و شەرمەزاریە کە بڵێی سینەما لە کوردستان!! لە کوردستان بگرە بلاچکتۆرێکی سینەمایی نی یە.. نەوەك هونەرەکەی، بەلێ زۆر راستە بەرێوەبەرایەتیەکی زۆر گەورە بە ناوی سینەما هەیە کە هەر ماوەیەك بەرێوەبەرێکی بۆ قیت دەکرێتەوە. هونەرمەندانی ئەم بوارەش زۆربەیان لە هونەری سینەما نەگەیشتوون، بەلکو رۆژانەیان و دەوامیان چای کارێك بکەم بەرەو روو ستایشم بکەن و لە دواوەش تف لە خۆم و کارەکەم بکەن. حەزیشم لە هونەری قون بادان نی یە. بۆ ماوەی ((٣٨)) سال زۆربەی ژیانم بە بوون و نەبوون خزمەتی ئەم شاشەیەم کردووە، کەچی بە داخەوە لێپرساوانی شاشەکان هیچیان بوومنەکردووە هەر کارێکی هونەری بە پشت گیری و یارمەتی دەبێ بەڵام بە داخەوە بە هەزاران دۆلار بۆ ئەم لاو ئەو لا سەرف دەکرێت کەچی رێزلێنانی هونەرمەند دەبردرێت. زۆرینەی هونەرمەندانی هەندەران ەفتەرو بالەخانەیان بە ناو دەکرێت، بۆ ئێمەش پارچە زەویەکیش بە رەوا نابینن... گوایە بە تایبەتی خۆم لە سالانی هەشتا موستەفید بوومە. بە سەر نەکردنەوەی هونەرمەند.... من بۆ ماوەیەکە لە شاشە دوور کەوتوومەوە کەسێك لە بەرپرس و کاربەدەستانی هونەری هەتا بگرە رەفیقانی٤٠ سال پێش ئێستا ناپرسن یاخود تەلە فۆنێکیش ناکەن بلێن ((ئەرێ هونەرمەندی سەگ باب خەریکی چی؟ بۆ دیار نی؟ کێشەت چی یی؟)). بەڵام ئەوەی ئەکادیمی نزیك بوو. شەرتیش نی یە هونەرمەند بروانامەی هونەری هەبێت هەندێك هەن ئەو بروانامەیان لیێ بۆتە بەلا و هەر بۆ وەزیفەکە بە کاری دێنن، هەندێ هونەرمەندیشمان هەیە قابیلی ١٠ بروانامەن.

***شانۆگەری کوردی ئێستا لە چ ئاستێکدایە؟**

- شانۆ دەمێکە تەلاق دراوە، چەند کەسانێك مارەییەکەیان هەر بە پێوە خواردوە ، شانۆ ئێستا لە سەر چەند کەسانێك تاپوو کراوە ئەوانیش دیارن.. ئێستا کە ئاستی شانۆ زور لە خراپی دایە و زۆر زەلیل و کز بووە ئەوەش لە یاد نەکەین بەرێوەبەرایەتی شانۆمان هەیە، ئەوانیش هەر خەریکی کۆکردنەوەی واژوون خۆیان چاك ئەزانن بۆ؟ من خۆم زیاتر لە دو مانگ خەریکی پرۆڤەی شانۆگەری(( یۆلیۆس قەیسەر)) بووم تەنیا بۆ نیشان دانی ماوەی یەك رۆژ.. ئامادەبوان هەمووی خزم و کەسانی بەشدار بوانی شانۆگەریەکە بوون

# شانۆ دەمێکە تەڵاق دراوە و چەند کەسانێکیش مارەیەکەیان بە پێوە خواردووە

خواردنەوەو تیێ تەقاندنە، جگە لەوەش چەندیان لەو هونەرمەندانەی بە ناوی سینەما هەلگری بروانامەی ئەو بوارەن و چ زانیاریەکیان پیێ یە. راستە چەند کارێك بۆ سینەما کراوە ئەویش بە هۆی کەرستەو ئامێر و کەسانی بیانی بووە چونکە خۆم یەکیێ ك بووم وەك ئەکتەر کارێکی بچوکم لە سینەما کردووە بۆیە دەزانم سینەما چ دەعبایەکی گەورەیە. لە کوردستان دەیان هۆکار هەیە بۆ نەبوونی سینەما، بە بروای من تاکو(٥٠) سالی تریش هونەری سینەما لە کوردستان بە بەرامبەر وولاتان جێگای قاچیشی نابێتەوە. گەر وەك ئێستا وابێ تاوەکو لە هەموو بوارەکانی سینەما لە کادری باش و هەلگری بروانامەو شارەزای تەواو لەم بوارەو و ئامێرو کەرەستەی تایبەت و کەسانی بە تەجروبە و سالانێکی زۆر لەم بوارەدا لە کوردستان سەر هەلنەدا، سینەما لە کحوردستان من و تۆ خۆش دەبێ گۆرانی (( وەیلیێ ... وەیلیێ)) ی بۆ بلێن.

*** هۆی چییە کە ئێستا لە شاشە دەرناکەویت؟**

- هۆی دەرنەکەوتنم لە شاشە.. ئەو شاشەیە وەك حەوزێکی قوراوی لی هاتووە مەلەی لە ناو بکەی لە جیاتی پاك بیتەوە پیس دەبی، من حەز ناکەم مەبەستیانە چ لە هەندەران بیێ چ لێرە بیێ وەك هەورە تریشقە ئارەزوو و ویستیان بۆ جیێ بە جیێ دەکرێ. چەندین هۆی تریش هەیە خۆیان چاك دەزانن، بەڵام ئەگەر کارێکی هونەری باش هەبێت داوای بەشداریم لیێ بکەن لە خزمەتی ئەوان دەبم و هیچ نکۆلی لیێ ناکەم.

***وەک ئەوەی تۆ لە تەمەنی لاوێتی رۆلت لە زۆر شانۆگەری گێراوە چوون بوو نەچوویتە کۆلێژی هونەرە جوانەکان؟**

- بۆ بەدبەختی خۆم من لە سالی(١٩٦٧) چوم بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی شانۆی بەلام لیژنەکە وەریان نەگرتم داوایان کرد بەشی مۆسیقا هەلبژێرم منیش خولیای بەشی شانۆ بووم. لە سالی (١٩٧٠) ئەوراق و بروانامەم پێشکەش بە ئەکادیمای هونەرە جوانەکانی بەغدا کرد، بەلێنیان پیێ دام دوای چەند رۆژێك پەیوەندیم پێوە بکەن بۆ چاوپێکەوتن بەڵام بە داخەوە ئەو رۆژەی ناوم بۆ چاوپێکەوتن خوێندرابۆوە و پەیوەندیان بە من نەکرد بوو ئەویشم لە دەست چوو، خێری تێدا بوو بەشی زمانی ئینگلیزیم لە سالی(١٩٧٨) تەواو کرد وانەکانی ئەم بەشەش تا ئاستێك لە وانەکانی ئەوەی من بیزانم رۆژێك دێت هەر هەمووان بەر نەعلەتی شانۆ دەبین و وەك شەیتان رجم دەکرێن ئەگەر بەم شێوەیە بروا.

***ئایا وەزارەتی رۆشنبیری کە وەزارەتی هونەر و هونەرمەند و ئەدیب و نوسەرو.. هتد لە ئاستی پێویست دایە بەرامبەر هونەرمەندان؟**

- زۆر بە کورتی وەلام دەدەمەوە، رۆژێکیان لە یەکێك لە رادیۆکانی شار لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هونەرمەندێك کە زیاتر لە (٤٠) سال خزمەتی هەبوو پرسیارێکی وای لیێ کرابوو لە وەلامدا وتبووی ئایا جەنابی وەزیر ئاگای لە من هەیە کە من لە هەندەران گەراومەتەوەو تەعین بوومە و فەرمانبەری ئەوم... بۆ هیچ جارێك سەردانی بەشەکەی منی کردووە؟ بۆ ئەزانیێ من لە چ شوێنێك دەوام دەکەم یان دەوام ناکەم، جا ئەگەر وەزارەت بەرامبەر بە فەرمانبەرێکی هونەرمەندی خۆی وابێ چۆن لە ئاستی پێویست دەبێ . با زۆری لە سەر نەرۆین. ئیدی هونەرمەند و ئەدیب و نووسەرانیش لەوانەیە بۆ وەلام دانەوەی ئەم پرسیارە بلێن زۆر گوتن قورئان خۆشە....

***پێت وایە کەناڵە فەزایەکانی هەولێر هۆکارن بۆ لاواز بوونی درامای کوردی؟**

ـ ١٠٠٪ کەناڵە فەزایەکانی هەولێر هۆکارن بۆ لاواز بوونی درامای کوردی من خۆم چەند ساڵێك لە کەناڵی هەریم کارمەند بووم لە زۆرینەی بوارەکانی هونەری کارم کردوە وەك نوسەر ،دەرهێنەر، وەرگێران، ئەکتەر، بەشی دۆبلاژی منداڵان... ئەوکاتە لەوانەیە ٥٠٪ پەخشی کەناڵی هەرێم کارەکانی من کردوومە بۆ ئەو مەبەستەش چەندین جار داوام کردووە لە بەرێوەبەرەکانی یەك لە دوای یەکی کەناڵی هەرێم کە بەشی دراما پێك بهێنن، بەڵام هەر هەموویان ئەم داوایەیان پشت گوێ خستووە. هیچ بەرێوەبەر و بەرپرسێکی ئەو کات بە هانامەوە نەهاتووە. کەچی لە هەموو کەناڵەکانی جیهان بەشی نواندن هەیە کە پێی دەوترێ بەشی نواندن((قسم التمسیلات)). نازانم دانەمەزراندنی ئەم بەشە لە چی دایە زۆر جاریش بەرپرسانی لیژنەی دەقی دراما بەرپرسیارن لە نەبوونی دراما لە کەناڵەکان. بە بەڵگەوە من ئەم قسەیە دەکەم خۆشیان چاك دەزانن هەرچەند هەر جارەو یان هەر ماوەیەك لیژنەیەکی کۆن دەرواو لیژنەیەکی تازە پێك دێت و ئەوانیش وەك لیژنەی پێشتر چاوەروانی رەحمەتی خوا دەکەن بۆ ئەوەی لە جەژنانە بێ بەش نەبن.

***پێت وایە لاواز بوونی ئەکتەرەکانی شاری هەولێر بە هۆی ئەو دراما کۆمێدیانەیە کە بە شێوەی سیدی کەوتووتە بازار؟**

ـ ئەکتەر ئەگەر خۆی لە ئەساسەوە لاواز نەبێت لاواز بوونی تووش نابێت. گوناهە بلێی درامای کۆمێدی لە بەر ئەوەی درامای کۆمێدی لە هەرە گەورەترین و قورسترین قوتابخانەی هونەرە، ئەو سیدیانەی بە ناوی درامای کۆمێدی ئەنجام دەدرێت چەند کەسانێك بە (٥٠٠٠٠)دینار و بە دوو رۆژ ئەنجامی دەدەن کە ناوەرۆکەکەی پێك هاتووە لە قسەو وشەی نارێك کە لە داب و نەریتی کوردەواریمان ناوەشێتەوە.لە هەلس و کەوت و سەما کردن و سینگ بادانی ئافرەتان و لوشکە هاویشتنی زەلامان و ریسوا کردنی کۆمەلگای کوردی ..... زۆر شوریە بۆ ئەو کەسانەش کە پارە بەو سیدیانە دەدەن و ئابروی منالەکانیشیان پێ دەگۆرن... باوەر ناکەم هیچ ئەکتەرێکی راستەقینە خۆی لەم جۆرە کارانە بدات ئەم ئەکتەرانەی کە خەریکی ئەم جۆرە کارانەن خۆیانی پێ سووك دەکەن لە بەر ئەوەی کارەکانیان نیو کاتژمێریە و وەك ئەو کارانە نیە کە ئێمە لە سالانی ١٩٧٠وە تۆمارمان کردووە.ئێستاش زۆربەی کەناڵەکانی شار شەوانە پەخشی دەکەن و چێژ و خۆشی و رەسەنایەتی هەر پێوە ماوە. لای من ئەم جۆرە ئەکتەرانی لە جیاتی جۆ بخۆن بە تەنەکە کا دەخۆن.

***بە رای بەرێزت ئەکتەرەکانی شاری هەولێر لە بەر مادیات کارە هونەریەکانیان بە شێوەیەکی باش ئەنجام نادەن؟**

ـ سالانی هەفتاکان ئێمەی ئەکتەران لە هەولێرەوە بۆ بەغدا لەوانەیە (١٢) سەعاتمان پێ دەچوو. ئەویش لە بەر خاتر و خۆشەویستی تۆمار کردنی درامایەك بەو مەرجەی دەبێ رۆژانی پێنج شەمە و هەینی بێت لە سەر فەرمانی (علوج)کە (محمد سعید ێحاف) بوو کە ئەو بەرپرسی بوو. رۆژانی تر تۆمار کردن نەبوو. ئەو کاتە لە هەر تۆمار کردنی درامایەك ئەگەر دو سێ دینارمان وەرگرتبا، ئێستاش لە بیرمە لە درامای (مەسەلەی شارێك) تەنیا ٧٥٠ فلسم وەرگرت. ئێمە خەریکی کاری باش و دەرئەنجامەکانی بووین هەولی ئەوەمان ئەدا کە ناحەزان بزانن ییمەش لە ئاستی هونەر زۆر لە پێش ئەوانین بۆیە هیچ کاتێك بیرمان لە لایەنی مادیەت نەکردۆتەوە. بە داخەوە رۆژانی ئێستا زۆربەی هونەرمەندان هەر کە دەمی دەکاتەوە دەلێ پارەی گرێ بەستەکەی من چەندە ، راستە پارەش سارێژە بۆ هەندێك پێویستی ژیان . کاتی هونەرمەند داوای مافی خۆی دەکا بەم شێووەیە.. چونکە باش دەزانێ دزی گەورە کێ یە بێ گومان ئەم کارەش وا دەکات کارە هونەریەکەی بە شێوەیەکی باش ئەنجام نەدرێ، بەڵام بە داخەوە ناش بێ وابێ لە بەر ئەوەی هەموو شتێك بە خوێ خوێش بە مەعنا.



# هیچ لەو رۆژنامانەی کە ئێستا هەن خاوەن پەیامێکی جێگیر نین



**لە دیمانەیەکی تایبەت بۆگۆڤاری چرکە مقداد شاسوار،نووسەرو رۆژنامەنووس باس لە رەوشی رۆژنامەگەری و ئەو بابەت و بڵاوکراوانە دەکان کە ئەمرۆ لە کوردستاندا هەن و دەلێت: بە داخەوە من پێم وایە راگەیاندنی ئێمە زیاتر تووشی چەواشەکاریمان دەکات تاوەکو زانیاریمان پێ بگەیێنن.**

**دیمانە : چرکە**

***لەکوردستان رەوشی رۆژنامەگەری رەوشیکی ئارامە یاخود فەوزایەکی رۆژنامەگەری هەیە ؟**

ـ بێگومان فەوزایە، ئەوە هێچ گومانی تێدا نیە. بەڵام ئەو فەوزایە دیارە لە وەوە دروست بوو کە بووشاییەکی یاسایی رۆژنامەگەری بۆ کارکردنی رۆژنامە تا چەند رۆژێك لەمەوبەر دەرنەچوو لەلایەن پەرلەمانەوە. خۆی من بەشتێکی ئاسایی دەبینم دوای هەر گۆڕانێك لە رژێم یاخود لە شێوازی حوکم، جۆرێك لە فەوزا دروست دەبێت، ئێمە ئەوەمان لە وڵاتانی تریش بینیوە و ئەزموونی خەڵکی تریش لەبەر چاومانە. بە تەئکید ئەو هەڵاو فەوزا و بێ سەروبەرییە کە دروست دەبێت لە دوای گۆڕانی سیستەمی حوکمرانی لەهەر وڵاتێك فەوزایەکە بەر لەهەموو شتێك بەرۆکی رۆژنامەگەری دەگرێتەوە. ئەویش دیارە لە کوردستانی دوای راپەرین شتێکی ئاسایی بوو، کە حاڵەتێکی وا رووبدات بەڵام بەداخەوە لەوڵاتی ئێمە ئیتر حکومەت یاخود دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتی، یان نەپەرژایە سەر ئەوەی یاسایەك دابرێژێت بۆ کاری رۆژنامەگەری یاخود نەیویست. ئەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ خودی دەسەڵات. بەڵام من پێموایە کارکردن بە یاسای کۆن کە من بۆ خۆم چەندین جار چوومە بەردەم دادگا بەپێی ئەم یاسا کۆنە بەرخوردم لەگەڵ کراوە، ئەوە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی ئەو فەوزایە درێژە بە بێ سەروبەری خۆی بدات کە داوێتی هەتا ئێستا. ئەگینا من بۆ خۆم لەگەڵ ئەوە نیم کە دەرچونی رۆژنامە و گۆڤار لە قاڵب بدرێت یان سنووردار بکرێت .من پێم وایە لەهەر وڵاتێك هەر کەسێك بۆی هەیە تەنانەت بەبێ مۆڵەت وەرگرتنیش رۆژنامەیەك ، گۆڤارێك یاخود شتێك لەو بابەتە دەر بکات. ماوەی مانەوەشی یاخود سەرکەوتنی و نوشست هێنانی دەگەرێتەوە بۆ ناوەرۆك و شێوازی کارکردنی . ئەگەر هاتو باش بوو ئەوە بەتەئکید درێژە بەتەمەنی خۆی دەدات ئەگەر هاتو خراپ بوو خەڵکێك پێشوازی لێ نەکرد ئەوە هەر بۆ خۆی دەپوکێتەوە . زۆری و بۆری کە زۆرکەس ناوی لێ دەنێن من پێم وایە خراپ نیە ، بۆ ئەوەی هەم دەرفەت بدات تۆ وەك خوێنەر، باش و خراپ لێك جیا بکەیتەوە هەم بوار دەرەخسێنێ کادیریکی زیاتر پێبگەیەندریت لەم بوارەدا. بەپێ ئەزموونیش ئێمە بینیمان ئەو زۆری و بۆریە کادیرێکی گەنجی باشی پێ گەیاند لە بواری رۆژنامەگەریدا ئەمەش شتێکی باشە خراپ نەبوو. بەڵام قسەی من لەسەر ئەوەیە هەموو رۆژنامەگەری ئێمە بە پێچەوانەی هەموو رۆژنامەکانی دونیا پەیامێکی هاوبەشیان تێدا نیە. ئەوەیان دەچێتە ناو بێ سەروبەرێیکەوە، بابەت هەر ئەوها بڵاو دەکرێتەوە، هەرەمەکی، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ بنەمایەك ، یاسایەك و ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی یان نشتیمانی بکرێت. بێ سەروبەری لەبڵاوکردنەوەی بابەتەکان زیاتر ئازارمان دەدات لە مەسەلەی بێ سەروبەری لە دەرچوون. ئەگینا دەبینین لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتوو بەسەدان رۆژنامە و گۆڤار دەردەچن . بەڵام دوا جار دەبینی هەتا نەتەوەکانی دەوروپشتمان تورکیا، عەرەب، ئیران داوە موویەکی هاوبەش هەموویان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. کە دوا

ئەوەیە من ناوی لێ دەنێم بێ سەروبەری و فەوزا، چونکە بەتەئکید تۆ هەر ئیشێك بکەی بێ بناغە و نایاسایی بێت یاخود پاڵپشتێکی یاسایی بە هێزی نەبێت رۆژنامە نووسیش نازانیت چۆن ئیش بکات، سنووری ئیش کردنەکەی هەتا کوێ بڕ دەکات، هێڵی سووری هەتا کوێیە. راستە لە وڵاتی ئێمە سیستەمێکی دیموکراسی هەیە و مەجالێکی زۆر دەداتە رۆژنامەگەری، من پێموایە لەم رووەوە گەشەسەندنێکی باش بەر چاو دەکەوێت بەڵام بۆشایی یاسایی تا ئێستا ئەو بێ سەروبەرییەی هێشتۆتەوە.

**** هەتاکوچەند گۆڤاریان بڵاوکراوەی ئەهلیمان هەیە ؟ ئایا پێتوایە دەسەڵات هۆکاری ئەو زۆری و بۆریەیە یان نەبوونی ئەو یاسایە لەناو رۆژنامەکان ؟ ئایا تاچەند رۆژنامەگەری ئازاد هەیە و حکومەت رێگربووە لەبەردەمی؟***

ـ من بەراشکاوی بڵێم لەو بارەیەوە هیچ خەتایەك لە دەسەڵات نابینم. دەسەڵات رێگای داوە بۆ ئەو رۆژنامانە. خۆی لە هەموو دونیادا پۆلێن کردنێك هەیە. جۆرێك لە رۆژنامە هەیە سەربە حکومەتن، جۆرێکی ترمان هەیە نزیکن لە حکومەت، جۆرێکی تر ئەهلی و سەربەخۆن وە جۆرێکی تر ئۆپۆزسیونە. ئەوانە، ئەو پۆلێن کردنەیە کە لە دونیا بۆ رۆژنامەگەری دەکرێت. هی ئێمە لێرە هەموو تێکەڵ بووە. ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە بەناوی ئەهلی دەردەچن بەداخەوە مۆرکی ئەهلی بونیان پێوە نیە لە بابەتەکانیاندا. هەندێك جار دەبینین بابەت بڵاو دەکەنەوە زیانی بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان هەیە ، هەندێك جار شتی وا بڵاودەکرێتەوە لە رۆژنامە و گۆڤارەکان جۆرە شێواوییەك لە سیستەمی کۆمەڵایەتیمان دروست دەکات ، رەنگە ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە ئیزن دراوە ئازادی ئیش کردنە بەڵام ئێمەی رۆژنامەنوس کە لە رۆژنامەگەری ئیش دەکەین چەند سوودمان وەرگرتووە لەو ئازادییە کە دەسەڵات داوییەتی . من ئەوەندەش بڵێم هەتا ئێستا بەداخەوە بڕوام نیە کە رۆژنامەگەری ئەهلی لەوڵاتی ئێمە هەبێت ، چونکە من پێموایە رۆژنامەگەری ئەهلی بۆ خۆی پەیامێکی زۆر زۆر باشی هەیە بۆ هاوسەنگی دروست کردن لەگەڵ ئەو رۆژنامەگەرییە حیزبییەی کە بۆ خۆیان دەڵێن ئێمە چاوێکمان هەیە تەنها شتە چاکەکانی حکومەت دەبینین . رۆژنامەگەری ئەهلی ئەوانیش بە پێچەوانەوە دەڵێن ئێمە چاوێکمان هەیە تەنها کەم و کورییەکان دەبینین .ئەوا هاوسەنگی دروست دەکات ئەگەر هەردووکیان بەو شێوەیە ئیش بکەن . ئەوانەی کە سەر بەحکومەتن مافی خۆیانە شتە باشەکانی حکومەت نیشان بدەن. ئەوانەی ئەهلین مافی خۆیان نوێنەرایەتی خەڵکی بکەن و کەم کورییەکان بگەیەنن بە دەسەڵات . بەڵام ئێستا لێرە بۆتە دوو بەرەی دژ بەیەك. بەمانای رۆژنامەگەری ئەهلی ئێمە، ئێستا رۆڵی ئۆپۆزسیونێکی بێ ئنتیما دەبینن . ئەوەیان زۆر مەترسی دارە. ئەگەر ئینتیما لە گۆڤارەکان و رۆژنامەکان هەبێت ڕەخنە دەگرن، تا سەر ئیسقان دەبێت رەخنە بگرن . رەخنە یەکێکە لەو بنەمایانەی ئەوەی بڕوای پێ نەبێت بونەوەرێکی دیکتاتۆرلەناو خودی خۆیدا هەیە ، دەبێت هەموومان بڕوامان بە رەخنە هەبێت . من قەد ناڵێم رەخنەی بنیادنەر یاخود ڕەخنەی تێکدەر، رەخنە هەر رەخنەیە، تۆ ئەگەر رەخنەت گرت دەبێت بنیادنەر بێت ئەگەر تێکدەر بێت ئەوا رەخنە نیە و ناچێتە ناو قاڵبی رەخنەوە. بۆیە من پێموایە تا ئێستا ئەو پولێنە کە من لەسەرەتا باسم کرد نەکراوە لەناو ئێمە . ئێمەی رۆژنامەنوسیش تا ئێستا چونکە پابەند بە هیچ یاسایەکی رۆژنامەگەری نین کە هەتا ئەم چرکەساتە نیمانە، بۆیە ئەو بێ سەرو بەرییە دیسان دروست بووە و تێکەڵاوییەك دروست بووە، خوێنەر و خەڵکی تووشی سەر لێشێوان کردووە لەوەی ئەم هەموو رۆژنامە و گۆڤارە دیانەوێت چی بە خەڵك بڵێن لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەموو بوارەکانی تریش، بەمانای خەڵك نازانێت بە حەقت تێناگات ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە دەیانەوێت چیت پێ بڵێن هیچ لەو رۆژنامانەی کە ئێستا هەن خاوەن پەیامێکی جێگیر نین وە چوار چێوەیەکی دارێژراویان نیە.

**** ئایا رەوشی سیاسی کوردستان بە تایبەتی سەبارەت رۆژنامە نووسەکان ئێمە گرفتێکی زۆرمان هەیە لەگەڵ حکومەتی عیراق تا ئێستا نەمانبینیوە لە کوردستان یەک رۆژنامە نووس باسی بکات؟***

ـ بە داخەوە من پێم وایە راگەیاندنی ئێمە زیاتر تووشی چەواشەکاریمان دەکات تاوەکو زانیارییەکمان پێ بگەیێنن. یاخود شرۆڤەکاریی ئەوبارودۆخە مان بۆ بکات کە هاتۆتە پێش هیچ شتێکمان وەکو خۆی بۆ ناگوازێتەوە . شتەکان ئەگەر بیەوێت ئەوا بە جوانی نیشانی دەدات، بەیانی ئەگەر دیسان بیەوێت هەمان شت بە خراپی نیشانی دەدات . ئێمە بەداخەوە چاومان لە دەمی دەسەڵاتە ئەوانەی کە لێدوان دەدەن . دیسان دەڵێم بەداخەوە ئەو لێدوان و تەسریحاتەی کە لە رۆژنامەکان و لەگەڵ میدیای دەرەکی بەگشتی ئەنجامی دەدەن، یەك لە سەدی ئەوەندەی لەگەڵ ئەوان راشکاون و زانیارییان پێ دەدەن، لەگەڵ رۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی خۆمان وانین. هەتا ئێستا میدیای ئێمە هێچ رۆڵێکی نەبووە، لە هەموو ئەو تەنگژانەی کە لە نێوان هەرێم لەگەڵ تورکیا و ئێران و بەغداد هەتا لە خودی چارەنوسی هەرێمیش بەشداری نەکردووە. هەتا ئێستا رۆژنامەگەری ئێمە تەنها هەندێك شت دەجووتەوە کە لەوانەیە لە میدیاکانی دەرەوەی وەرگرتبێت. من بۆ ئەوەی شتێك لە چارەنووسی ئەو تەنگژانە بزانم کە پەیوەستە بە وڵاتی من لە هەرێمەکەی ئێمە لەم باشووری کوردستانە بۆ خۆم پەنا بۆ میدیاکانی دەرەوە دەبەم جا چ ڕۆژنامە بێت یان تەلەفزیون بێت یا رادیۆ . ئەوان ئەوەندە بەوردی ئاگاداری ئەو بارودۆخەن کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، منی هاوڵاتی و رۆژنامەنووس و کارمەندی بواری میدیا ئاگام لەو شتانە نیە ، بەو واتایەی ئێمە لەدەرەوەی بازنەی ئەو زانیاری و تەنگژانەین کە روودەدەن لە وڵاتی ئێمە و لە بناگوێمان هیچ ئاگایەکمان لێ نیە. بۆ نموونە ئێمە هیچ نازانین دەرباری ئەو کێشەی کە بەم دواییانە لە خانەقین و دەڤەری گەرمیان رووی دا ئێمە تەنها ئەوەندە دەزانین کە هەندێك هەڵە رووی داوە ، ئەو هەڵانەش شتێکی ئەوها ئاسایی نین کە بە ئاسانی بەسەریان تێپەر بین. من پێم وایە زۆر ترسناکن. زەنگێکی مەترسی دارن هێچ نەبێت دەبێت ئێستا دەسەڵات لەگەڵ جەماوەرەکەی خۆی راستگۆتر بێت لە پێشوو بۆ ئەوەی ئێمە بزانین کە چ دەکرێ. نازانم هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە سەرکردایەتی ئێمە دەچن لە بەغداد یان ئەوان دێنە ئێرە . ئەم هەموو کۆبوونەوانەی ساز دەکرێن هەموو بە ئیجابی وەسف دەکرێت . هەتا ئێستا هەزاران کۆبوونەوە ئەنجام دراوە هەموو بە ئیجابی وەسف کراوە . ئێستا ئێمە بینیمان دەستمان لە بنی هەمانەی هەموو کۆبۆنەوەکان دەرچوو بەبێ ئەوەی هێچ ئەنجامێکی ئیجابی هەبێت . ئەوەتاحکومەتی بەغدا دیسان لێمان هەڵگەڕاوەتەوە و بە عەقلیەتی رژێمی پێشوو کارمان لەگەڵدا دەکات.

**** پێت وایە حکومەتی عێراق قەت نابێتە ئەو حکومەتە یەکگرتووە یان هەر سیستەمەکەی پێشوو بەکاردەهێنرێت ؟ بۆ نموونە هەر وەکو ئاماژەت پێدا لە هەموو کۆبوونەوەکان هاتینە دەرەوە بە بێ هیچ ئەنجامێک ؟ باشە ئەگەر کورد ئەو تەباییە و یەکبوونەی لە عێراق نەکردایە ئێستا وەزعی چۆن دەبوو؟***

ـ کورد گەورەترین هەڵەی ئەوە بوو چوو لە بەغدا شتیکی دروست کرد بەناوی عێراقی نوێ . ڕەنگە ئێمە رژێمێکی ترمان دانا ناومان لێنا عێراقی نوێ . بەڵام عەقلیەتی نوێ دروست نەبوو، چونکە هەمان ئەو توخمانە و هەمان ئەو بۆ چوونە بۆ گەنە شوڤینیانەن کە ئێستا لەوێ دانیشتوون و چارەنووسی منی کورد لێرە دیاری دەکەن . کورد دەبێت بگاتە دەرئەنجامێك و قەناعەتێك کە دەبێت خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات . ئەگەر نا چارەنووسی من هەر لەدەست ئالح متلەگ و خلف علیان و حارس زاری و مالیکی و سستانی

بێت، هێچ کاتێك کورد ناگات بە چارەنووسی خۆی ئەوەی کە خەونی پێوە دەبینێت . ئێمە لە شوێنی خۆمان وا لەناو بازنەیەکی بەتاڵدا دەسووڕێینەوە . سبەی ئەو رژێمەش بڕوات هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕێ. ئێستاش دڵمان بەوە خۆش کردووە کە کودەتایەك ڕووبدات مالکی لەسەر کار لابچێت . زەمانی ێدام ئێمە ساڵەهای ساڵ چاوەڕێی کودەتایەك بووین ێدام لاببات . ئێستاش وا هەمان شت چاوەڕێ دەکەین مالکی لەناو بچێت. ئەوە مالکیش لەناو چوو، چی ڕوو دەدا؟ خۆ بەر لە مالیکیش ئەزموونی عەللاوی و جەعفەریمان هەیە. ئێمە باس لە عەقلیەتی عەرەبی شوڤێنی دەکەین کە لە بەغداد لەنێو ناچێت. ئەوە شتێکی مەحاڵە لەناو بچێت ، بۆیە ئێمە دەبێت ڕێگایەکی تر بۆ خۆمان دابنێین سنورێك دابنێین. من لەسەرەتاشەوە گوتوومە دەبێ کارێك بکەین لە

***کوردستان یان مادەی۱۴۰ایارییەکە بە عەقلی کورد دەکرێت ؟***

ــ کەرکوك لەلایەك گەمەیێکی گەورترە لە ئەو شێوازە سیاسەتەی کە ئێمە پەیرەوی دەکەین . لەلایەکی تریش من پێم وایە هەروەکو سیاسەتمەداران دەڵێن پارویەکە بە زەحمەت لە گەرووی ئێمە دەچێتە خوارێ لەبەر ئەوەی کەرکوك هاوکێشەیەکی عەرەبی و جیهانیە و هەموو وڵاتانی عەرەبی و با بڵێین نیشتمانی گەورەی عەرەبی لەسەر ئەو رایەن کە کەرکوك شارێکی عەرەبیەو سامانەکەشی سامانێکی عەرەبیە . من پێم وایە هەتا وەکو ئێمە بچین لە بەغداد گفتۆگو لەگەڵ خەڵکانێك بکەین کە لە بەغداد بەناوی حکومەت فەرمانرەوایی دەکەن لەسەر کەرکوك کاتی خۆمان بە فیرۆ دەدەین . دڵنیاشم لەوەی دەسەڵاتی خۆمان دوور بینترن لەو مەسەلانە و ئەو شتانە زۆر بەجوانی درك

چی دەکەین. ئەوەی ئێمە دەکەین کوتانی ئاسنی ساردە و هەروا هەموو بەرنامەکانی تریشمان لەناو کوردستان بلۆك دەکەین و دەیخەینە لایەکەوە. چونکە پێدەچێت هەموو بەرنامەکانمان هەڵپەساردبێ بۆ ئەوەی تەنها ئیش لەسەر کەرکوك بکەین. ئیش کردنیش لەسەر کەرکوك ماوەیەکی زۆری دەوێت هەر وەك ئەم هەموو ساڵەی لێمان بە فیرۆداوە وە دەیان ساڵی تریشمان لێ بەفیڕو دەدات بەبێ هیچ ئەنجامێك . ئەو قەرەبووکردنەوەیەش حەماسەت و ئینتیمای لەناو خەڵکی دا کوشت. ئەو دەڵێ من دە ملیۆنەکەی خۆم وەرگرت خوای دەکرد کەرکوك و مەخموور و شێخان ئاو دەیبردن! ئێستا تۆ دەبینی کە حکومەت نەپەرژاوەتە سەر کەم و کورتیەکانی خەڵك ئەوەی کە پەیوەستە بە کارەبا ، نەوت و

# بە داخەوە من پێم وایە ڕاگەیاندنی ئێمە زیاتر تووشی چەواشەکاریمان دەکات تاوەکو زانیارییەکمان پێ بگەیێنن.

کوردستانی خۆمان دابنیشین و ماڵی خۆمان رێك بخەینەوە، سنووری خۆمان رێکبخەین. ئیتر میللەتی خۆمان ئامادەیە قوربانی بدات بۆ ئەوەی کۆتایی بەم هەموو ڕێگا پێچاوپێچ و درێژە بێت . کە ئێمە کیسەڵ ئاسا بۆی دەڕۆین و پێیناگەین.

**** ئایا پێت وایە ماڵی کورد تا ئێستا ڕێک کەوتۆتەوە؟***

ــ من پێم وایە لەرووی پرسە ستراتیژیەکانەوە بەڵێ پەندمان لە کەم و کوڕییەکانی رابردوومان وەرگرتووە. ئێمە ئەگەر ئێستا سەیری شەقامی کوردی بکەین ، گوێ لە ئێستای شەقامی کوردستان بگریت لە باشوور، جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە لەگەڵ چوار ساڵ و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا. کە هەڵچوونی حزبایەتیمان هەتا لوتکە بوو. ئێستا ئەو شتەمان نەماوە . لەرووی ستراتیژییەوە تەبایێکی یەکجار زۆر هەیە من وای دەبینم . یەك دەنگیەیەکی زۆر جوان هەیە . ئەگەر بێتو سوود لەو تەباییە ستراتیژییەی دەسەڵاتی کورد و حزبەکان وەربگرین و تێکەڵی بکەین بە جەماوەر و دەنگی شەقام من پێم وایە ئەو ڕێگا درێژ و ناهەموارە، کورت دەبێتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانمان.

**** ئایا کەرکوک دەکەوێتەوە سەر سنووری***

پێدەکەن . کەرکوك کاتێکی زۆرمان لێ دەکوژێت بەبێ ئەوەی بگەینە هیچ چارەسەرێك و ئەنجامێك . ئێستاش وا دەرکەوتووە خودی مالکی کۆسپ دەخاتە سەر ڕێگای مادەی ١٤٠وە لەپەرلەمانیش بۆ ئەوەی دیسان دەست بە پیلان گێڕی خۆیان بکەن و موئامەرەیەك بدۆزنەوە. بۆ ئەوەی هەر لەبنەرەتدا ئەو مادەیە بسڕنەوە لەناو دەستوور، چونکە زۆر پەشیمانن کە ئەو مادەیە خراوەتە ناو دەستور. وە مەسەلەی کەرکوکیش تەنها بە سیاسەتێك کە پاڵپشتی لە هێز وەربگرێت رەنگە چارەسەر بکرێت . بەڵام بە سیاسەت و گفتوگۆ من پێم وایە هەزار ساڵی تریش ئێمە پێمان ناکرێت کرکوك بخەینەوە سەر کوردستان . کورد دەبێ ئاراستەی گەمە سیاسییەکە بەرەو شێوازێکی تر بگۆڕێ. ئەو پشوو درێژییەی ئێمە لە گفتوگۆ لەگەڵ بەغداد هەمانە زۆرمان کات و دەسکەوت لە کیس دەدات. هەر عەرەبێك لە بەغدا حوکمڕانی بکات، شیعە بێ یان سوننی، بە پێودانگی سەدامیکی عەرەبی بەرخوردمان لەگەڵ دەکات. تا هەزار ساڵی تریش ئێمە هاوار بکەین عێراقین، ئەوان بە عێراقیمان نازانن. چونکە عەگالمان لەسەر نیە و بە عەرەبی قسە ناکەین. ئێ کەوا بێ چاوەڕێی

غاز و سیستەمێکی جێگیر بۆ بازار . ئێستا هاوڵاتی نازانێت داهاتی چەندە و خەرجی چۆنە و، سیستەمی کومەڵایەتیمان زۆر بێ سەروبەرەو هەموو ئەو شتانە هەڵپەسێردراوە وەك ئەوەی چاوەڕێی موعجیزەیەك بکەین کەرکوك بگەرێنینەوە سەر کوردستان . من پێم وایە ئیش لە بەرنامەکانی تر بکرێت و شێوازێکی تر ئیش لەسەر کەرکوك بکرێت باشترە. ئەوەندەش گەشبین نیم کەرکوك بەم جۆرە ئیشکردنە بەم ئاسانیە و بە ماوەیەکی کورت بگەرێتەوە سەر کوردستان. مەبەستم ئەوە نیە واز لە کەرکوك بهێنین. چونکە ئەو شارە بۆتە ڕەمز و هێما بۆ ئێمەی کوردو، لە ڕووی جوگرافیشەوە لەناو سنووری باشووری کوردستانە. کەواتە وازهێنان لە کەرکوك چاوپۆشینە لە بەشێکی خاکی وڵات کە ئەمەش مەحاڵە بکرێت. بەڵام دەکرێ واز لەم منجەمنجە بهێنین و ڕێگایەکی قەد برتر و کورتتر بدۆزینەوە. چونکە کات دەڕوات و ئێمە هەروا جاڕی فیدراڵی لێ دەدەین کە ئەویش وا خەریکە لە ناو سیستەمی عەولەمەدا دەتوێتەوەو دەبێتە چەمکێکی کۆن و ئێکسپایەر.

# شۆڤینیەکانی عیراق نەک نایانەوێت دۆزی کوردستان چارەسەربکرێت بەلکو گەر هێزیان هەبێت هەبوونی کوردستانیشیان قبول نیە

دیمانە : سروە



**پارتی نیشتمانی کوردستان PNK خاوەن پێگە و جەماوەری خۆیەتی، کادیر و ئەندامانی ئەو پارتە هەڵسوڕاون و بەڵام تاکو ئێستا لە لایەن حکومەتەوە رێگەپێدراونین کە بارەگا بکەنەوە بۆ ئەم مەبەستە بە باشمانزانی دەربارەی رەوشی سیاسی کوردستان و پارتی نیشتمانی کوردستان دیدارێکی تایبەت لە گەڵ بەرێز (بێکەس حەمەد قادر) سکرتێری پارتی نیشتمانی کوردستان PNK ئەنجام بدەین.**

**▪هەلومەرجی ئەمڕۆی سیاسی کوردستان چۆن دەبینی؟**

▪بێکەس حەمەد قادر:. ئەمڕۆی رەوشی سیاسی کوردستان، رەوشێکی دژوارە دوژمنان و داگیرکەرانی دۆزی گەلەکەمان لە هەموو لایەك خەریکی پیلانن بۆ لە نێو بردنی تەجرەبەی باشوری کوردستان لایەنی عەرەبی عێراقی کە تازە خەریکی بەسەرپێکەوتنن هەموویان کۆکن لەسەر ئەوە کە کورد وەك پلە دوو سەیر بکەن باشترین نمونەش جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ و دەنگدانیان بۆ یاسایی ٢٤ و دواتریش هێنانی هێز بۆ خانەقین ئەمانە و کۆمەڵێك پیلانی تر چ لە دەرەوە و چ لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان شەو ورۆژیان لێکداوە بۆ لاوازکردنی کورد و شێواندنی رەوشی کوردستان .

**▪هۆکارەکەی بۆچی دەگێڕنەوە؟**

▪بێکەس حەمەد قادر:. هۆکار زۆرن بۆ نمونە کاتێك سەدام کەوت و دەوڵەتی عێراق هەڵوەشایەوە دەبوایە کورد ئەوەندە بە پەلە قورسایی خۆی نەخستبایە گەڕ و ئەو هەموو هێز و توانایی خۆشی بۆ دروستکردنەوەی عێراق بەکار نەبردبا، چونکە تەجرەبە دەریخست تا ئێستا عەرەبی عێراقی هیچ گۆڕانێك بەسەر عەقلیەتی دانەهاتووە و (شۆڤینیەکانی عێراقیش نەك نایانەوێت دۆزی کورد چارەسەر بکرێت بەڵکو گەر هێزیان هەبێت هەبوونی کوردستانیشیان قبوول نیە) جیا لەوەش سەرکردایەتی سیاسی کوردیش

ناكرێت ئەوەندە نەرمی بنوێنیٚ و پێی وابێت عێراق دەبێتە وڵاتێكی دیموكرات و پڕتەناهی، چونكە دەوڵەتی عێراق خۆی لەسەر خوێن راوەستاوە و بەدرێژایی مێژووش هەمیشە بە كودەتا و خوێن ریشتن دەسەڵات لە عێراق دەستا و دەست كراوە، بۆیە گەلێكی ئازادیخواز و داگیركراوەی وەك كوردستان ناكرێت تاسەر تەنها كار بۆ ئەوە بكات لە چوارچێوەی ئەم عێراقە بمێنینەوە، دەبێت دەسەڵاتی سیاسی كوردستان پارت و لایەنە سیاسیەكان كار بۆ ئەوە بكەن كە شەڕی گەورەیان لە پێشە ئەویش شەڕی دیاریكردنی سنوور و گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی تاكو ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر باشووری كوردستان ئەو شەڕەش ئەگەر ئەمڕۆ نەیكەین بەیانی هەردەبێت بیكەین تاكو دەوڵەتی عێراقیش بێ هێز و لایەنەكانی عێراقیش ناكۆك بن باشترە نەك سبەینیٚ عێراق بەسەر پێی بكەوێتەوە و ببێتە خاوەن هێز، چونكە قۆناغی ئێستا قۆناغی راكردن نیە بۆ شاخ، ئەگەر تەنها شەڕی جەماوەری و شەقامی كوردی و خەباتی مەدەنی بكەین بەسە بۆ ئەوەی شەڕەكە ببینەوە.

**·دەنگۆی ئەوە هەیە كە پارتی نیشتمانی كوردستان PNK فشاری لەسەرە تا چەند ئەوە راستە؟**

·بێكەس حەمەد قادر:. بەر لە هەموو شتێك پارتی نیشتمانی كوردستان ئەوڕۆ نیە دامەزراوە و لە ساڵانی رابردووش ئەو فشارانە هەر هەبوونە بەڵام هەرجارە و بە بیانویەك، راستە بیانوی ئەمجارە مەسەلەی ئینشقاق بوو بەڵام بە جیابوونەوەی ئێمە خۆ دونیا خراپ نەبوو!!؟ ماوەی ساڵ و نیوێك زیاتر سەرەتا بە بیانووی سەیر سەیر هەر لە بانگ كردنی ئاسایش و دواتریش وەزارەتی ناوخۆ و هەتا لەسەر رۆژنامەكەمان سكاڵامان لە سەر تۆمار كراوە و دادگایش كراین، بەڵام بەڵگەكانی ئێمە یاسایی بوون دەنا رۆژنامەكەشمان دادەخرا، تاكو رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٩ لە هەولێری پایتەخت بارەگای مەكتەبی سیاسی پارتمان لە لایەن ئاسایش داخراو دەستی بەسەرداگیرا ئەریٚ ئەگەر ئەوە فشار نەبێت ئەدی فشار چییە؟

**·بەڵام لە كوردستان خەڵك لە كاری سیاسی و حیزبی ئازادە تا ئێستا لە سەر كاری سیاسی كەس نەگیراوە و بارگە و بارەگای حیزبەكان هەندە زۆرن لە ژمار نایەن بۆ تەنها ئێوەن ئازادنین لە كردنەوەی بارەگا؟**

·بێكەس حەمەد قادر:. دەكرێت ئەو پرسیارە لە لایەنی بەرپرس بكەیت، ئێمەش پێمان سەیرە كە چەندین بارەگای حیزبی عەرەبی و عێراقی توركمانی و ....هتد، هەن حیزب هەیە بارەگای لە هەولێر هەیە و بڕواشی بەوەنیە كە وڵاتێك هەبێت بە نێوی كوردستان، كەچی بۆ ئێمە كردنەوەی بارەگا بقەیە؟!

**·هەوڵتان نەداوە لە گەڵ حكومەت یان دەسەڵات ئەو مەسەلە چارەسەر بكەن؟**

·بێكەس حەمەد قادر:. بەڵێ هەوڵ زۆر دراوە بەڵام تاكو ئێستا ئەم دیواری كۆنكریتەی هەیە بواری ئەوە نەبووە لە نزیكەوە دیالۆگ و كۆبوونەوە هەبێت بۆ چارەسەركردنی ئەم مەسەلەیە، دیارە ئەوەش مەزاجی چەند كەسێكە كە نامەوێت لێرە ناویان بهێنم.

**·ئەگەر بیانوو مۆڵەتە بۆ جارێكی تر هەوڵی وەرگرتنی مۆڵەت نادەن؟**

·بێكەس حەمەد قادر:. وەك لە سەرتا ئاماژەم پێدا ئێمە ئەمڕۆ نیە دامەزراوین بەڵكو وەك هەر هێزێك ئێمە لە كۆنفرانسی سێیەم كە لە ٢٠٠٧/١١/٩ بە شێوەیەكی یاسایی بە ئامادەبوونی دادوەر ناوی حیزبمان گۆڕی بۆ وەرگرتنی مۆڵەت ئەو رێگایانەشمان گرتەبەر ئەو بەڵگانەی لای ئێمەن لە رووی یاسایی كە داوای مۆڵەتمان كردووە بە هەموو مەرجو پێوەرێك دەبوایە مۆڵەتی یاسایمان وەرگرتبوایە بەڵام دیسان دەڵێم مەزاجی چەند كەسێك رێگرە لەبەردەم كار و چالاكی سیاسی پارتی نیشتمانی كوردستان.

**·ئێستا رەوشی حیزبتان چۆنە؟**

·بێكەس حەمەد قادر:. (رەوشی ناوخۆی پارتمان لە هەموو كاتێك پتەوترە و یەكێتی فیكری هاورێیانمان لە هەموو كاتێك بەهێزترە)، لق و كۆمیتە و مەكتەبەكانمان لە شار و شارۆچكەكان كار و چالاكی رێكخستن دەكەن و لە چالاكی جەماوەریش كادر و ئەندامانمان لە هەموو كاتێك چالاكتر و هەڵسووڕاوترن، نمونەش خۆپیشاندانەكانی ئەم دوایەی خانەقین و كەركوك و سلێمانی و هەولێر و شوێنەكانی تر بەشداری بەرچاویان هەبووە.

**·پێتوانیە دەسەڵاتی كوردی هیچی بۆ كەركووك نەكردبێ؟**

·بێكەس حەمەد قادر:. بەرای ئێمە كەركوك دۆزێكی گەورەیە، كەركوك سەدان قوربانی بۆ دراوە، كەركوك هەمیشە دروشمە سەرەكیەكانی شۆڕش و راپەرینەكان بووە، دۆزی كەركوك شتێكە لە جەستەی كورد دانابڕێت، ئێمە ئەگەر باس لە كەركوك بكەین من سەركردایەتی كورد بە بەرپرسی یەكەم دەزانم كە بە هەق ئەو ململانێیەی سەرەتا لە سەر حزبایەتی لە كەركوك كرا كە هەریەك و دەیویست ببێتە دەسەڵاتی یەكەم كەركووكمان والێكرد ناچارین ئێستا بە دەستوور و یاسا و ریفراندۆم لە سەر كەركوك بكەین بۆ گێڕانەوەی دەبووایە لە سەرەتای كەوتنی سەدام دەستمان بەسەر كەركووكدابگرتبایە و سنوركمان دیاری بكردبووایە و ئەو سەرەی ئێستای نەدەویست پێشموایە ماف دەستێنریٚ نادریٚ.

**·توركیا جارێكی تر دەیەوێت دەخالەتی باشووری كوردستان بكات، هەڵوێستی ئێوە چیە؟**

·بێكەس حەمەد قادر:. هەركاتێك ئەزمەیەك یان كێشەیەك هەبێت، توركیا بە بیانۆی لێدانی PKK سنووری ئاسمانی و زەمینی دەبەزێنێت و شاخ و گوندەكانی كوردستان بۆم باران دەكات و زەرە و زیانی گیانی و ماددی زۆر لە ناوچە سنوریەكان دەدات، توركیا نایەوێت رەوشی باشووری كوردستان ئارام بێت ئەو پێشكەوتنانەی لە كوردستان بەد دەكرێت توركیای هار كردووە و ئۆقرەی نەماوە شەڕی PKK توركیا لە باكووری كوردستانە كەچی توركیا هەڕەشە لە باشوور دەكات، ئەو مەرامەی توركیا هەیەتی لە نێوبردنی تەجرەبەی باشووری كوردستانە و هیچی ترنا.

# «فۆربس» سەد ئافرەتی بەهێزی دونیا لە سالی ٢٠٠٨ بلاودەکاتەوە...

ئا:هیدایەت سالح




بلاوکراوەی ئەمریکی «فوربس» بۆ سێ سالی بەردەوام (ئەنجێلا مێرکل) سەرۆك وەزیرانی ئەلمانیا وەك بەهێزترین ئافرەتی دونیا ناوزەدکرد. (فۆربس) کە بۆ ٥ سالی بەردەوام هەولی بلاوکردنەوەی بەهێزترین ئافرەتانی دونیای کردووە, لەو ڕێزبەندیە کەسانێك ڕێکابەرایەتی پیاوان دەکەن کە لە پوستەکانی گرینگ و هەستیاردانە. «فۆربس» لە ڕاپۆرتی خۆیدا نووسیوە ئەو سەد ئافرەتەی کە لەم لیستەدان بە تێکرا سەرمایەی نزیك بە (٢٦) تریلیون دۆلار لە کونترولیاندایە و لە میانەی ئەوەشدا (٥٤)یان بەڕێوەبەری بازرگانین و (٢٣)یان سیاسەتمەدار و ئەوانی تر وێنەکانی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانن.خالێکی تر ئەوەیە کە ٤٥٪ ئەو ئافرەتانە لە دەرەوەی سنورەکانی ولاتی ئەمریکادانە.

١)«ئەنجێلا مێرکل» سەرۆك وەزیرانی ئەلمانیا سیاستمەداری ئەلمانی خەڵکی ئەلمانیای ڕۆژهەڵاتە و لە (٢٢) نوامبەری سالی ٢٠٠٥ بۆ پۆستی جێگری (گرهارد شرودر) سەرۆك وەزیرانی کۆماری فێدرالی ئەلمانیا دەسنیشانکرا. ئەو یەکەمین ئافرەتە کە بۆ ئەم پۆستە دانراوە و ئێستا بەهێزترین ئافرەتی دونیایە.دکتورای فیزیای هەیە لە زانکۆی (لایپزیگ).لە سالی ١٩٩٨ لەگەل پرۆفسورێکی کیمیا ژیانی هاوسەرایەتی پێك هیناوە و منداڵیشی نییە.بەڵام پێشتریش لەگەل پێسپورێکی فیزیا زەواجی کردبووە کە لە سالی ١٩٨٢ لەیەك جیابوونەوە.

)«شیلابیر» بەڕێوەبەری گشتی کومپانیای بیمەی فێدرالی ئەمریکا.

٣)«ئیندرانویی» بەڕێوەبەری گشتی (پێپسی کوڵا).

٤)«ئانجلا رالی» بەڕێوەبەری گشتی کومپانیای بیمەی (ول پونیت).

٥)«سینتیا کارول» بەڕێوەبەری گشتی کومپانیای (ئەنگلو ئەمریکن) لە لەندەن.

٦)«ئایرن روزنفلد» بەڕێوەبەری گشتی کومپانیای (کرفت فود)ی ئەمریکی.

٧ )«کوندالیزا رایس» وەزیری دەرەوەی ئەمریکا.

{رایس (٦٦)مین وەزیری دەرەوەی ئەمریکایە کە وەك یەکەمین ئافرەتی ڕەش پێست, دووەمین هاولاتی ئەفریقی_ ئەمریکی دوای «کالین پاول» و دووەمین ئافرەتە دوای «مادلین ئالبرایت» وەزیری دەرەوەی کابینەی «کلینتون».لە قۆناغی یەکەمی سەرۆکایەتی جورج بوش ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بووە و پێش ئەویش پرۆفسوری بەشی زانستە ڕامیاریەکان بووە لە زانکۆی (ئێستنفورد).جێگە لە زمانی ئینگلیزی شارەزایی تەواوی هەیە لەسەر زمانی (روسی,ئەلمانی,فەرانسەوی و ئیسپانیایی).تەك منداڵی خێزانەکەیە.

٨)«هوچینگ» هاوسەری سەرۆك وەزیرانی سەنگاپور, بەڕێوەبەری گشتی (تماسك هولدینگز).

٩)«ئان لورژون» بەڕێوەبەری گشتی کومپانیای ئەتۆمی (ئاراوا), سێیەمین ئافرەتی بەهێزی ئەرۆپا و یەکەمین ئافرەتی بەهێزی فەرانسا.

١٠)«ئانە مولکاهی» بەڕێوەبەری گشتی کومپانیای (کوپی).

# لادانی کۆمەڵایەتی

**و: زیرەک عەبدوڵڵا**

ئەم زاراوەیە (Social Deviance) بەکاردەهێنرێت بۆ روونکردنەوەی ئەو رەفتارەی کە ناگونجێت لەگەڵ ئەو بەها و پێوەر و نۆرم و ترادسیۆنە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگا لە دیاریکردنی رەفتاری تاکەکانی پشتی پێدەبەستێت.

توێژینەوە تیۆرییەکانیش لەبارەی لادان بەردەوام جەخت دەکەنە سەر رەفتاری نائەرکی و رەفتاری شاز، کە دژپێکە لەگەڵ حوکمە کۆمەڵایەتی و نەریتییە پێویستەکان بۆ پرۆسەی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە سیستەم، یاخود کۆمەڵ.

بەپێی بۆچوونی زانا (ام. کلنارد) رەفتاری لادراو ئەو رەفتارەیە کەوا نارەزایەتی و توڕەیی کۆمەڵایەتی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا دێنێتە ئاراوە، ئەمەش لەبەر بەرەنگاربوونەوەی نەریت و ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی.

ئەو توێژینەوە تیۆرییە چاکانەی کەوا هەر یەکە لە (تۆماس هۆبز و سیکمۆند فرۆید) لەبارەی رەفتاری لادراو سازیانداوە، جەخت لەوە دەکەن کە رەفتاری لادراو هیچ نییە جگە لە ململانێیەك لە نێوان ئارەزوو و حەز و پاڵنەرەکانی تاك لەلایەکدا، ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و رەفتارییە کەوا کۆمەڵگا، یاخود کۆمەڵەکە پشتی پێدەبستێ لەلایەکی دیکەدا. لادانیش هیچ نییە جگە لە دەرەنجامی ئەوەی کە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نەیانتوانیوە پاڵنەرە سروشتییە شاردراوەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ بکەن.

بەڵام لەلایەکی دیکەدا ئێمە سەرنج دەدەین کە ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییە نوێیەی کە (رۆبەرت میرتۆن) لە کتێبی (تیۆری کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵایەتی) گوزارشتی لێکردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە رەفتاری لادراو لەو کارلێککردنانە دێتەبوون کە دەکەونە نێوان دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان.

ئەم زاراوەیە (Social Deviance) بەکاردەهێنرێت بۆ روونکردنەوەی ئەو رەفتارەی کە ناگونجێت لەگەڵ ئەو بەها و پێوەر و نۆرم و ترادسیۆنە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگا لە دیاریکردنی رەفتاری تاکەکانی پشتی پێدەبەستێت.

توێژینەوە تیۆرییەکانیش لەبارەی لادان بەردەوام جەخت دەکەنە سەر رەفتاری نائەرکی و رەفتاری شاز، کە دژپێکە لەگەڵ حوکمە کۆمەڵایەتی و نەریتییە پێویستەکان بۆ پرۆسەی یەکانگیری کۆمەڵایەتی لە سیستەم، یاخود کۆمەڵ.

بەپێی بۆچوونی زانا (ام. کلنارد) رەفتاری لادراو ئەو رەفتارەیە کەوا نارەزایەتی و توڕەیی کۆمەڵایەتی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا دێنێتە ئاراوە، ئەمەش لەبەر بەرەنگاربوونەوەی نەریت و ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی.

ئەو توێژینەوە تیۆرییە چاکانەی کەوا هەر یەکە لە (تۆماس هۆبز و سیکمۆند فرۆید) لەبارەی رەفتاری لادراو سازیانداوە، جەخت لەوە دەکەن کە رەفتاری لادراو هیچ نییە جگە لە ململانێیەك لە نێوان ئارەزوو و حەز و پاڵنەرەکانی تاك لەلایەکدا، ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و رەفتارییە کەوا کۆمەڵگا، یاخود کۆمەڵەکە پشتی پێدەبستێ لەلایەکی دیکەدا. لادانیش هیچ نییە جگە لە دەرەنجامی ئەوەی کە ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نەیانتوانیوە پاڵنەرە سروشتییە شاردراوەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ بکەن.

بەڵام لەلایەکی دیکەدا ئێمە سەرنج دەدەین کە ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییە نوێیەی کە (رۆبەرت میرتۆن) لە کتێبی (تیۆری کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵایەتی) گوزارشتی لێکردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە رەفتاری لادراو لەو کارلێککردنانە دێتەبوون کە دەکەونە نێوان دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان. ئەو پێگانەی کە تاکەکان دەیانبێت رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان، بەڵام بوونی ئەو پێگانە پشت بە ئاستی سەرکەوتنی تاکەکان لە کارەکانیان دەبەستێت، وەلێ هەمیشە کارەکان بەسەر تاکەکاندا بەشێوەیەکی دادپەروەرییانە و شەرعییانە دابەش ناکرێت، واتا لە دەستەبەرکردنی ئامانجەکان و دەستکەوتنی پاداشت هەلی یەکسانیان پێنادرێت، هەر لەبەر ئەمەش رێژەی رەفتاری لادراو بەرز دەبێتەوە لە نێوان ئەو تاکانەی کە کۆمەڵگا هەلی تەواو و بارودۆخی گونجاویان بۆ نارەخسێنێت لە دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانەی کە کۆمەڵگا بە باش هەڵیدەسەنگێنێ.

تێبینی دەکەین لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا سیستەمێك هەیە کە پشتی پێدەبەسترێت و پلەبەندکراوە بە پاداشت و ئامانجەکان، چونکە ئەو تاکەی کە تێدەکۆشێت لە پێناو سەرکەوتندا، هەروەها لە تێکۆشانەکەشیدا پشت بەو رێگە شەرعییانە دەبەستێت کە کۆمەڵگا بڕیاری لەسەرداوە، ئەوا بۆ بەردەوامبوونی لەسەر ئەو کارە هاندەدرێت، تاوەکو کۆمەڵگا ئەو پێشکەوتنە بەهەند هەڵبگرێت و رێزی بۆ دابنێت، بەڵام زۆر جەختکردنەوە لەسەر دەستەبەرکردنی ئامانجی دیاریکراو، وەکو وەرگرتنی مووچە، یاخود کرێی بەرز کە یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ و رێز، لەوانەیە پاڵنەرێك بێت بۆ دەرکەوتنی حاڵەتێك کە تیایدا خوو و ترادسیۆن و نەریتەکان نەتوانن رەفتاری تاك کۆنترۆڵ بکەن، هەروەك ئەو حاڵەتەی کە پەنابردنی هەندێك لە تاکەکان بۆ شێوازی نائەخلاقی لە دەستکەوتنی ماددە، وەکو دزینی پارە و گەندەڵیکردن لەلایەن هەندێك تاکەکانەوە. ئەو کردەوانەی کە ئاماژە بۆ رەفتاری لادراو دەکەن و لەگەڵ ئاکار و خووی کۆمەڵگا بەیەکەوە ناگونجێن، بەڵام سیستەمی کۆمەڵایەتی کەوا پلەیەکی بەرز لە پێشبڕکێ لە نێوان تاکەکانیدا هەیە، حەتمەن دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەند حاڵەتێکی جیاواز لەرەفتاری لادراو، بەناوبانگترین حاڵەتی سووکەتاوانی کۆمەڵایەتی. بەڵام (میرتۆن)ی زانا سێ حاڵەت لەیەکتر جیادەکاتەوە کە مرۆڤ لە میانەیەوە پاڵپێوەنراو دەبێت بۆ کەمکردنەوە و داشکاندنی رێژەی ئەو بێهیوایەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆتە هۆی دروستبوونی، بەتایبەتیش ئەگەر هاتوو تاك لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە بچەوسێندرێتەوە.

ئەو سێ حاڵەتەش بریتین لە حاڵەتی دەستگرتن بەسرووت، واتا پابەستبوونی رەها بە حوکمە کۆمەڵایەتییەکان و خۆبەستنەوە بە ئامانجەکانی کۆمەڵگا. هەروەها حاڵەتی گەڕانەوە، واتا رەتکردنەوەی ئامانجە شارستانییەکان و رێگەکانی گەیشتن پێی. دواهەمینیش حاڵەتی شۆڕشگێڕییە، واتا وەڵامدانەوەی کۆمەڵگا و بەرەنگاربوونەوەی بەها و پێوەرەکەی.شایانی باسە توێژینەوە ئەزموونییەکان بۆ لادانی رەفتاری و کۆمەڵایەتی، لە ئێستادا ئاراستە دەکرێت بەرەو توێژینەوەی کێشە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانی وەك تاوان و سوکەتاوان و خواردنی ماددەی بێهۆشکار و خۆکوشتن و سێکسکردنی ناشەرعی (زنا) و تەڵاق و ململانێی مەزهەبی و رەگەزپەرستی...هتد.

# ئاساییە کە وەزیری رۆشنبیری تیرۆرستە



سەنگەر زراری
sangarzrary@gmail.com

قسەی ئەوانە بە تەواوی راست دەرچوو، ئەوانەی لەساڵی (٢٠٠٣) و لە سەروبەندی جەنگی رووخانی رژێمی پێشوودا دەیانگوت: دیموکراسی لەسەر پشتی دەبابە ناچێتە هیچ وڵاتێك، ئەوکات.. ئێمە پێمان وابوو ئەوان کەسانی شۆڤینی و قین لە دڵن بۆیە وا دەڵێن، رەنگە واش بووبێ، رەنگە ئەوان بەهۆی شۆڤینیبوونیان وایان گوتبێ، بەڵام بەتەواوی وابوو، لەدوای ئەوساڵەوە تا ئێستا کە نزیکەی پێنج ساڵ دەکات، عێراق خێری لەخۆ نەدیووە، شەڕوشۆڕەکان نەبڕانەوە و خزمەتگوزارییەکانیش هەر نەگەیشتن. هەموو گروپ و لایەنە سیاسی و کاربەدەستەکانی عێراق خەریکی بیانووگرتن لەیەك و شەڕبەیەك فرۆشتن و بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر و پارەی زیاترن بۆخۆیان. کەس بەچاوی بەزەییەوە ناڕوانێتە میللەت. کارەباکە هەر نەهات، بایەعییەکە بەنارێکی و بە پچڕپچڕی هەیە، ئەوەندەی هەشە لەبەر خاتری چاوی میللەت نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە خێرێکی باشی بۆ ئەو کەسانە تێدایە کە خەریکی هێنان و سەودا و مامەڵەی ئازووقەکەن، ئەگەر ئەو خێرە نەبا، ئەوانیش نەیاندەهێنا.

دوای رووخانی رژێمی پێشوو راستەوخۆ «رزگارکەرە خۆماڵییەکان!!» دەستیانکردە دزی و بەتاڵانبردنی ماڵی خەڵکی هەژار، تا گەیشتە ئەو رادەیەی لێژنەی نەزاهە پێکهێنرا و کەوتنە دوای ئەوانەی کە لە حکومەتە کاتییەکان دەستیان بەدزیکردن کردووە، بۆ ئەوەی دەسگیریان بکەن.

ئەوشتە سەیرانەی لەم چەند ساڵە روویانداوە، سەدام و دارودەستەکەی رێگەیان پێ نەدەبرد. کەسانێك کە دوێنێ لەدەست زوڵم رایانکردبوو، دوێنێ بانگەشەی ئازادی و رزگارکردنی گەل و وڵاتیان دەکرد، ئەمڕۆ بەشێوەیەکی کاتی لەسەر کورسییەك دانران و پۆستێکیان خرایە بەردەست، نەیانتوانی بە پاکی و بەبێ دزیکردن بیپارێزن، ئەی ئەو کاتەی ئەو پۆستانە بەشێوەیەکی فەرمی و بە جیگیری، بۆیان دەسنیشان دەکرێ دەبێ چی بکەن؟!

سەرۆکی لێژنەی نەزاهە کە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی دروستکراوە، خۆی بە گەندەڵی تۆمەتبار کرا و لە لێژنەکە وەدەرنرا.

«ئەسعەد هاشمی» وەزیری رۆشنبیری یەکێك لە حکومەتە کاتییەکانی دوای سەدام، بەتۆمەتی کوشتنی دوو کەس، فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو.

چۆن لەم وڵاتە بێهیوا نابی کە وەزیری رۆشنبیرییەکەی، لەجیاتی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و بیری میانڕەوی و دوورکەوتنەوە لەتیرۆر و توندتیژی، خۆی بکوژ و تیرۆرست دەرچێت. سەرۆکی لێژنەی لەناوبردنی گەندەڵی، گەندەڵ دەرچێت؟!

ئەو کەسەش کە لە دەرەوە بۆ رزگارکردنی ئێمە هات «ئەمەریکا»، بەئاشکرا و بەبەرچاوی هەموو جیهان، لەجیاتی نەك دروستکردنی ئەو بەهەشتەی کە هاتبوو دروستی بکات، بەڵکو تەنها لە جیاتی نەهێشتنی شەڕوئاژاوەکان، خەریکی ئەوەیە چەك بە عێراق دەفرۆشێ.

بەپێی بۆندێك کە لە نێوان عێراق و ئەمەریکا مۆرکراوە، ئەمەریکا بایی (٣)ملیار دۆلار چەك دەفرۆشێتە عێراق، چەکەکانیش بریتین لە: تانك و فڕۆکە و هەلیکۆپتەر و مووشەك و... بڕیاریش وایە بایی (٧) ملیار دۆلاری دیکەی پێ بفرۆشێ، واتا بە کۆی گشتییەکەی دەکاتە نزیکەی (١٠) ملیار دۆلار، ئەم بڕەپارەیەش، زیاترە لە بودجەی کوردستان و بودجەی وڵاتانێکی وەکو سوریا و ئەردەن، ئەگەر ئەم پارە زەخمە لە کەرتێکی وەکو کارەبا سەرف بکرێت، بەدڵنیاییەوە کێشەی کارەبا بەتەواوی بنبڕ دەکرێت، یان چەند شارێکی ئەم وڵاتەی پێ ئاوەدان دەکرێتەوە. بەڵێ ئەو هێزەی هاتبوو وڵاتمان بۆ بکاتە بەهەشتی دیموکراسییەت و ئاوەدانی بکاتەوە، ئێستا بە فرۆشتنی چەك پارەکەمان لەژێر دەست دەردێنێ، بۆئەوەی یەکتری پێ بکوژین و شەڕوشۆڕەکان نەبڕێنەوە!!! ئاخر کە ئەو هەموو چەکەمان دەرخوارد بدەن، چۆن وەزیری رۆشنبیری تیرۆرست و سەرۆکی لێژنەی نەزاهەش گەندەڵ دەرناچن؟!!